## ئاگاداریەک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری بیناسازی

کۆمپانیای بەرێز بانگێشتی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەستافی کارکردنیان هەیە لەبواری دانانی ئاوو ئاوەرۆو کارەباو کاشی و لەبغ و گەچکاری دەتوانن سەردانی کۆمپانیا بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ خانووەکانی (گرین سیتی، بروا سیتی، چەرموو سیتی)

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی تەندەر (٢٠/٦/٢٠٠٩) یە.

ناونیشانی وەرگرتنی تەندەر :

ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای بەرێز/ سلێمانی.

کەمپی پرۆژەی چەرموو ستی/ چەمچەماڵ.

کەمپی پرۆژەی گۆران ستی/ هەڵەبجە.

کۆمپانیای بەرێز



# رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 488 پێنجشەممە 11/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.488 The 11/ 6/ 2009


## (٢٥) پەرلەمانتاری یەکێتیو پارتیو کۆمەڵو یەکگرتوو:

# پەرلەمان شەرعیەتی یاسایی نەماوەو ناکرێت تادوای هەڵبژاردن هیچ یاسایەک پەسەندبکات

رێبین فەتاح

(٢٥) ئەندام پەرلەمانی کوردستان، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن، لەئێستاوە تادوای هەڵبژاردن پەرلەمان هیچ یاسایەک جگەلە پەسەندکردنی بودجە پەسەند نەکات، چونکە ئەم پەرلەمانە «هیچ شەرعیەتێکی یاساییو جەماوەری نەماوە»و ئەندامێکی لیژنەی یاساییش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، ئەگەر پەرلەمان سووربێت لەسەر دەرکردنی یاساکان، رەنگە بەشداری کۆبوونەوەکان نەکەن.

لەیاداشتنامەیەکی تایبەتدا کە وێنەیەکی دەست رۆژنامە کەوتووەو ئیمزای (٢٥) ئەندام پەرلەمانی کوردستانی لەسەرەوەو دوێنێ ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمان کراوە، ئەو پەرلەمانتارانە پێداگیریی لەسەر ئەوە دەکەن، «لە (٦/٤)ەوە ماوەی ئەم خولەی پەرلەمان تەواوبووەو لەمە بەدواوە پەرلەمان هیچ شەرعیەتێکی یاسایی نامێنێت، ئەگەرچی بەبڕیارێکی پەرلەمان تەمەنی خولەکە درێژکراوەتەوە»، بەڵام وەک پەرلەمانتارەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، «پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە بۆ چوار ساڵ هەڵبژێردراوەو ناکرێت بەبڕیارێک ماوەکەی درێژبکرێتەوە».

لەبەشێکی دیکەی یاداشتنامەکەدا پەرلەمانتارەکان داوا دەکەن «جگەلە پەسندکردنی بودجە، پەرلەمان هیچ یاسایەکی دیکە پەسەند نەکات، چونکە هیچ حاڵەتێکی نائاسایی لەهەرێمی کوردستاندا نییەو بنەمایەکی سەرەکی دیموکراتیەتیش ئەوەیە پەرلەمانی هەڵبژێردراو ماوەکەی دیاریکراو بێت، کە بەپێی یاسا ماوەی پەرلەمان بەچوار ساڵ دیاریکراوە».

کوێستان محەمەد سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی سەوز، بەرۆژنامەی راگەیاند: یاداشتنامەکەیان دوای ئەوە دێت کە «پەرلەمان بەبڕیارێک ماوەی ئەم خولەی درێژکردووەتەوە، لەکاتێکدا پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە تەنیا بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردراوە».

یاداشتنامەی ئەو (٢٥) پەرلەمانتارە لەکاتێکدایە کە پەرلەمان نیازی ئەوەی هەیە گەورەترین پرۆژە، کە پرۆژە دەستووری هەرێمی کوردستانە لەم ماوەیەدا پەسەند بکات، سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی سەوزیش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە «هەر یاسایەک لەم ماوەیەدا دەربکرێت شەرعیەتی نییەو ئەگەر پرۆژەی دەستووریش بڕیاری لەسەر بدرێت، ئەوە شەرعیەتی پرۆژەکە دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە».

زانا رۆستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی کە یەکێکە لەو پەرلەمانتارانەی ئیمزای لەسەر یاداشتنامەکە کردووە، باس لەوە دەکات، کە «لە (٦/٤)ەوە پەرلەمان شەرعیەتی یاساییو جەماوەری خۆی لەدەستداوەو لەم رێککەوتە بەدواوە ناتوانێت نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات». ئەمەش وایکردووە ئەو پەرلەمانتارانە یاداشتنامەکە بەرزبکەنەوەو داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان بکەن هیچ یاسایەک دەرنەکات، چونکە «پەرلەمان لێرە بەدواوە ئەو مافەی نییە».

ئەو ئەندامەی لیژنەی یاسایی جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە، کە ئەگەر لەحاڵەتێکدا پەرلەمان سووربێت لەسەر دەرکردنی یاساکان، بەتایبەت پەسەندکردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان، هەوڵدەدەن لەکۆبوونەوەکاندا بەشداری نەکەن، بۆ ئەوەی نەبنە بەشێک لەو پرۆسەیەی کە بەپێچەوانەی یاسای دەزانن‌و بۆ هەموو خەڵکیشی روونده‌کەنەوە کە «ئەو یاسایانە شەرعیەتیان لاوازە».

سارا خدر پیرۆت وەک یەکێکی دیکە لەو پەرلەمانتارانەی ئیمزای لەسەر یاداشتنامەکە کردووە، وەک پەرلەمانتارێک لەبەرئەوە ئیمزای لەسەر یاداشتنامەکە نەکردووە، کە ئەو یاساو بڕیارانەی لەو ماوەیەدا دەردەکرێن لەڕووی یاساییەوە شەرعیەتیان نییە. بەڵکو لەو روانگەیەوە ئیمزای لەسەر یاداشتنامەکە کردووە، کە پێیوایە «هەر یاسایەک لەوماوە کەمەی کە لەبەردەم ئەم خولەدا ماوە، پەسند بکرێت، ناتوانرێت هەقی خۆی پێبدرێت»، بۆیە باشترە بۆ خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان جێبهێڵدرێت، بەتایبەت کە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت خولی داهاتووی پەرلەمان لەخولی ئێستا کاراتر بێت.

### زانا رۆستایی: ئێستا پەرلەمان ناتوانێت نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان بکات

### سارا خدر: ئەو یاساو بڕیارانەی لەو ماوەیەدا دەردەکرێن ناتوانرێت هەقی خۆیان پێبدرێت

### کوێستان محەمەد: پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە تەنیا بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵبژێردراوە

### بە پەرلەمانیش نەوترا پارتی و یەکێتی چەند بودجە لە حکومەت وەردەگرن

ل٣

### بۆچی ژمارەیەک مامۆستا لەچاودێریی سندوقەکانی دەنگدان بێبەش دەکرێن؟

ل٢


## شاری دیبەی وەرزشکاران

کۆمپانیای بەرێز قیستەکانی کرینی شوقەیەکی لەشاری دیبە کرد بە 10قیست، بەبڕی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەتوانی گرێبەستی کرینی شوقەیەک ئەنجام بدەیت جگە لەوە نیوەی پارەی شوقەکان لەسندوقی نیشتەجێبوون بەقەرزی 10سال پێت دەدری.



شوقەکانی شاری دیبە تەنها 140 شوقەیەولەمواصەفاتدا بێ وێنەیە.

شوقەیەک بریتیە لە: چێشتخانەو میوان و دوو نوستن و بەلەکۆن و گەنجینە.

کەوانتەری مەتبەخ و سیستەمی ساردو گەرم و دوو مەسعەدی تێدایە.

هەموو شوقەیەک سەوزایی و پرکی کراوەی ئۆتۆمبیل لەخۆ دەگری

بۆ زانیاری زیاتر 07501530090

کۆمپانیای بەرێز


www.rozhnama.com

# بەپەرلەمانیش نەوترا پارتیو یەکێتی چەند بودجە لەحکومەت وەردەگرن

**سامان بەشارەتی**

ژمارەیەک پەرلەمانتار داوایانکرد بودجەی ٢٠٠٩ی هەرێم گفتوگۆی لەبارەوە نەکرێت تا ئەوکاتەی هەردوو وەزارەتی دارایی هەرێم یەکدەخرێنەوە، ئەم داوایەشیان لە دانیشتنی دوێنێ پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆکرا لەسەر تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان، بەئامادەبوونی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی هەردوو بریکاری وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم. دوای خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمان، لەلایەن پەرلەمانتارانەوە داواکرا بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ گفتوگۆی لەسەر نەکرێت تاوەکو هەردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم یەکنەگرنەوە.

بەبڕوای چەند ئەندام پەرلەمانێک تاوەکو هەردوو وەزارەتی دارایی یەکنەگرنەوە حکومەت یەکی نەگرتووەتەوەو ناشبێت قسە لەسەر پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بکرێت، تاوەکو نەزانرێت بودجەی ساڵی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨ چۆن سەرفکراوە.

پەرلەمانتار عومەر عەبدولڕەحمان، (لەسەر لیستی یەکگرتووی ئیسلامی) ڕەخنەی لەسەرۆکی پەرلەمانو لیژنەی دارایی پەرلەمان گرتو وتی: «دەبوایە ئەم ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان پێش دوو ڕۆژ بدرایەتە ئەندام پەرلەمانەکان بۆئەوەی پێشنیازو ڕەخنەکانیان بنووسیایە، نەک ئێستا لەدانیشتنەکەدا پێماندەدەن».

پەرلەمانتار عوسمان بانیمارانی (لەسەر فراکسیۆنی سەوز) ئاماژەی بەوەکرد، نەدەبوو پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆ لەسەر بودجەی ئەمساڵ بکات، تاوەکو پەرلەمان دڵنیا دەبوو لەچۆنێتی خەرجکردنی بودجەی ساڵانی پێشوو، کە ساڵی پار بڕیار وابوو بێتە پەرلەمان.

ڕەخنەشی لەوەگرت لەکوردستاندا شەفافیەت نییە لەچۆنێتی سەرفکردنی بودجەی ١٧٪ کەدێتە کوردستانو جگە لەو پارەیەی لە بەغداوە دێت داهاتەکانی ناو هەرێمی کوردستان کە کەس نازانێت چۆن سەرفدەکرێت.

وتیشی: «حکومەتی هەرێم جگەلەو ١٧٪ وەریدەگرێت لەبەغدا، چەندین پارەی دیکە لەسیادیو پارەی منحە کە پارەیەکی خەیاڵییە دێتە بەردەست».

سەبارەت بەپارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان کە بۆ ماوەی دوو ساڵە دەفرۆشرێت. بانیمارانی وتی: «ئەو پارەیە ناچێتە خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند کەسێکی دەسەڵاتدار بۆ خۆیانی دەبەن».

هەر لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقەوە تائەمرۆ حکومەتی هەرێم (٢٨) گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزا کردووە بۆ دەرهێنانی فرۆشتنی نەوتو غاز لەهەرێمی کوردستان، بەڵام عوسمان بانیمارانی ئاماژەی بۆ ئەوەکرد، کە تائێستا هاوڵاتییانی کوردستان نازانن ئەم گرێبەستانە چۆن کراون، «ئەم گرێبەستانە لەپشتی پەردەوەکراونو بەبێ ئاگاداری جەماوەری کوردستانو پەرلەمان»، هەروەک وتیشی: دەبێت ئێمە بپرسین کێن ئەوانەی گرێبەستە نەوتییەکانیان ئیمزا کردووە، حکومەت یان حیزب، یان گروپێکی ناو دەسەڵاتی سیاسی کوردستان، ئەمانە دەبێت ڕوونبکرێنەوە بۆ پەرلەمانو هاوڵاتیان. «بەپێی زانیارییەکانمان حکومەتی هەرێم تائەمرۆ (٢٥٠ بۆ ٣٠٠) ملیۆن دۆلاری وەک شیرینی وەگرتووە لەکۆمپانیا بیانییەکان بۆ دەرهێنانی نەوت لەکوردستان».

ئەم ئەندام پەرلەمانەی فراکسیۆنی سەوز باس لەوەش دەکات بۆ پەسەندکردنو بەیاساکردنی بودجەی کوردستان لەچوارچێوەی لیستێکی ژمێریاریی ساکاردا نەدەبوو پەرلەمانی کوردستان بیخاتە کارنامەی کۆبوونەوەی خۆی، لەبەرئەوەی بودجەو داهاتەکانی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون دیار نییە، چونکە ئەمە دەبێتە دانپێدانانێکی ئاشکرای پەرلەمانی کوردستان بەناشەرعیبوونی گەورەترین پرۆژەی وڵات، کە ئەویش بودجەیە کە ژیانی گەلی پێوە بەندە، ئەگەر بەمشێوەیە بودجە پەسەند بکرێت شەریکبوونێکی ئاشکرای پەرلەمانی کوردستانە بەدانپێدانانیو بەیاساییکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بەگفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، پەرلەمانتار محەمەد فەرەج (سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان) ئاماژەی بەوەکرد، بۆ ماوەی سێ ساڵە پەرلەمانی کوردستان جەخت لەسەر چەند خاڵێک دەکاتەوە، وەک یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی داراییو یەکنەگرتنەوەی هەردوو چاودێری داراییو دابەشکردنی بودجە بەدووبەش.

بەقسەی ئەم ئەندام پەرلەمانە لەناو بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ ئەولەویەت دیارنییە دراوەتە چی بوارێکی خزمەتگوزاریی، یان ڕوونییە ئایا دەتوانرێت کێشەی بێکاریی کەم بکرێتەوە، یان دەخلی فەرد چەند زیاد دەکات؟

محەمەد فەرەج ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، تاوەکو هەردوو وەزارەتی دارایی یەکنەگرنەوە هەقنییە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ گفتوگۆی لەسەر بکرێت،

وتیشی: «سەرۆکی پەرلەمان لەدانیشتنەکانی ڕابردوودا ئاماژەی بەوەکرد، هەتاوەکو هەردوو وەزارەتی دارایی یەکنەگرنەوە بودجەی خیتامی ساڵی ٢٠٠٩ تاووتوێ ناکرێت، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ گفتوگۆ لەسەر ئەو بودجەیە دەکرێت».

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لەپەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەبودجەی پارتیو یەکێتی وتی: «بەداخەوە لەلایەن وەزیری داراییەوە ئەو بودجەیەی پارتیو یەکێتی دیارینەکرا کە وەریدەگرن لەحکومەتی هەرێم، بەڵام هەردەبێت دیاری بکرێت بەپێی یاسا»

سەبارەت بەوبودجەیەی پارتیو یەکێتی کە لەڕۆژنامەکاندا بڵادەکرێتەوە، کە گوایە مانگانە (٣٥) ملیۆن دۆلارە، چەند ئەندام پەرلەمانێک داوایان لەسەرۆکی پەرلەمانو وەزیری دارایی کرد، ئەو بودجەیە ئاشکرابکرێت، کە مانگانە پارتیو یەکێتی لەحکومەتی وەردەگرن. پەرلەمانتار د.ڕەمەزان عەبدولڕەحمان (لەسەر فراکسیۆنی سەوز) بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە ئەو پرسیارەمان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد بۆئەوەی ئەندام پەرلەمانەکانو هاوڵاتییانیش بزانن پارتیو یەکێتی چەند بودجە لەحکومەت وەردەگرن، بەڵام بەداخەوە وەڵامیان نەدایەوەو خۆیان لەپرسیارەکەمان دزییەوە، نکوڵیشیان لەو (٣٥) ملیۆن دۆلارە کرد کە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانوت مانگانە پارتیو یەکێتی چەند لەحکومەت وەردەگرن».

ئەم ئەندام پەرلەمانە بەپێویستی دەزانێت لەبودجەی هەرێمی کوردستان هەربودجەیەک دەدرێتە هەرلایەنێک دەبێت پەرلەمانو دیوانی چاودێری دارایی ئاگاداری خەرجکردنی بن،

پەرلەمانتار غەفور مەخموری نیگەرانی خۆی بۆئەوە دەربڕی ئەو پێشنیازانەی ساڵی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان بەحکومەتی دابوو لەسەر خەرجکردنی بودجە هیچی جێبەجێنەکراوە، نەڕاپۆرتی خەرجکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٨ بۆ پەرلەمان هاتووە، لەهەمانکاتدا نەڕاپۆرتێک دراوەتە پەرلەمانی کوردستان لەسەر داهاتەکانی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بزانێت داهاتی کوردستان چەندەو چۆن سەرفدەکرێت.

وتیشی: « لەڕاپۆرتی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بەدوو ڕێنمایی ئامادەکراو، وەزارەتی دارایی سلێمانی ڕێنماییەکەو هەولێریش ڕێنماییەکی دیکە کەواتە هێشتا حکومەت هەر یەکی نەگرتووەتەوە، چونکە بودجەکە دابەشی دوولا دەکرێت».

غەفور مەخموری سەبارەت بەبودجەی حیزبەکانیش وتی: «کەس نازانێت بودجەی حیزبەکان چۆن دەدرێت، لەم وڵاتە حکومەت بەپێی میزاجی خۆی پارە بەحیزبەکان دەدات»

پەرلەمانتار کوێستان محەمەد (لەسەر فراکسیۆنی سەوز) ئاماژەی بەوەکرد پەرلەمان بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی پەسەندکرد حسابی خیتامی ٢٠٠٦-مان نەبینی، بودجەی ساڵی ٢٠٠٨-مان پەسەندکرد حسابی خیتامی ساڵی ٢٠٠٧-مان نەبینی، ئێستاش خەریکی گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ین، حسابی خیتامی ٢٠٠٨-مان نەبینی، ئەوەی جێگەی نیگەرانیمانە ئەو بودجەیە سەرفدەکرێت بەشێوەیەکی نادروستو ناشەفافانە، زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان قسەیان هەیە لەسەر خەرجکردنی ئەو بودجەیەی دێتە هەرێمی کوردستان،

ئەم ئەندام پەرلەمانەی فراکسیۆنی سەوز باسی لەوەکرد، لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکەوە داوایەکیان داوەتە سەرۆکی پەرلەمان تاوەکو ماوەی دوو هەفتە بداتە حکومەت بۆئەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی، هەردوو دیوانی چاودێری دارایی یەکبگرنەوە، هەندێک داواکاری دیکە کە حکومەت جێبەجێیان ناکات، ئەوکات قسە لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ بکرێت، ئەگەر ئەمانە نەکرا، جێبەجێنەکران، ئێمە دژی پەسەندکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ دەبینین.

لەلایەن خۆشیەوە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی سەبارەت بەوەی، ئایا پارتیو یەکێتی بڕی (٣٥) ملیۆن دۆلار لەحکومەت وەردەگرن؟ بایز تاڵەبانی وتی: «نەخێر ئەو ڕێژەیە ڕاستنییەو کەمترە».

عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بەوبەڵێنەی کە دابووی، ئەگەر هەردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم یەکنەگرنەوە بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ پەسەند نەکرێت لەلایەن پەرلەمانەوە وتی: «نەخێر من وتبووم ئەگەر سێ وەزارەتەکە یەکی نەگرتەوە ئەوکات هەڵوێستوەردەگرین، ئەوە دوو وەزارەت یەکیان گرتووەتەوە تەنیا وەزارەتی دارایی ماوە، ئەویش چەندین هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی یەکبگرنەوە، تەنیا لەسەر بڕیارێکی حکومەت ماوە».

سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بەوەکرد، ڕاستە ئەگەر لەڕووی سیاسییەوە سەیر بکەیت دوو وەزارەتی دارایی هەیە، هەرچەندە بودجەکەشیان وادابەشکردووە، بەڵام لەڕووی کارکردنەوە وەک یەک وەزارەت کاردەکەن.

سەبارەت بەو داواکارییە کە ئاراستەی وەزیری دارایی کرا بۆ دیاریکردنی بودجەی پارتیو یەکێتی، سەرۆکی پەرلەمان عەدنان موفتی بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بودجەی پارتیو یەکێتی لەلایەن حکومەتەوە دەدرێت وەک هەموو حیزبەکانی دیکە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەبودجەی وەزارەتی دارایدا هەیە کە چەندە، ئێمە ناتوانین بیخەملێنین پارتیو یەکێتی چەند وەردەگرن، بەڵام وەزیری دارایی ئاماژەی بەوەکردو وتی: ئەو (٣٥) ملیۆن دۆلارەی ئاماژەی پێدەکرێت لەڕۆژنامەکاندا ئەوەندەنییە».

**پەرلەمانتار عوسمان بانیمارانی:**

**پەسەندکردنو بەیاساکردنی بودجەی کوردستان لەچوارچێوەی لیستێکی ژمێریاریی ساکاردا نەدەبوو پەرلەمانی کوردستان بیخاتە کارنامەی کۆبوونەوەی خۆی، لەبەرئەوەی بودجەو داهاتەکانی کوردستان بەشێوەیەکی ئاشکراو ڕوون دیار نییە، چونکە ئەمە دەبێتە دانپێدانانێکی ئاشکرای پەرلەمانی کوردستان بەناشەرعیبوونی گەورەترین پرۆژەی وڵات، کە ئەویش بودجەیە کە ژیانی گەلی پێوە بەندە، ئەگەر بەمشێوەیە بودجە پەسەند بکرێت شەریکبوونێکی ئاشکرای پەرلەمانی کوردستانە بەدانپێدانانیو بەیاساییکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان.**

**پەرلەمانتار کوێستان محەمەد:**

**پەرلەمان بودجەی ساڵی ٢٠٠٧ی پەسەندکرد حسابی خیتامی ٢٠٠٦-مان نەبینی، بودجەی ساڵی ٢٠٠٨-مان پەسەندکرد حسابی خیتامی ساڵی ٢٠٠٧-مان نەبینی، ئێستاش خەریکی گفتوگۆکردنی بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ین، حسابی خیتامی ٢٠٠٨-مان نەبینی**

**پەرلەمانتار د.ڕەمەزان عەبدولڕەحمان:**

**ئێمە ئەو پرسیارەمان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد بۆئەوەی ئەندام پەرلەمانەکانو هاوڵاتیانیش بزانن پارتیو یەکێتی چەند بودجە لەحکومەت وەردەگرن، بەڵام بەداخەوە وەڵامیان نەدایەوەو خۆیان لەپرسیارەکەمان دزییەوە، نکوڵیشیان لەو (٣٥) ملیۆن دۆلارە کرد کە لەڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیانوت مانگانە پارتیو یەکێتی چەند لەحکومەت وەردەگرن**

www.netewe.com

# سلێمانی لەڕیزی ئەو پارێزگایانەی عێراقدایە، کە ڕێژەی برسێتی تێیاندا بەرزە

شارا عەبدولڕەحمان

سلێمانی لەڕیزی ئەو چوار پارێزگایەی عێراقدایە کە ئاستی گوزەرانی دانیشتوانەکانیان لەژێر هێڵی هەژاریدایەو ئاسایشی خۆراکی نییە، ئەمەش بەپێی بەیاننامەیەکی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی، بەو هۆیەشەوە ئەو ڕێکخراوە بەنیازە بەرنامەی پێدانی ژەمەخواردن بەمنداڵانی قوتابخانەکان جێبەجێ بکات.

بەپێی بەیاننامەکەی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کە لە (٥/٢٦)دا بڵاوکراوەتەوە، (٩٣٠) هەزار کەس لەعێراقدا بەدەست نەبوونی ئاسایشی خۆراکەوە دەناڵێنن‌و ئەگەر بارودۆخی ئەو وڵاتەش هەروا بڕوات لەماوەی داهاتودا (٦) ملیۆن‌و (٤٠٠) هەزار کەسی دیکە مەترسی تووشبوونیان بەبرسێتی لێدەکرێت‌و زۆربەی ئەو کەسانەش کە لەژێر هێڵی هەژاریی‌و برسێتیدان لەهەر چوار پارێزگاگەی عێراق ( سلێمانی، دیالە، نەینەوا، واست)ن، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەردەوام دەسەڵاتدارانی هەرێم باس لەوە دەکەن کە هەرێمی کوردستان لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراقدا کەمترین هەژارو خەڵکی برسی تێدایە.

بەپێی دوایەمین ڕووپێوی وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێم کە لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا ئەنجامدراوە، «توانای خەرجی تاک لەهەرێمی کوردستاندا سێجار بەقەدەر بەغداو چوارجار بەقەد هەموو پارێزگاکانی دیکەی عێراقە». بەوپێیەش ئامارەکە نیشاندەرێکە بۆ باشتربوونی گوزەرانی خەڵکی کوردستان لەچاو پارێزگاکانی دیکەی عێراق.

د. محەمەد ڕەئوف سەعید پسپۆڕی ئابووری پێیوایە، ئەو ڕووپێویەی کە لەوەزارەتی پلاندانانی هەرێم کراوە «لەڕووی زانستییەوە زۆر لاوازە»، چونکە لەپارێزگای سلێمانی (١٠٨٠) خێزان وەرگیراوە لەکاتێکدا سلێمانی (١) ملیۆن‌و (٢٠٠) هەزار کەسی تێدا نیشتەجێیە.

ئەو پسپۆڕەی ئابووری وتیشی: «ئەو نموونەیەی کە بۆ ڕووپێویەکەی وەزارەتی پلاندانان وەرگیراوە ناتوانێت گوزارشت لە واقیعی ژیانی هەموو دانیشتووانی سلێمانی بکات، هەر بەبینینیش ئەوە هەستی پێدەکرێت لەکاتێکدا لەکۆڵان‌و بازاڕەکانی ئەم پارێزگایە چەندین سواڵکەر دەبینرێت، ئەمانە جگەلەوەی کەچەندین کەسی برسی سواڵ ناکەن».

بەبڕوای د.محەمەد ڕەئوف ئەو ڕووپێویەی وەزارەتی پلاندانانی هەرێم یەک فاکتەری زۆر گرنگی تێدا فەرامۆشکراوە، ئەویش ئاستی پشت نرخەکانە، «سلێمانی هەژاری زۆر تێدایەو ڕێژەکەی زۆر لەوە زیاترە کە لەڕووپێویەکەی وەزارەتی پلاندانانندا ئاماژەی پێکراوە، چارەسەریش بۆئەوەی ژمارەی دروستی خەڵکی هەژاری سلێمانی پێوەربگیرێت، ئەوەیە کە نموونەیەکی فراوان لەخەڵکی وەربگیرێت‌و نرخەکان‌و دەرامەتەکان لێکبدرێتەوە، هاوکات ڕووپێویەکەش بەردەوام بێت».

ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان بەنیازە بەرنامەی پێدانی ژەمەخۆراک بەقوتابیانی قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەکان پەیڕەو بکات‌و لەونێوەشدا (١٧٠) هەزار منداڵ دیاریدەکات بۆ پێدانی ژەمەخواردن، بەرنامەکەش لە (٨) ناوچەی پارێزگاکانی (سلێمانی، دیالە، نەینەوا، واست) پەیڕەو دەکرێت.

# (٢٤) قەوارە سیاسییەکە دەتوانن لەکەناڵێکی حکومییەوە کارنامەکانیان ئاشکرا بکەن

ستارە عارف

کەناڵی نەورۆز بەهاوکاری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بەرنامەیەک بۆ قەوارە سیاسییەکان ئامادە دەکات‌و بەڕێوەبەری کەناڵەکەش دەڵێت: ئامانجمان لەم بەرنامەیە ئەوەیە هەر قەوارەیەک توانای ناساندنی بەرنامەکانی بەخەڵک هەبێت کە لەوانەیە لەکەناڵێکی دیکەوە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخسێت.

ئازاد ئەرگوشی، بەڕێوەبەری کەناڵی نەورۆز بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کەناڵی نەورۆز وەک کەناڵێکی حکومیی ڕێگە بەقەوارە سیاسییەکان دەدات بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پرۆژەکانیان بخەنەڕوو، تاخەڵکی بزانن بەرنامەکانیان چۆن‌و دەیانەوێت چی خزمەتێک بەخەڵک بکەن‌و هەموو قەوارە سیاسییەکان وەک یەک کاتیان پێدەدرێت‌و ڕێگە نادەین قەوارەیەک کاتی باش‌و ئەوی دیکە کاتێکی کەمی بدرێتێ».

بەڕێوەبەری کەناڵی نەورۆز ئاماژەی بەوەشدا، کە هەموو قەوارەیەکی سیاسی مافی خۆناساندنی هەیەو ئەگەرهەیە هەندێک قەوارە لەکەناڵێکدا دەرفەتی ناساندنی بەرنامەکەی نەبێت، بۆیە لەکەناڵێکی حکومیەوە ئەو توانایەی پێدەدرێت، شێوازەکەش بەتیروپشک دەبێت، بەو جۆرەی کە لەکۆمسیۆن ژمارەکەی دیاریکراوە بەهەمانشێوەی ژمارەی هەڵبژاردن دەبێت، ژمارەی قەوارەکان دادەنرێن هیچ قەوارەیەک پێش قەوارەیەکی دیکە ناخرێت».

بەوپێیەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان توانای سەرفکردنی بودجەی ئەو بەرنامەیەی نییە، بودجەی ئەو بەرنامەیەی کەناڵی نەورۆز لەلایەن ڕێکخراوی (KIPI) ئەمریکی دابیندەکرێت.

هەندرێن محەمەد ساڵح نوێنەری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لەهەولێر ئاشکرایکرد، کە بەرنامەکە هەر شەوێک (٤٠) خولەک دەبێت‌و هەر شەوێک بۆ قەوارەیەک دەبێت لەناو (٢٤) قەوارە سیاسییەکەدا، بەپێی ڕیزبەندی حیزبەکان‌و ئەو تیروپشکەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاریکردووە بەڕێوە دەچێت، لەژمارە (٥٠)وە دەستپێدەکات هەتا ژمارە (٧٥)و یەکەم ژمارەی بەشداربووی بەرنامەکە ژمارە (٥٠)ی قەوارە سیاسییەکە دەبێت، وتیشی: «پانزە خولەکی یەکەمی بەرنامەکە خودی قەوارە سیاسییەکە فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لەبارەی بەرنامەکەیەوە ئامادە دەکات‌و بەرنامەکە بەئامادەبوونی دوو ئەندامی حیزبەکەو ڕۆژنامەنووسێک گفتوگۆ دەکرێت، دوا زنجیرەی بەرنامەکەش، کە(٢٤) یەمین ڕۆژە مێزگردێک لەنێوان نوێنەری هەر (٢٤) قەوارە سیاسییەکەدا بەڕێوە دەچێت‌و کۆمسیۆنیش چاودێریی وردی بەرنامەکە دەکات.

# د. کەمال میراودەلی پێشێلکارییەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەمنستی ئینتەرناشناڵ ڕووندەکاتەوە

ڕۆژنامە

د. کەمال میراودەلی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشێلکارییەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێتە ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵی نێودەوڵەتی.

لەکۆبوونەوەیەکدا کە پێرێ لە بەریتانیا ئەنجامدرا، د. کەمال میراودەلی لەگەڵ مالکۆلم سمارتی بەڕێوەبەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌و باکوری ئەفریقای ئەو ڕێکخراوە کۆبووەوەو بە درێژیی باسی ئەو پێشێلکارییانەی کرد کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ڕوویانداوە بەتایبەتی سیاسەتی ناتبرین‌و هەڕەشەکردن دژی کاندیدی هەندێک لە لیستەکان‌و قەدەغەکردنی لیستی هیوا بۆ بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکان و مەسەلەی بەکارهێنانی میدیای حیزبی و بەرنامەو پرۆژەکانی حکومەت و پارەو دەمانچە بەخشینەوە بۆ دەنگکرین و دەستپێکردنی پێشوەختی بانگەشەی هەڵبژاردن لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە.

لەبەرامبەریشدا بەڕێوەبەری ئەمنستی ڕایگەیاند، ئەوان خۆیان چاودێری هەڵبژاردنیان لە کوردستان نابێت، بەڵام لە ڕێگای چاودێرە جیهانی و ناوخۆییەکان‌و ڕاپۆرتی میدیاکانەوە ئاگایان لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت. هەروەها وتیان کە ئەوان بەردەوام بەدوای ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکان لە میدیای کوردی و عەرەبیدا دەگەڕێن‌و نیگەرانی خۆیان دەربارەی دیاردەی ناتبڕین‌و تەسککردنەوەی مەودای ئازادیی بۆ کاندیدە جیاوازەکان لە ناوچەی بادینان دەربڕی ...

# دەستەی نەزاهە داوای ئاشکراکردنی سامانی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەکات

کەرکوک – ئارام جەماڵ

دەستەی نەزاهەی عێراقی داوای ئاشکراکردنی سەروەت‌و سامانی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان‌و بەڕێوەبەرە گشتییەکان دەکات، بۆ ئەو مەبەستەش مۆڵەتی (١٥) ڕۆژ دانراوە.

ئیبراهیم خەلیل ئەندامی لیستی برایەتی لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق‌و دەستەی باڵای نەزاهەی عێراقی لەدوو نووسراودا کە ڕۆژی (١)ی ئەم مانگە ئاراستەی بەڕێوەبەرە گشتییەکان‌و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراقیان کردووەو وێنەیەکی بڕیارەکەش ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کراوە، تیایدا داوای ئاشکراکردنی سەروەت‌و سامانی ئەو بەرپرسانە دەکەن‌و لەنووسراوەکەشدا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە، کە ئەگەر تاکو (١٥)ی ئەم مانگە سامانەکانیان ئاشکرا نەکەن بۆ لیژنەی نەزاهە، ئەوا سەرجەمی مووچەو ئیمتیازاتەکانیان ڕادەگیرێت».

وتیشی: «لەگەڵ بڕیارەکەدا فۆرمێکی تایبەت بەئاشکراکردنی سەروەت‌و سامانەکان هاتووە، کە تیایدا زۆر بەوردی ئاماژە بۆ سەرجەم ئەو سامانانە دەکات کە بەرپرسان خاوەنیانن، وەک ئۆتۆمبێل‌و خانوو زەوی‌و ئاڵتون‌و پارەی بانکەکانی ناوخۆو دەرەوەو کۆمپانیاو...هتد، تەنانەت ئاشکراکردنی سەرمایەی کەسە نزیکەکانی بەرپرسەکانیش بەهەمانشێوە، وەک باوک‌و براو خوشک».

لەبارەی ئەوەی تاچەند بڕیارەکە گەندەڵی کەمدەکاتەوەو تاچەندیش ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان ڕاستی‌و دروستی سامانەکانیان ئاشکرا دەکەن، ئیبراهیم خەلیل ڕایگەیاند: «هەرچەندە بڕیارەکە زۆر دواکەوتووە کە دەبوو لەسەرەتای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە ئەم کارە بکرایە، بەڵام هەنگاوێکی باشەو پێویستە ئەندامانی ئەنجومەن‌و بەڕێوەبەرە گشتییەکان پێوەی پابەندبن بەشێوەیەکی ڕاست‌و دروست، چونکە ئەگەر زانیارییەکان هەڵە پڕ بکرێنەوە لەکاتی پڕکردنەوەی فۆرمەکەدا ئەوا ئەو بەرپرسانە تووشی گرفتی یاسایی دەبن‌و بانگهێشتی دادگا دەکرێن».

# بۆچی ژمارەیەک مامۆستا لەچاودێریی سندوقەکانی دەنگدان بێبەش دەکرێن؟

فەلاح نەجم

بەشێک لەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان بەپێی ئینتیمای حیزبی‌و خزمایەتی، ناوی مامۆستاکانیان بۆ چاودێریکردنی سندوقەکانی دەنگدان تۆمارکردووە، مامۆستایەکیش پێیوایە، وەکو هەڵبژاردنەکانی ڕابردوو تەنیا حیزبیبوون دەبێتە بنەمای سەرەکی بۆ دانانی مامۆستاکان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان.

کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لەبەیاننامەیەکیدا ڕایگەیاند: «بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، پێویستی بە (٤٥) هەزار مامۆستاو پارێزەر هەیە بۆ چاودێریکردنی سندوقەکانی دەنگدان، کە (١٦) هەزاریان لەبنکەکانی دەنگدان لەسنووری پارێزگای سلێمانی دادەنرێن، بۆ ئەم مەبەستەش داوای لەسەرجەم بەڕێوەبەری قوتابخانەکان کردووە کە ئەو مامۆستایانەی خوازیارن وەک چاودێر لەبنکەکانی دەنگدان دابنرێن، ناوەکانیان ڕەوانەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردەکان بکەن.

ئەحمەد عومەر، مامۆستای ئامادەیی لەهەڵەبجەی شەهید، جەختی لەوە کردەوە، «تەنیا بنەمای سەرەکی وەرگرتنی مامۆستاکان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان، پێوەرێکی حیزبییە، بەهۆی ئەوەی تەنیا ئەو مامۆستایانە سودمەندبن، کە پارتی‌و یەکێتین، چونکە مامۆستای غەیری ئەو دووپارتە دەبنە بەربەستێک لەبەردەم ئەو خروقاتانەی کە گومان دەکرێت لە هەڵبژاردنەکان ئەنجام بدرێت».

بەوپێیەی لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لەبەردەم پارتی‌و یەکێتیدا نەبووەتە ڕێگر، زۆربەی ئەوانەی لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دانرابوون کادیرو ئەندامانی پارتی‌و یەکێتی بوون، هەڵبژاردنەکانیان لەبەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێهێناوە، بەتایبەت دەنگدان لەسەر دەستووری عێراق، ڕێژەی دەنگدەران ئەوەندە زۆربوو لای نەتەوەیەکگرتووەکان هەرێمی کوردستان کەوتە ژێر پرسیارەوە، گومانی ئەوەیان دەکرد بەشێکی زۆری ئەو دەنگانە ناڕاستبێت، کە زۆربەی شارەکان ڕێژەی بەشداریکردنی هاوڵاتییان (٩٠٪) زیاتر بوو.

ئەو مامۆستایە ئەوەش دەڵێت: «لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردووی هەرێمی کوردستاندا دەسەڵاتی ئەوە بەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان درابوو کە ئەو مامۆستایانەی دەیانەوێت ببنە چاودێر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، لەسنووری پارێزگای سلێمانی، ئەوانەی یەکێتی نەبوونایە ناویان نەدەنووسرا، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێت کە بەناچاریی دەیان نووسین».

لەهەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی پەرلەمانی کوردستاندا کە بڕیارە ٢٠٠٩/٧/٢٥ ئەنجامبدرێت، کۆمیسۆن داوای لەبەڕێوەبەری قوتابخانەکان کردووە، کە ناوی ئەو مامۆستایانە بنێرن بۆ کۆمیسیۆن کە دەیانەوێت وەک چاودێر دابنرێن.

پسپۆڕێکی سیاسی لەزانکۆی سەلاحەدین دەڵێت: «پێدەچێت چاودێریی لەسەر سندوقەکانی دەنگدان لەم هەڵبژاردنەدا توندتربێت وەک لەهەڵبژاردنەکانی ڕابردوو، چونکە چەندین قەوارەی جیاواز لەهەڵبژاردنەکاندا ناویان تۆمارکردووە، کە دەرفەتی خروقات کەمتر دەکاتەوە».

بڕیارە (٥) هاوپەیمانی‌و (٢٠) قەوارەی دیکە بەشداری لەهەڵبژاردنی ٧/٢٥دا بکەن، ئەمەش یەکەمین هەڵبژاردنە لەدوای (١٨) ساڵ لەدروستبوونی حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان ئەو ژمارە زۆرە قەوارە سیاسییە بەشداری تێدا بکەن، کە سێیەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە.

سەلاح کەریم، مامۆستای سیاسەت لەزانکۆی سەلاحەدین وتی: «ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر چاودێرانی هەڵبژاردنەکان سەربەلیستێک بن یان سەر بەلایەنێکی دیاریکراوبن، چونکە دەکرێت چاوپۆشی لەخروقاتێک بکەن کاریگەریی تەواوی لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جێدەهێڵێت، بۆیە دەبێت کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژنەکانی عێراق لەڕێگەی ئەو نووسینگانەی خۆی لەشارەکانی کوردستاندا، کاروباری وەرگرتنی ئەو چاودێرانە بگرێتە دەست‌و چەند مەرجێک دیاری بکات بۆ وەرگرتنیان».

# کەرکوک: نەهامەتییەکان بۆ کوردو خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوانی دیکە

## تاڵەبانی چەندین پرۆژە بۆ عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوک جێبەجێدەکات

## نوێنەری ئاوارە کوردەکانی کەرکوک: «مام جەلال و بەرپرسانی کورد قەومەکەی خۆیان بیرچووەتەوە»

هاوڕێ عەبدوڵڵا

جەلال تاڵەبانی چەندین پرۆژە بۆ عەرەب و تورکمان و کلدوئاشورییەکانی شاری کەرکوک جێبەجێ دەکات، لەکاتێکدا سەدان خێزانی کوردی ئاوارە لەیاریگاو سەربازگە کۆنەکانی شارەکەدا ژیانێکی پڕ مەینەتی بەسەردەبەن و تائێستاش کەمترین پرۆژەی خزمەتگوزاریان پێشکەشکراوە، هاوکات نوێنەری ئاوارەکان رەخنە لەتاڵەبانی و بەرپرسانی کورد دەگرێت و دەڵێت: «تاڵەبانی و بەرپرسانی کورد قەومەکەی خۆیان لەبیرکردووە».

رۆژی (٦/٩) وەفدێکی مەکتەبی پەیوەندییە نیشتمانییەکانی یەکێتی لەکەرکوک، سەردانی جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق و سکرتێری گشتی یەکێتییان کردو لەکۆبوونەوەکەدا تاڵەبانی بەڵێنیدا پرۆژەی هەڵکەندنی (٢٠) بیری ئیرتیوازی لەناوچە عەرەبنشینەکانی کەرکوکدا جێبەجێبکرێت و (٢) یاریگا لەناحیە تورکماننیشنەکانی (یایچی، تازە) دروستبکرێت و هەروەها بڕی (٧٠٠) هەزار دۆلار بۆ تەواوکردنی (١٤٠) خانوو بۆ کلدۆئاشورییەکان خەرجبکرێت.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا نوێنەری تورکمانەکان لەمەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی لەکەرکوک، سوپاسی تاڵەبانی کرد، لەبەرامبەر یارمەتدانیان بۆ دروستکردنی (١٥٥٠) خانوو لەناحیەی یایچی و (٣٠٠) خانوو لەناحیەی بەشیر، ئەمە لەکاتێکدایە لەماوەی رابردوودا سێ جار پارەی بەناوچە تورکمانەکانیش داوەو چەند گوندێکی تورکمانی ئاوەدانکردووەتەوە، لەناویشیاندا گوندی بەشیری تورکماننشین.

ئاوڕدانەوەکانی تاڵەبانی لەعەرەب و تورکمان و کلدۆئاشورییەکانی پارێزگای کەرکوک نەدەبووە جێی رەخنە، بەڵکو نیشانەیەکی دادپەروەریی و یەکسانخوازیی دەبوو ئەگەر بەهەمان شێوە تەماشای نەتەوەکە خۆشی بکردایەو ئەولەویاتی هاوکارییەکانی بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی کارەساتبارترین ناوچە بوایە بۆ هەموو نەتەوەکان. ئەو هاوکارییەی تاڵەبانی بۆ نەتەوەکانی دیکە لەکاتێکدایە لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعسەوە زیاتر لە (١٠هەزار) خێزانی ئاوارەی کورد گەڕاونەتەوە کەرکوک و دوای ئەو چەند ساڵە تائێستا ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوەو لەگوزەرانێکی نزمدا دەژین.

بەپێی ئامارێکی لیژنەی ئاوارەکانی کەرکوک (١١١) بنکەی ئاوارە گەڕاوەکان لەناو شاری کەرکوک و دەوروبەریدا هەیەو زیاتر لە (١٠هەزار) ماڵ لەخۆدەگرێت و تەنیا لەنێو یاریگای کەرکوک (٤٤١) ماڵ، لەکۆنە سەربازگەی خالیدیش (٢٠٠) ماڵ و لەنێو ئینزیباتخانەی کۆنی کەرکوک (٥٥) ماڵ هەن، سەرجەم ئەو شوێنانە هیچ مەرجێکی تەندروستیان تێدا نییەو بێ خزمەتگوازیین و خێزانە ئاوارە کوردەکان لەژیانێکی نالەبارو سەختداو لە کەلاوەدا ژیان دەگوزەرێنن.

لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا بودجەی ساڵی ٢٠٠٩ی پارێزگای کەرکوک دیاریکرا، کە بڕەکەی (٥٧) ملیار دینارەو بەپێی پلانی پارێزگاکە لەبودجەی ئەمساڵیشدا ئاوارە کوردەکانی شارەکە بێبەش دەبن لەپرۆژەی خزمەتگوزاریی.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بەڕۆژنامەی راگەیاند: ژمارەیەکی زۆر لەئاوارەی کورد لەکەرکوکدا هەن، شت کراوە، بەڵام «ئاوارەکان پێویستی زۆریان بەخزمەتکردن هەیەو ئەوەی کراوە دیارنییە»، حکومەتی عێراق هیچی بۆ ئاوارە کوردەکان نەکردووە، بەڵام بەملیۆنان دۆلار بۆ گەڕانەوەی ئاوارەی هۆڕەکان خەرجدەکات، ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک وتیشی «ئێمە وەکو ئیدارەی کەرکوک دەیان جار داوامانکردووە ئاوڕێک لەئاوارەکانی شارەکە بدرێتەوە، بەداخەوە حکومەتی عێراق ئاوڕ لەو مەسەلەیە ناداتەوە»، پلانی خەرجکردنی بودجەی ئەمساڵی کەرکوکی بەنمونە هێنایەوەو رایگەیاند: «بەپێی ئەو پلانە یەک دینار بۆ ئاوارە کوردەکان خەرج ناکرێت».

خراپیی گوزەران و بارودۆخی ئاوارە کوردەکانی کەرکوک و خەمساردی حکومەتی عێراق لەو مەسەلەیەدا بەرپرسانی پارێزگاکەی ناچارکردووە، پەنا بۆ رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ببەن.

رۆژی (٦/٨) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لەگەڵ وەفدێکی کۆمسیۆنی پەنابەران لەنەتەوەیەگرتووەکان کۆبووەوەو داوای لێکردن بەجدی کاربکەن بۆئەوەی خانوو بۆ ئاوارە کوردەکانی کەرکوک دروستبکرێت.

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەوەشی راگەیاند: پێویستە هەوڵەکانتان بۆ دروستکردنی خانوو بۆ ئاوارە کوردە گەڕاوەکان، کە لەسەردەمی رژێمی بەعسی رووخاو بەزۆرەملێ لەشاری کەرکوک دەربەدەرکراون و ئێستاش گەڕاونەتەوە سەر زێدی خۆیان، بەڵام بەسەدان ماڵ لەو ئاوارانە ئێستا لەنێو کامپ و کۆنە یاریگاو سەربازگە کۆنەکان دەژین و بێلانەن.

رێبوار محەمەد، نوێنەری لیژنەی ئاوارەکانی کورد لەکەرکوک رەخنە لەبەرپرسانی کورد لەبەغدا دەگرێت، بەوەی، کە کوردەکانی شارەکەیان بیرچووەتەوەو وتی: «زیاتر لەشەش ساڵە ئاوارە کوردەکانی کەرکوک لەژیانێکی کوللەمەرگیدان و بەرپرسانی کوردیش کەمتەرخەمانە هیچیان بۆ نەکردووین، دەبوو سەرۆک مام جەلال بۆ جارێکیش لەگەڵ ئاوارەکاندا کۆببووایەتەوەو لەوەزع و گوزەرانیانی بپرسیایە».

راشیگەیاند: مام جەلال و بەرپرسانی کورد لەحکومەتی عێراق ئاوارەکانیان لەبیرکردووەو ئاگایان لەژیانی ئاوارەکان نییە، کە چۆن لەگەڵ سەختی ژیاندا هەڵدەکەن و تائێستاش لەنێو چادرو یاریگاو سەربازگەکاندا دەژین و دەیان قوربانییان لێکەوتووەتەوە.



کۆبوونەوەی تاڵەبانی لەگەڵ مەکتەبی پەیوەندییەکانی یەکێتی

## گازی هەرێم رەوانەی ئەوروپا دەکرێت

# تورکیا داوای پشک لەگازی هەرێم دەکات

محەمەد ساڵح حەمەلاو

لەبەرامبەر تێپەڕبوونی غازی هەرێم بەخاکەکەیدا، تورکیا داوای رێژەی (١٥٪)ی داهاتی ئەو غازە دەکات، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گازیش لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێیوایە، لەبەرئەوەی داهاتەکەی دەچێتەوە خەزێنەی حکومەتی ناوەندیی، پێویستە حکومەتی ناوەندی لەسەر ئەو مەسەلەیە دانوستان لەگەڵ تورکیا بکات، نەک حکومەتی هەرێم.

پاش ئەوەی سەرەتای ئەم مانگە بۆ یەکەمجار لەمێژوودا و بەشێوەیەکی رەسمیی نەوتی هەرێمی کوردستان رەوانەی دەرەوە کرا، ئێستا دەنگۆی ئەوە لەئارادایە کە لەکۆتایی ئەم مانگەدا گرێبەستی غازی نابۆکۆ کە بریتیە لەناردنە دەرەوەی غازی هەرێم بۆ ئەوروپا ئیمزا بکرێت.

پرۆژەکە بەبڕی (٨) ملیار دۆلار لەڕێگەی (٢) کۆمپانیای ئەوروپی و (٢) کۆمپانیای عەرەبییەوە جێبەجێدەکرێت، کە لەڕێگەیەوە غازی هەرێم بەخاکی تورکیادا رەوانەی وڵاتانی ئەوروپا دەکرێت و بڕیارە تاساڵی (٢٠١٤) تەواو بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە، سەرچاوەیەک لەحکومەتی ئەنکەرە رایگەیاند: لەبەرامبەر تێپەڕبوونی ئەو غازە بەخاکی وڵاتەکەیدا رێژەی (١٥٪)ی ئەو غازەی بەخاکی تورکیادا تێدەپەڕێت کە دەکاتە نزیکەی (١٠٠٠) مەتر پێ سێجا مافی ئەو وڵاتەیەو ئاماژەی بەوەشکردووە، ئەگەر لەحاڵەتێکدا تورکیا ئەو غازەی بۆ پێداویستی ناوخۆ بەکار نەهێنا ئەوا دەتوانێت بیفرۆشێتەوە بەوڵاتانی ئەوروپا.

د. بایەزید حەسەن، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گاز لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەڕۆژنامەی راگەیاند: وەک چۆن ئەو نەوتەی هەرێم ئێستا لەڕێگەی بەندەری جیهانەوە رەوانەی دەرەوە دەکرێت و کاتی خۆی حکومەتی عێراق ئەو رێکەوتنەی لەگەڵ تورکیادا ئەنجامداوە، پێویستە ئێستاش حکومەتی ناوەندی دانوسان لەسەر ناردنەدەرەوەی ئەو غازە بکات، نەک حکومەتی هەرێم، چونکە داهاتی ئەو غازە دەچێتەوە خەزێنەی عێراق نەک خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

هێڵی نابۆکۆ لەتورکمانستانەوە بە ئازەربایجاندا تێدەپەڕێت و دواتر لەتورکیاوە بەهەردوو وڵاتی بولگاریاو رۆمانیادا تێپەردەبێت بۆ نەمسا، کە درێژییەکەی (٣٣٠٠) کیلۆمەترەو (٢) هەزار کیلۆمەتری بەناو خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت.

ئەو غازەی ئێستا بەخاکی تورکیادا تێدەپەڕێت زیاتر غازی تورکمانساتانەو جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و گازیش پێیوایە، نابێت رێژەی ئەو غازەی کە تورکیا لەبەرامبەر تێپەڕینی غازی هەرێم داوایکردووە لەهەرێم لەڕێژەی ئەو غازە زیاتر بێت کە لەتورکمانستانی وەردەگرێت.

بەگوێرەی ستانداردی جیهانی رێژەی (٥٪ _١٥٪) دیاریکراوە بۆ وەرگرتنی باج لەلایەن ئەو وڵاتەی کە ئەو بەرهەمانەی پێدا تێدەپەڕێت، بەڵام ئەو رێژەیەی وڵاتی تورکیا لەناردنەدەرەوەی غازی هەرێم بەوڵاتەکەیدا داوای کردووە، دوا ئاستی ئەو رێژەیەیە کە (١٥٪)یە.

بەرزان هەورامی، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیی وزەو کانزاکان لەپەرلەمانی کوردستان، بەڕۆژنامەی راگەیاند: هەرچەندە تائێستا رێکەوتنی کۆتایی لەنێوان حکومەتی هەرێم و تورکیا نەکراوە بۆ تێپەڕبوونی غازی هەرێم بەخاکی تورکیادا، بەڵام پێیوابوو ئەو رێژەیەی تورکیا داوای دەکات بەبەراورد لەگەڵ ستانداردی جیهانی رێژەیەکی ئێجگار زۆرەو چاوەڕواندەکرێت حکومەتی هەرێم لەسەری رازی نەبێت و حکومەتی ناوەندیش لەوبارەیەوە قسەی هەبێت، وتیشی: «چاوەڕواندەکرێت تورکیا بەمەرجەکانی حکومەتی هەرێم رازی بێت، چونکە وەک خۆی وتی: ناردنەدەرەوەی غازی هەرێم بەخاکی تورکیادا جگەلەوەی هەوڵێکە بەئاراستەی بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری تورکیا، هاوکات هەنگاوێکیشە بۆ وەرگرتنی ئەو وڵاتە لەبازاڕی ئەوروپی هاوبەش.

روسیا رێژەی (٢٥٪) غازی ئەوروپا دابیندەکات و ساڵی رابردووش بەهۆی ناکۆکی نێوان روسیاو ئۆکرانیاوە نەتوانرا رێژەی غازی سروشتی وەک پێویست بگاتە وڵاتانی ئەوروپاو رەوانەکردنی غازی هەرێمی کوردستان لەئێستادا زیاتر بۆ ئەوروپا پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە کە لەپێداویستی غازی وڵاتانی ئەوروپادا دروست بووە.

بەپێی یاسا ئیمزاکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم مافی دەسەڵاتی جێبەجێکار (حکومەت)ە، بەڵام پەرلەمان چاودێری سندوقی داهاتە نەوتی و گازییەکان دەکات و پەرلەمانیش بۆی هەیە بەدواداچوون بۆسەرجەم ئیشوکارو چالاکیەکانی حکومەت بکات، بەڵام بەوتەی بەرزان هەورامی، «دیوانی چاودێری دارایی بەرپرسیاری یەکەمە لەچۆنێتی ئەنجامدانی ئەو گرێبەستانەی کە حکومەتی هەرێم لەبواری نەوت و غازدا لەگەڵ کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکان ئەنجامی دەدات».

بەگوێرەی مادەی (١١٢)ی دەستووری عێراقی، رێگە بەهەرێمەکان دراوە نەوت و غاز بەرهەم بێنن و رەوانەی دەرەوە بکرێت، بەمەرجێک ئەوکارە بەهەماهەنگی لەنێوان هەرێمەکان و حکومەتی ناوەندیدا بێت و داهاتەکەشی لەسەر بنەمای رێژەی دانیشتووان و بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر دانیشتووانی عێراقدا دابەش بکرێت.

ئەندامەکەی لیژنەی پیشەسازیی و وزەو کانزاکان باسی لەوەشکرد، بەپێی ئەو رێکەوتنەی کە لەنێوان حکومەتی هەرێم و کۆمپانیاکانی دەرهێنانی غاز لەهەرێمدا کراوە، پێویستە لەو بڕە غازەی دەردەهێنرێت پشکی ناوخۆی هەرێم دیاری بکرێت، کە (٥٠٠) ملیۆن مەتر سێجایە دواتر غازی هەرێم رەوانەی دەرەوە بکرێت.

# کێ ئایندەی کەرکوک دەباتەوە؟



ئارام جەمال ئیسماعیل

هەموو ئەو سەردەمانە کاڵبوونەوە کەکەرکوک قودس و دڵ و دەیان دروشمی جۆراوجۆربوون، ئەو رووبارە خوێنانەی بۆکەرکوک رژان نەگەیشتنە دوا کەناری ئۆقرەگرتن، شەش ساڵ بەسەرپرۆسەی ئازادیی کەرکوکدا تێپەری، لەم شەش ساڵەدا هێندەی هەشتا ساڵی رابردوو خوێنی دیکەمان بەخشی، بەڵام نەمانتوانی خوێنرشتن لەپێناو کەرکوکدا بەکۆتابهێنین. گۆرانکارییە سیاسییەکان لەم ماوەیەدا هێندە خێراو بەسوودبوون بۆئێمە نەمانتوانی بیانقۆزینەوە، لەگەرمەی ململانێ و خوێنرشتنی نێوان شیعەوسوننەدا رازیبووین بەلەقاڵبدانێ ئەم شارە لەچوارچێوەی چەند مادەیەکی دەستووریدا، کە تەنیا مەرەکەب خستنەسەر کاغەزبوون و هیچی دیکە.

هەر لەم ساڵانەدا دەیان لیژنەو گروپی لێکۆڵینەوەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی قسەی خۆیان لەسەر ئێستاو ئایندەی ئەم شارەکرد، گروپی(بیکەر-هاملتۆن) دەیانووت کەرکوک بەرمیلە باروتە دەچووینە کەشکەلانی فەلەکو پێمانوابوو راپۆرتەکەیان ناواقیعیەو ئەوان شارەزای ئەم وڵاتە نین و بەهەڵەداچوون، نزیکەی دووساڵیشە پەلکێشی ستیڤان دیمستۆرای نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان لەعیراق کراوە بۆ ناو پرۆسەکەو لەو ماوە زۆرەدا ئەو بەرێزە سەرقاڵکراوە بەئامادەکردنی راپۆرت و دەرکردنی راسپاردەوە، بەڵام هیچ کەس ئامادەنییە گوێی لێبگرێت و پێمانوایە راپۆرتەکەی رازیکەر نییە، بیرمان چووە ئەو پیاوە راپۆرت بۆ نەتەوەیەک نانووسێت و بەیەک چاو تەماشای سەرجەم لایەنە ناکۆکەکان دەکات.

لەناوەراستی ساڵی رابردوودا بەسەپاندنی مادەیەکی یاسایی لەپەرلەمانی عیراق، کەرکوک لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان تەجمیدکراو ئەو لیژنەیەشی بۆئەو مادەیە دروستکرا دوای دووخولی کارکردن و ٣٥ کۆبوونەوە بەدەستی خاڵیی گەرانەوە بەغدا.

ئێستا هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشەی کەرکوک گەیشتوونەتە بنبەست و ئەوەی تروسکەی هیوا بێت بۆچارەسەری کێشەی ئەم شارە بەدیناکرێت. زۆربەی لایەنەکانی عیراق دەڵێن مادەی ١٤٠ کۆتاییهاتووە، ئێمە دەڵێین وابەستەین بەجێبەجێکردنی ئەو مادەیەوە، مادەی ٢٣ بەگەلەکۆمەیەکی شۆڤێنی لەناوەراستی ساڵی رابردوودا لەپەرلەمانی عیراق بەسەرماندا سەپێنرا، ئێستا ئێمە لەهەموو لایەنەکان زیاتر پەرۆشی جێبەجێکردنین وەک ئەوەی کەرکوکمان بۆ بگەرێنێتەوە بۆ باوەشی کوردستان.

هەموو ئەو کاتە زۆرەمان لەکیسچوو لەماوەی هەشتا ساڵی دەسەڵاتی بەعس و شەش ساڵی دەسەڵاتی دوای ئەو رژێمە کەرکوک ئێستا شارێکە سەرەرای ئەوەی بەهۆی سامانە نەوتییەکەیەوە پەیداکەری نانی هەموو عیراقیەکانە، بەڵام هێندەی دەوڵەمەندییەکەی هەژارەو زبڵو خاشاک دەستی لەبینی دانیشتوانەکەی ناوەو پیسی ژینگەکەی گەورەترین مەترسیە بۆ سەر خەڵکە بەشمەینەتەکەی، خراپی رێگاوبان و نەبوونی خزمەتگوزاریی و ئاوەرۆی بنەرەتی و دەیان کێشەی دیکە رۆژانەو هەموو کات بەرۆکی دانیشتوانەکەی بەرنادەن و ئەو هەوڵانەشی بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەدرێن لەئاست وێرانیو پێداویستی خەڵکەکەیدا نین و بەهۆی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنیشەوە پارێزگاری شارەکە گرفتی سەڵاحیات و دەسەڵاتی پێویستی هەیەو ئەنجومەنی شارەکەش وادەی کارکردنی یاسایی بەسەرچووەو ئێستا بەیاسا کۆنەکەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ کاردەکەن، کە ئەگەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ١٤ پارێزگاکەی دیکەی عیراقدا زۆرجیاوازە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دەستی ئاوەدانکردنەوەو هەلی کارو بەگەرخستنی پرۆژەی وەبەرهێنان و رزگارکردنی کەرکوک لەم بارودۆخە ناجێگیرەی ئێستای دەربازبکرێت و هەر لایەنێکیش کارێزمای رزگارکردنی کەرکوک بێت لەم بارودۆخە بێئومێدەی ئێستای خەڵکەکەی، ئەو ئایندەی کەرکوک دەباتەوە.

# یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی کەرکوک دەردەکرێت

محەمەد ساڵح حەمەلاو



ئەیاد سامەرایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایدەگەیەنێت بەشوێن میکانیزمێکدا دەگەرێن بۆ چارەسەرکردنی هەڵبژاردنەکانی کەرکوک، ئەندامێکی لیژنەی مادەی (٢٣)ش ئاماژە بەوەدەکات ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی کەرکوک سووربن لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان بەو شێوەیەی کە پێشتر گفتوگۆیان کردووە، پێناچێت بگەنە هیچ دەرئەنجامێک.

ئەیاد سامەرایی، بە رۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدای راگەیاند: ئەنجومەنی نوێنەران لەگەڵ راوێژکاری نەتەوەیەکگرتووەکانو حکومەت لە هەوڵی ئەوەدان کە شێوازێکی نوێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگای کەرکوک بدۆزرێتەوە. وتیشی: «هەوڵدەدەین ئەو پێشنیازە جیاوازانەی کە دەربارەی کێشەکانی کەرکوک پێشکەشکراون، بکرێتە بەرنامەیەک کە بەشێوەیەک بێت سەرجەم لایەنو پێکهاتەکانی کەرکوک پێی رازیبنو بتوانرێت یاسایەکی تایبەت بۆ هەڵبژاردنی کەرکوک دابرێژرێتەوە».

لە بەرامبەردا سیروان کاکەیی، نوێنەری لیستی هاوپەیمانی لە لیژنەی مادەی (٢٣)، بە رۆژنامەی راگەیاند؛ لەدوا کۆبوونەوەی لیژنەکەیان لەگەڵ ئەیاد سامەرایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لەسەر ئەوە رێککەوتوون دەربارەی تەوەرەکانی مادەکە هەر لایەنێک راپۆرتی خۆی پێشکەش بکات، وتیشی: «لایەنی کوردی رۆژێک دوای کۆبوونەوەکە راپۆرتی خۆیان پێشکەشکردو تێیدا باسمان لەو میکانیزمە کردووە کە پێویستە بگیرێتەبەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو خاڵانەی کە لە مادەی (٢٣)دا هاتووە». بەڵام بێئاگایی خۆی لەوەدەربری کە ئاخۆ لایەنەکانی دیکەی کەرکوک راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە یان نا.

دوای ئەوەی لەماوەی دیاریکراوی خۆیاندا ئەندامانی لیژنەی مادەی (٢٣) نەگەیشتنە رێککەوتن بۆ پێشکەشکردنی راپۆرتی کۆتایی هاوبەشی خۆیان لەسەر چارەسەری کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک، هەر لایەنەو بە جیا راپۆرتی خۆیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەنو دواتر بۆ ئەو مەبەستە ئەنجومەنی نوێنەران کۆدەبێتەوەو گفتوگۆ لەسەر راپۆرتەکان بکاتو لەسەر بنەمای ئەو پێشنیازانەش راوسەرنجی خۆی رادەگەیەنێت.

کاکەیی ئەوەی نەشاردەوە «ئەگەر لایەنە سیاسییەکانی کەرکوک بەتایبەت پێکهاتەی عەرەبو تورکمانەکان سووربن لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیانو بەوشێوەیەی کە لەوماوەیەدا ئێمە گفتوگۆمان لەگەڵدا کردوون، ئەوا پێناچێت بگەینە هیچ دەرئەنجامێکو یاسایەک لەو بارەیەوە لە پەرلەمانی عێراق دەربچێت».

وتیشی: «رەنگە کارەکان لە دواقۆناغدا بەرەو ئەوەبچێت کە هەرسێ سەرۆکایەتیی کۆمارو سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، لە رێگای نەتەوەیەکگرتووەکانەوە رێوشوێنێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردن لە کەرکوکدا بدۆزنەوە».

ئەندامەکەی ئەنجومەنی نوێنەران وتیشی: نابێت ئەوەمان بیربچێت کە پێویستە بارودۆخی شاری کەرکوک بەمشێوەیەی ئێستا بمێنێتەوەو هەتاهەتایە لە هەڵبژاردنەکان دابرێت، دەبێت کەرکوک لەسەر ئاستی پارێزگاکە مافی خۆی وەرگرێتو پێویستە ساڵی داهاتوو دانیشتووانی کەرکوک لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا بەشداری بکەن.

لیژنەی مادەی (٢٣) تائێستا ٣٤ کۆبوونەوەی ئەنجامداوە، بەڵام نەگەیشتووەتە هیچ ئەنجامێک دەربارەی بۆچوونی پێکهاتەو لایەنە سیاسییەکانی شارەکە.

بەوتەی سیروان کاکەیی؛ دوای ئەنجامدانی ئەو سیوچوار کۆبوونەوەیە، ئەوە روونبووەتەوە، کە ئەو لایەنانە دەیانەوێت پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاکەو ژمارەیەک لە پۆستە سیادییەکانی دیکەش وەربگرن، بەڵام «ئامادەنین بێئەوەی لەگەڵ لیستی برایەتی هاوکاربن بۆئەوەی رێژەی فەرمانبەرانی کورد کە رێژەکەی (١٧٪)یە، هاوتابکرێت لەگەڵ رێژەی فەرمانبەرانی لایەنەکانی دیکەی شارەکە».

ئەندامەکەی مادەی (٢٣) لایەنی تورکمانیو عەرەبی بەوە تۆمەتباردەکات کە هەرکاتێک لایەنی کوردی ویستبێتی پرۆژەیەک پێشکەش بکەن بۆ راستکردنەوەی ئەو بارە، ئەو دوو لایەنە تەگەرەیان خستووەتە بەردەم ئەو پرۆژانەی کە لایەنی کوردی پێشکەشیان کردووە.

بەگوێرەی مادەی (٢٣)، ئەگەر لیژنەکە نەیتوانی بگاتە دەرئەنجامێک لە پێشکەشکردنی راپۆرتەکەیدا بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، هاوکات ئەنجومەنی نوێنەرانیش نەیتوانی لەسەر رۆشنایی راپۆرتی پێکهاتەکانی کەرکوک پرۆژەیاسایەک دەربکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک، ئەوا پێویستە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق (کۆمار، وەزیران، نوێنەران) بە هاوکاریی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، رێوشوێنو مەرج بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دابنێن.

بەڵام کاکەیی پێیوایە، ئەوکاتەش هەمان کێشەو مشتومڕ لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا دروستدەبێتەوەو وتی: «ئەگەر لایەنە سیاسییەکان بەو میکانیزمە کاربکەن کە تائێستا پەیرەویان کردووە، ئەوا رەنگە ئەو هەوڵەش سەرکەوتوونەبێت».

دوای ئەوەی مەسەلەی هەڵبژاردنی گشتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق خرایەوە بەر باسو گفتوگۆکردن، لایەنی عەرەبیو تورکمانەکانی کەرکوک مەسەلەی کەرکوکیان هێنایەوە پێشەوە، ئەوکارەش لای هەندێک چاودێرو هەڵسوڕاوی سیاسیی کورد وەک هەوڵێک بەئاراستەی لەباربردنی مادەی (١٤٠) لێکدەدرێتەوە، هەربۆیە لەکاتی خۆیدا مادەی (٢٤) دەرچوو، بەڵام سیروان کاکەیی پێیوایە مادەی (٢٤) لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبوو، هەربۆیە لەکاتی خۆیدا ڤیتۆکراو لەباربرا، لەجیاتی ئەوە مادەی (٢٣) هاتەکایەوە.

ئەو ئەندامەی لیژنەی مادەی (٢٣) وتیشی ئەگەر مادەی (٢٣) نەگەیشتە هیچ دەرئەنجامێک، ئەوا دواجار پێویستە کێشەکانی کەرکوک بەپێی مادەی (١٤٠) یەکلایی بکرێنەوە.

# «حکومەتی هەرێم لەگەڵ لیستی حەدبادا گفتوگۆ دەکات»

هەستیار قادر

سەرۆکی لیستی برایەتیی نەینەوا ئاماژە بەوەدەکات، کە وەفدێکی حکومەتی هەرێم سەردانی موسڵی کردووە، بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستی (حەدبا)دا، پارێزگاری موسڵیش دەڵێت: «لەگەڵ ئەو وەفدەی هەرێمدا باسی کێشە سیاسییەکانمان نەکردووە».

رۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەسەر زاری ئوسامە نجێفی، ئەندامی لیستی عێراقییەو برای پارێزگاری موسڵەوە، بڵاویکردەوە، کە ئێستا دانوستانی راستەوخۆ لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستانو لیستی حەدبای موسڵدا لەئارادایە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو لیستە لەگەڵ لیستی برایەتیی موسڵ.

کێشەکانی نێوان ئەو دوو لیستە لەوەوە سەرچاوەی گرت، کاتێک کە لیستی حەدبای خاوەن زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ، حکومەتی محەلی لەو پارێزگایە پێکهێنا، لیستی برایەتی لە پۆستە ئیدارییەکان بێبەشکردو بەوهۆیەشەوە ناوچە کوردییەکان پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیدارەی موسڵدا هەڵپەسارد، بەم دواییەش ئەگەری پێکهێنانی ئەنجومەنێکی دیکە لەلایەن لیستی برایەتییەوە هێنرایە ئارا، بۆ ئەو (١٦) یەکە ئیدارییەی موسڵ کە ئەو لیستە تێیدا زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە.

قاسم ساڵح، سەرۆکی لیستی برایەتیی نەینەوا، وێرای ئاماژەدان بە ناردنی شاندێک لەلایەن هەرێمەوە بۆ موسڵ بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ لیستی حەدبادا، بە رۆژنامەی راگەیاند: وردەکاریی دەرئەنجامی گفتوگۆکانی ئەو وەفدە نازانم کە نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر سەرۆکایەتیی دەکرد، بەڵام ئەو وەفدە وەک نوێنەری سەرۆکی هەرێم بۆ موسڵ نێردرابوو.

هاوکات ئەسیل نجێفی، پارێزگاری موسڵو سەرۆکی لیستی حەدبا، دانی بەوەدا نا کە لە پەراوێزی کۆنگرەی هەماهەنگی پارێزگاکانی عێراقدا، لەگەڵ نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێردا کۆبووەتەوە، بەڵام ئاماژەی بە وردەکاریی زیاتری ئەو دانیشتنە نەکردو نکۆڵی لەوەشکرد کە باسی کێشە سیاسییەکانیان کردبێت.

بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگۆیە لەدوای ئەوە دێت کە هەر لەسەرەتای دروستبوونی کێشەی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە موسڵ لەگەڵ لیستی حەدبادا، سەرکردایەتی سیاسیی کورد ئەو لیستەی بە «پاشماوەی بەعسو شۆڤێنیست» لەقەڵەمدا.

هاوکات بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامە، بڕیارە لەماوەی چەند رۆژی داهاتوودا دوو شاندی سەرۆکایەتیی کۆمارو حیزبی ئیسلامیی سەردانی موسڵ بکەن بەمەبەستی بەشداریکردن لە ناوبژیوانی نێوان هەردوو لیستی حەدباو برایەتیدا، بەپێی وتەیەکی ئوسامە نیجفی پەرلەمانتاریش بۆ رۆژنامەی شەرقولئەوسەت، جگە لە حیزبی ئیسلامیی هەریەک لە موقتەدا سەدرو عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرۆک کۆمارو ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی عێراقییەش کەوتوونەتە ناوبژیوانی کوردو لیستی حەدبا لە موسڵ.

# کاریگەریی هەناردەکردنی نەوتی کوردستان لەسەر کەرکوک

ستارە عارف

چاودێرانی سیاسیو شارەزایانی بواری هەناردەکردنی نەوت، رای جیاوازیان هەیە لەسەر هەناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان، هەندێکیش لەوبڕوایەدان کاریگەریی لەسەر دۆسیەی کەرکوکو جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەبێت.

## پێویستبوو نەوتی هەرێم وەک یەدەگ بهێڵرێتەوە

دەرهێنانی نەوتو دەستکردن بە پیشەسازیی لەسەر هەر وڵاتێک کاریگەریی باشی بۆ بوژاندنەوەی ئابووری ئەو وڵاتە دەبێت، سەرنجی وڵاتانیش بۆ گرنگیپێدانی رادەکێشێت، بەڵام محەمەد ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، دەڵێت، ئەگەر وڵاتێک بۆی بکرێت بەبێ دەرهێنانی نەوت دەرامەتی دیکەی دەستبکەوێت، واباشە ئەو نەوتە یەدەگە، بۆ ئایندە بهێڵنەوە، لەکاتێکدا داهاتی وڵات بەشێوەیەکی دیکە دابین بکرێت.

محەمەد رەفعەت، ئەندامی لیژنەی پیشەسازیو وزە لە پەرلەمانی کوردستان، لە دوو رووەوە ناردنە دەرەوەی نەوت هەڵدەسەنگێنێتو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە روویەکی ئابووری عێراق بەهێزتر دەکات، چونکە پارەکەی بۆ خەزێنەی عێراق دەچێتەوەو بەرژەوەندیی ئابووریی ئەو وڵاتانەی کە کۆمپانیا گەورەکانیان رەوانە کردووە، دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە، لەوکاتەدا پارێزگاری لەو بەرژەوەندییەی خۆیان لە کوردستاندا دەکەن، ئەمە پارێزگارییە لە ئاسایشی نەتەوەیی کوردیش، رووی دووەمی ئەم گرێبەستە نەوتیانە تائێستا نازانرێت چۆن بەستراوە، رێژەی ئەو کۆمپانیایانە کە لە ١٢- ٢٠٪ لە بەشی ١٧٪ی هەرێمی کوردستان دەدرێت، یان حکومەتی فیدراڵیی خۆی دەیدات، ئەمە لەنێوان هەرێمو ناوەندا کێشەیە، ئەمە جگە لە ناوچە دابڕاوەکانو مادەی (١٤٠)، کێشەیەکی دیکەی بۆ هەرێم دروستکردووە.

## هەناردەی نەوتو مادەی ١٤٠

بە وتەی محەمەد ئەحمەد، دەرهێنانی نەوت «جۆرێک لە دڕدۆنگی نایەوە»و هەستیاریی لەنێوان پێکهاتەکانی عێراق بەرامبەر بە کوردو کێشەی کوردی بە گشتی، بەرامبەر بە کەرکوکو مادەی (١٤٠) بەتایبەتی جوڵاند، «ئەمجۆرە لە دەرهێنانی نەوت شتێک بۆ ئابووری کوردستان زیاد ناکات، دەکرا دوابخرایە، ئەمڕۆ ئەولەویەتی کێشەکان دەستنیشان بکەین باشە، مەسەلەی فیدراڵیو کەرکوکو هەمواری دەستوور، تائێستا کار تێداکردنی ماوە»، محەمەد دەڵێت: بەپێچەوانەوە هەناردەکردن جۆرێک لە ئاڵۆزیی بۆ کورد دروستدەکات، ئێستا مەسەلەی کەرکوک بەهۆی نەوتەکەیەوە ئاڵۆزبووە، چەند ساڵە نەوتی کەرکوک دەردەچێت هیچ خزمەتی بە کورد نەکردووەو ئاڵۆزی کردووە.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕوای وایە، ئەو نەوتەی ئێستا لە هەرێمی کوردستانەوە دەردەچێت، ئەو کۆمپانیایانەی کە دەریانهێناوە قازانج دەکەنو خەڵکی کورد هیچ قازانج ناکات، ئەگەر ئەم داهاتەش نەبوایە، ١٧٪ هەر دەهاتو هیچ کەمو زیادیش ناکات، هەناردەکردن بۆ ئەوەبووە کە کۆمپانیاکان زیان نەکەنو بڕواتو بچێتە بۆری عێراقەوە، ئەگینا کێشەی کوردو مادەی (١٤٠)و بێمتمانەیی نێوان (کورد-کورد)و (کورد-)عێراق، ئاڵۆزتر دەکاتو چارەسەری ناکات.

لەسەر ئاستی سەرۆکی حیزبەکانیش بۆچوونی تایبەتی هەیە. قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەڵێت: «ئەوکاتەی لە کوردستان هەوڵدرا نەوت دەربهێنرێت، ئێمە رامان وابوو کە کێشەیەکی زۆری لێدەکەوێتەوە، پێمانوابوو، دەبێت کورد ئەولەویەتی بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بێت».

بە وتەی پسپۆڕان هەرنادەکردن کاریگەریی خراپی بۆ مادەی (١٤٠) دەبێت، چونکە وەک فاتیح عەبدوڵڵا، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانیو پسپۆڕ لە دۆزی کەرکوکدا، دەڵێت: «عەرەب زۆرینەن، نەک هەر نەوتی کەرکوک، بەڵکو دەست لە نەوتی دهۆکو چەمچەماڵو سەنگاویش هەڵناگرن، ئەگەر داهاتی ئەم نەوتەی کە دەردەهێنرێت لە ناوچەکانی کوردستاندا بەکاربهاتایە، کاریگەریی باشی دەبوو، بەڵام بەدڵنیاییەوە تا گیرفانی خۆیان وەستابێت، لەگەڵ بازرگانە سەرمایەدارەکاندا لە بەرژەوەندیی خۆیاندایە بەتەنیا».

تائێستا مادەی (١٤٠) جێبەجێنەکراوە، بۆیە بە بۆچوونی محەمەد رەفعەت خاوەخاوو سستی تێدا دەکرێت، چونکە کاتی دیاریکراوی مادەی (١٤٠) تێپەڕبووە، بۆیە کێشەکان بۆ حکومەتی عێراق زیاتر دەکاتو کەمی ناکاتەوە، بەتایبەتی مەلەفی کەرکوک بەوەی کە حکومەتی هەرێم هەر ناچاری ناوەند دەبێتو بودجەی هەرێم لەوێوە دێت، ئەگەر بۆ ماوەی یەک مانگ پارەی بۆ نەنێرێت، هەرێم ناتوانێت پارەی مانگێکی مووچەخۆرەکانی بدات، محەمەد لەو بڕوایەدایە «ناوەند خۆی بە بەرپرسیار نازانێت لە جێبەجێکردنی مادەکە، ئەگەر لە داهاتوودا پەرلەمانێکی تازە بێتە ئاراوە کە خەڵکی باشبنو هەیمەنەی هەردوو حیزبە گەورەکە لە پەرلەماندا نەمێنێت، رەنگە لەوبارەیەوە بتوانین شتێک بکەین، بەڵام ئێستا وەک خۆی دەمێنێتەوەو گرانتر دەبێت».

## هەرێم خاڵی لاواز دەداتە ناوەند

سالار باسیرە، مامۆستای زانستی سیاسی لە زانکۆی سلێمانی، ناردنی داهاتی نەوت بۆ بەغدا بە بەدەستەوەدانی خاڵێکی لاواز بۆ ناوەند لەقەڵەمدەدات، هەروەک دەڵێت: «بێگومان ئەویش ئەم چەکە سیاسییە بەکاردەهێنێتەوە، ئەم گەمە سیاسییەش کە تازە نییە، کاریگەریی لەسەر مادەی (١٤٠)و کەرکوک دەبێت»، باسیرە رای وایە، مالیکی نیازی لە مەسەلەی کورددا پاک نییە، بەڵام ئێمەش ئەو خاڵە لاوازە دەدەینە دەستیان، بۆیە ئەمە وایکردووە کە باجەکەی خەڵکی کورد بیدات، ئەم گرژیانەش وایکردووە کە مالیکی کارتەکانی خۆی بەکاربهێنێت، بەتایبەتی کەرکوک بەشێوەی جێبەجێنەکردنی مادەکە، ئەگەر لە کۆبوونەوە ئاشکراکانیشدا ئەم شتانە نەوترێت، لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا بە کورد دەوترێت ئێوە بەم شێوازە مامەڵە دەکەن، ئێمەش کارتەکانی خۆمان بەرامبەرتان بەکاردەهێنین، کورد کارێکی جدیی بۆ ناوچە دابڕاوەکان نەکردووە، بەداخەوە کورد مەسەلەکەی هێناوەتە سەر مەسەلەی پارەو بودجەو نەوتو مەسەلە نەتەوایەتییەکانی پشتگوێخستووەو کردوونیەتە قوربانیی.

## نیازی حکومەتی ناوەند

د.رەئووف عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێیوایە، ئەگەر نیەتی حکومەتی عێراقی باش بێتو مەسەلەی کەرکوک چارەسەربکاتو مادەی (١٤٠) جێبەجێبکات، ئەوکاتە دەتوانێت زیاتر سوود لە سەرچاوە نەوتییەکانی کەرکوک بە نەوتو گازەوە ببینێت، بەڵام ئەگەر نیەتی خراپ بێتو بیەوێت مادەی (١٤٠) جێبەجێنەکات، واتای ئەوەیە کێشەکە وەک خۆی دەمێنێتەوەو هەموو ناوچەیەکیش کە کێشەی تێدابێت، بەرهەمهێنانی کەمترو کێشەی زیاتردەبێت، بەبۆچوونی د.رەئوف ئەگەر حکومەت مادەی (١٤٠) ئاسایی بکاتەوە، دەتوانێت سوود لە سەرچاوە نەوتییەکانی کورد وەربگرێت، چونکە هەموو گەشەسەندنێکی ئابووری پەیوەندی بە بارودۆخەوە هەیە، هەتا بارودۆخ ئارام بێتو پەیوەندییەکان پتەوبێت، حکومەت دەتوانێت پەرە بە باری ئابووری بدات.

فاتیح عەبدوڵڵا، مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی، دەڵێت حیزبە کوردستانییەکان هیچ شتێکیان لە کەرکوکدا بەئاشکرایی نییە، تەنیا بەڕێکردنی کاتەو هەناردەکردنی نەوتی هەرێم کە داهاتەکەی دەچێتەوە بۆ بەغدا، تەنیا بۆ رازیکردنی خۆیانە، ئەگینا یەک دینار لە داهاتی تاکی کورد زیادناکات.

## کورد مافی بەکارهێنانی کارتی سەربەخۆیی لەدەستدا؟

فاتیح عەبدوڵڵا پێیوایە، ئەم هەناردەیە جیابوونەوەی کورد لە بەغدا زۆر ئاستەم دەکات، جاران ئەم کێشە ئابووریو داراییە هێندە گران نەبوو لەنێوانماندا، نەماندەتوانی باس لە جیابوونەوە بکەین، ئێستا زۆر قورستربووەو ئەو مافەمان دەفەوتێت، دەڵێت، دەبوایە دەسەڵاتی کوردی لەدوای پرۆسەی ٢٠٠٣وە کاری بۆ مەسەلەی ناوچە جێناکۆکەکان بکردایە، ئەمجارە ئینتیمای نەتەوەییشیان لەناو خەڵکی کەرکوکدا نەهێشت، لە هەڵبژاردنی داهاتوودا ژمارەی ئەندامانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کەمدەبێتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی دیالەو موسڵدا دەنگی دۆڕاند، ئەمجارە دەنگێکی زۆرتر دەدۆڕێنین، چونکە ئینتیمای خەڵکیان دۆڕاند، جێبەجێکردنی کێشەی کەرکوکو دۆزەکەی بەرەو لاوازیی دەڕوات.

## مەلەفی کەرکوک دەکرێتە قوربانیی

بەڕای سالار باسیرە هەرنادەکردنی نەوت لەلایەن دەسەڵاتەوە شێوازێکی ناشەرعیی بەخۆیەوە گرتووە، چونکە هەناردەکردنی نەوت بێ یاسا سەرئەنجامو بەرهەمەکەیو داهاتی دیارنابێت، «لە هەمانکاتدا روون نییە پارەکەی دەچێتە گیرفانی کێوە»، کە بێگومان بێ کێشە نابێت لەنێوان ناوەندو هەرێمدا، چونکە هەرێمی کوردستان پابەندە بە دەستوورەوە.

هەندێک لە راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان باس لە دەرهێنانی نەوتو فرۆشتنی لە بازاڕی رەشدا دەکەن، ئەمەش بەبڕوای باسیرە کارتێکی سیاسی دەداتە دەست حکومەتی ناوەند بۆ بەکارهێنانی لە بەرامبەر دەسەڵاتی سیاسیی هەرێم، بەتایبەت دەکرێت مادەی (١٤٠)و کەرکوکیش بکاتە قوربانیی، چونکە ئەوان دەڵێن بەپێی دەستوور مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانەدا دەکەین، لە هەمانکاتدا کە دێتە سەر ئەوەی هەناردەکردنی نەوت بەمشێوەیەیە.

## پەیوەندیی نێوان هەرێمو ناوەند

زۆرینەی بەرپرسان باس لەوەدەکەن دەرهێنانی نەوت بە قازانجی هەرێمی کوردستانەو یاساییەو مافی هەرێمە، بەڵام قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، دەڵێت: «ئاڵۆزییەکی زۆر لەنێوان هەرێمو ناوەندا دروستدەکاتو تێکچوونی پەیوەندیی نێوان هەرێمو بەغدا کاریگەریی زۆری لەسەر جێبەجێنەکردنی مادەی (١٤٠) دەبێت».

«کورد مەسەلەکەی هێناوەتە سەر مەسەلەی پارەو بودجەو نەوتو مەسەلە نەتەوایەتییەکانی پشتگوێخستووەو کردوونیەتە قوربانیی»



# بێ متمانەیی، ئاگربەستەکان بێئاکام دەکات

**ئارام شێخ وەسانی**

بۆ دووەمجارە گەریلاکانی پەکەکە وادەی ئاگربەست درێژدەکەنەوە، بەڵام تائێستاش سوپای تورکیا بەگومانەوە لەو ئاگربەستە دەڕوانێت، بەتایبەت دوای کوژرانی ئەو سەربازانەی نزیک سنوور بەهۆی بۆمبدانانەوە بۆیان، ئەگەرچی ئەو کردەوانە پەکەکە بە هی خۆی نازانێت، بەڵام سوپاو بەرپرسان تۆمەتەکان دەخەنە پاڵ پەکەکە، موراد قەرەیلان سەرۆکی کۆنسەی سەرۆکایەتی (PKK)، لەلێدوانێکی رۆژنامەنووسیدا رایگەیاندبوو، کە ئەو نیگەرانە لە کوژارنی ئەو سەربازە تورکانەو ئەوان لێی بەرپرس نین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەکەکە دەیەوێت ئەوە بە هەموو لایەک بگەیەنێت کە ئەوان پابەندی ئەو ئاگربەستەن کە رایانگەیاندووە بەرامبەر سوپا، بەڵام هەریەکە لە بەرپرسانی سوپاو سەرکردەکانی تورک ئەو حاڵەتانە وەک شتێکی نەخشە بۆکێشراو سەیردەکەن، لێرەدا بابەتێک هاتووەتە ناو بابەتەکەوە ئەویش بێ متمانەیی تورکیایە بەرامبەر بەڵێنەکانی پەکەکە.

لەماوەی ئاگربەستی تاکلایەنەی پەکەکە تائێستا، چەندین سەربازی تورکیا لەسەر سنوور کوژران بەهۆی بۆمبی چێنراوو هێرشی نادیارەوە، چەندین لێدوانی جۆراوجۆر سەبارەت بەم بابەتە میدیاکانی تورکیایان سەرقاڵکردووە، ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکرات، بە رۆژنامەی زەمانی تورکی راگەیاندووە: «ناکرێت پشت بە ئاگربەستی تاکلایەنە ببەستین، چونکە تورکیا ئاگربەستی رانەگەیاندووە»، هەروەها بەدرێژایی ئەو ماوەیەی پەکەکە ئاگربەستی راگەیاندووە، سوپای تورکیا سەرقاڵی زیادکردنی هێزو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنە لە ناوچە کوردییەکانو سەرسنوورەکان، ئەمەش شتێکی روونە بێمتمانەیی دەردەخات، پێویستە تورکیاش پابەندبێت بە ئاگربەستەکەوە.

لە بەرامبەردا تورکەکان بیروبۆچوونی جیاوازیان هەیە، پێیانوایە «خۆدزینەوەی پەکەکە لە بەرپرسیارێتی هێرشکردنە سەر سەربازەکانی تورک، شتێکی بێمانایە، دانانەوەی بۆمب بۆ ئۆتۆمبێلی سەربازەکان جگە لە پەکەکە، کارێکی ئەستەمو نەشیاوە». بەرپرسانی تورک لە سوپاو حکومەت بە وتەکەی موراد قەرەیلان شەڵەژان، کاتێک بێتاوانییو بێبەریبوونی خستەڕوو لەو هێرشانەدا. سێدات لیچنەر، سەرۆکی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی، لە دیدارێکیدا لەگەڵ سایتی تودەی زەمان، باس لە هۆکارەکانی نەبوونی ئەو متمانەیە دەکاتو هەروەها رەخنە لە قسەکانی قەرەیلان دەگرێت کە بێئاگایی خۆی لەو هێرشانە راگەیاندووە، سیدات دەڵێت: «قەرەیلان راستگۆنەبوو لە بەڵێنو قسەکانی، لەلایەک بانگەشەی ئاشتی دەکاتو لەلایەک هێرشدەکات». لیچنەر باس لەوەدەکات کە «قەرەیەلان دەڵێت من ئاگاداری ئەو هێرشانە نیمو خەمبارم لە بەرامبەر قوربانییەکان، ئەمە ناگونجێت، ئەگەر ئاگاداری ئەو هێرشانە نییە، ئەوا قەرەیلان سەرکردەی پەکەکە نییە، ئەگەر ئەو سەرۆک بێت، کەواتە ئەو راست ناکات ئەگەر بڵێت ئاگادارنیم، ئەو هێرشانەی ئەمدواییەی پەکەکە وەڵامێک بوو سەبارەت بە ئەگەری پرۆسەی ئاشتی».

ئێستا تێگەیشتنێک لە شەقامی سیاسیی تورکیادا دروستبووە، کە پەکەکە دەیەوێت لەسەرەوە داوای ئاشتی بکاتو سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیو دراوسێکانی تورکیا بۆخۆی رابکێشێت، لەژێرەوەش بەردەوام بێت لە هێرشکردنە سەر سوپا، ئەمەش بێ متمانەیی دروستکردووە لەنێوان پەکەکەو سوپادا، شرۆڤەکارانی سیاسی لە تورکیا ئاماژە بەوەدەکەن، کە هەرکاتێک ئەگەری نزیکبوونەوەو لێک تێگەیشتنی نێوان کوردو تورک رێگای ئاشتیو بەرەوپێشچوونی وەرگرت، ئەوا پەکەکە بابەتەکە ئاڵۆزدەکات، لە بەرامبەردا بۆچوونی دژ بەم رایە هەیەو باس لەوەدەکەن کە «تورکیا هەر پرۆژەیەکی ئاشتی بۆ کورد هەبێت، دەبێت کێشەی پەکەکە چارەسەربکات، ئەگەر نا، چارەسەر بۆ کێشەی کورد ئەستەم دەبێت». ئەم بۆچوونەش چەندینجار لەلایەن بەرپرسە کوردەکانی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتەوە خراونەتەڕوو، پرۆژەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە رێگاچارەی ئاشتیانە، چەندینجارە لەلایەن هەریەک لە سەرۆک وەزیرانو سەرۆک کۆماری تورکیاوە باسدەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی تائێستا پەکەکە لە هاوکێشەی ئاشتی چارەسەرەکەدا نییە، لایەنە کوردییەکانی تورکیا گەشبین نین بە هەوڵەکانی تورکیا، ئەگەرچی بەپێی درێژکراوەی ئاگربەستی دووەم بێت، پەکەکەو سوپا نابێت تا رۆژی ١٥ی ئەم مانگە هێرشبکەنە سەر یەکتر، لە بەیاننامەکەی پەکەکەدا هاتووە پەکەکە پابەنددەبێت بە ئاگربەستەکەوە، بەڵام ئەگەر هێرشیان کرایەسەر، ئەوان ماف بەخۆیان دەدەن بەرگریی لە خۆیان بکەن، بەڵام بەپێی هەواڵی ئاژانسەکان، تورکیا بەردەوامە لە زیادکردنی هێزو ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن، هەروەها دوانیوەڕۆی رۆژی دووشممە (٦/٨)، سوپا بە فڕۆکە بۆردومانی چەند ناوچەیەکی کردووە لە سنووری شرناخ، بەوهۆیەوە یەکەم رووبەڕووبوونەوە روویداوە لەدوای راگەیاندنی ئاگربەستی دووەم. کەواتە راگەیاندنی ئاگربەست لەلایەن پەکەکە، شتێکی ئەوتۆی نەگۆڕیوە لە پلانەکانی سوپا، هەروەها سوپا متمانەی نییە بە بەڵێنی ئاگربەستی پەکەکە، هەر بەو هۆیەشەوەیە کە بەردەوامە لە هێرشو ئۆپەراسیۆنەکانی.



# هەڵەکە بۆ تورکیایە یان پەکەکە؟

**جەمال ئیختیار**

سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی داوا لە حکومەتی تورکیا دەکات بە «ئیجابی» وەڵامی درێژکردنەوەی ئاگربەستەکەی پەکەکە بداتەوە، ئەو هەوڵەی پەکەکەی بە «هەنگاوێکی باش» وەسفکرد کە «هەڵگری نیەتی باشە».

باسکردن لەسەر چارەسەری مەسەلەی کورد لە کوردستانی تورکیا، راگەیاندنە گشتییەکانی ئەو وڵاتەی داگیرکردووە، ئەو مەسەلەیە تەنانەت بووەتە باسو خواسی کارمەندانو مووچەخۆرانی ناو دەزگاکانی ئەنقەرە، هەموو کەسێک باس لە پێویستی ئەو چارەسەرە دەکاتو لەو چوارچێوەیەشدا ئەحمەد تورک، سەرۆکی پارتی کۆمەڵگای دیموکراتی (دەتەپە) کە بە لایەنگری پەکەکە دەناسرێت، چەندینجار لێدوانو هەنگاوی بوێرانەی ناوەو ئەوەی خستووەتەوە بیری دەسەڵاتدارێتی تورکیا، کە هەلەکە لەدەست نەدەنو هەردوولای کێشەکەی بانگهێشت کردبوو کە چەکەکانیان دابنێنو پەنا بۆ چارەسەری دیموکراتی ببەن.

رۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا، چەنگیز جاندار هەڵوێستەکانی ئەحمەد تورکی بە «جوامێرییو شەهامەت» وەسفکرد، داوای لە هەمووان کرد کە لەئاستی رێزگرتن لەو جوامێرییو شەهامەتەدابنو لاپەڕەیەکی سپی بۆ مێژوو هەڵدەنەوە.

دەربارەی هەڵوێستە نوێیەکانی، سەرۆکی دەتەپە رۆژنامەی تودەی زەمانی تورکی دەنووسێت: ئەحمەد تورک داوای لە حکومەتی تورکیا کردووە، دەستی ئاشتی پەکەکە کە بە درێژکردنەوەی ئاگربەست بۆ تورکیا درێژیکردووە، بگوشێتو ئەو هەوڵەی پەکەکەی بەوە لێکداوەتەوە کە «نیەتی باش»ی هەیە بۆ هەوڵدان لەپێناو ئاشتیداو بە گرنگی وەسفکردووە.

رۆژی دووشەممە لە هەنگاوێکدا بۆ باشترکردنی کەشو دەرفەتی دروستبووی ئێستا لەنێوان تورکیاو پەکەکەدا، پارتی کرێکارانی کوردستان رایگەیاند، ئاگربەستەکەیان تا ناوەڕاستی مانگی داهاتوو درێژدەکەنەوە لەپێناو سەرخستنی هەوڵەکانی ئاشتیو چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لەو وڵاتەدا.

عەبدوڵڵا گویلو رەجەب تەیب ئەردۆگان، سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە چەندین بۆنەی جیاوازداو لەکاتی سەردانیان بۆ وڵاتانی دەرەوە، باسیان لەوەکردبوو کە تورکیا لەبەردەم دەرفەتێکی مێژووییدایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو «شتی باش» لەسەر ئەو مەسەلەیە روودەدەن، بەڵام تائێستا هیچ پلانێکیان بۆ چارەسەری مەسەلەکە نەخستووەتەڕوو.

ئەحمەد تورک کە لەبەردەم فراکسیۆنی پەرلەمانی حیزبەکەیدا قسەی دەکرد، وتی: هەوڵی ئاشتی تەنیا بەیەک لایەن ناچێتە پێشو پێویستە وەڵامی ئەو لایەنەی کە هەنگاوی بەکردەوەی بۆ مەسەلەکە هەڵگرتووە، بدرێتەوەو دەرفەتی چوونە پێشەوە بۆ مەسەلەکە برەخسێنرێت، سەرۆکی دەتەپە باسی لەوەکرد، کە ئەرکی زۆر گرنگ لەسەرشانی دەوڵەتی تورکیایە لە بەرامبەر کیشەی لەمێژینەی کوردو ئەو دەرفەتەی کە هاتووەتە پێش.

ئەحمەد تورک لەگەڵ ئەوەدا کە رەخنەی لە دەستەوستانی حکومەتی تورکیا گرت، لەبەرئەوەی «بەکردەوە هەنگاونانێت بۆ کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتەی کە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی دەرفەتێکی مێژووییە بۆ تورکیا»، داوای لەسەرۆک کۆماری تورکیا، عەبدوڵڵا گویل کرد کە دەستپێشخەربێت لە هاندانی کەسایەتیو زانایانی ئاکادیمیو رێکخراوە ناحوکمییەکانو سیاسەتمەدارانی تورکیا بۆئەوەی کۆببنەوەو رێگاچارەیەک بۆ کێشەکە بدۆزنەوە. بەڕای ئەحمەد تورک باشترین رێگا بۆ چارەسەری کێشەکە ئەوەیە کە سیاسەتی حکومەتی تورکیا گۆڕانی بە سەردابێت، لە جێگای مامەڵەکردنی سەربازییو ئەمنی لەگەڵ کێشەکەدا، لەسەر بنەمای دیموکراتی بەپیر مەسەلەکەوە بچێت، لەو چوارچێوەیەشدا تەئکیدی کردەوە لەسەر پێویستی دیالۆگ لەنێوان لایەنەکانی پەیوەندیدار بە مەسەلەکە بە پەکەکەشەوە کە پێویستە هەوڵەکانی هەردوو سەرۆکی کۆمارو سەرۆکی وەزیران لەپێناو مەسەلەکەدا یەکبخرێن.

سەرۆکی دەتەپە هەروەها خۆشحاڵی خۆی دەربڕی لەوەی کە لەم دواییەدا سەرۆکی پارتی نەتەوەپەرستی کۆماری گەل، دێنیز بایکاڵ پشتگیریی چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کوردی کردووە. هەڵوێستی لایەنە نەتەوەپەرستەکانی تورکیا بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بە گرنگ وەسفدەکرێت.

لەم دواییەدا رێکخراوە مەدەنیو ناحوکمییەکانی دیاربەکر پشتیوانیی خۆیان بۆ هەر هەنگاوێکی عەبدوڵڵا گویلو حکومەتی تورکیا دەربڕی لەپێناو چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورددا.

دوای ئەوەی کە چەندینجار باس لە پێویستیی چارەسەری ئاشتیانەی مەسەلەی کورد لە تورکیا کراوە، سەرۆکی تورکیا کەشی ئێستای بە دەرفەتێکی مێژوویی وەسفکرد، رەخنەکان لەسەر ئەوە چڕکراونەتەوە کە تائێستا هەنگاوی بەکردەوە هەڵنەگیراوە، سیاسەتمەدارانو چاودێران بە پێویستی دەزانن کە تورکیا بەکردەوە لەوبوارەدا هەنگاوبنێت.



# سەفسەتەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان (ی.ن.ک)و (پ.د.ک)

**ئاری ئەبوبەکر/دانیمارک**

ڕێککەوتنی ستراتیژی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان‌و پارتی دیموکراتی کوردستان، کە نەک هەر میللەت، بەڵکو زۆرێک لە ئەندامانی مەکتەب سیاسیی هـــەردوو حیزبەکەش نـــاوەرۆک‌و بەندەکانی نازانن، بەڵکو توتی ئاسا ریکلامی بۆ دەکەن‌و لە زۆربەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکاندا پێوستیەتی پاراستنی ئەو ڕێککەوتنە ستراتیژییە بە کارێکی حەتمی دەزانـــن بۆ ســەر ئەزموونی کوردستان.

تەنیا برگەیەک لــە ڕێککەوتنە ستراتیژییەکە کــە بــۆ ڕای گشتی ئاشکرایە، دابەزینی یەکێتی‌و پارتییە بە یەک لیست بۆ هەڵبژاردنەکان، دیارە بەیەک لیستبوونی هــەردوو زلهێزەکە لە هەڵبژاردنەکانی سەر ئاستی عێراقدا، شتێکە جێگای دەستخۆشییە، بەڵام لەسەر ئاستی کوردستان بەیەک لیستبوونی یەکێتی‌و پارتی، نەک هەر زەرەر لە پرۆسەی دیموکراتیبوونی ناوخۆی کورد دەدات، بەڵکو نیگەرانیی دۆستەکانمان لــەدەرەوەو لێڵی‌و ئیحراجییەکمان بۆ دروستدەکات لەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، هەم وتاری دۆزی کورد لە ناوخۆو لەبەردەمی هێزەکانی دیکەی عێراقدا کەمبایەخ دەکات.

دوو زلـهـێـزی وەک یەکێتی‌و پـارتـی، ئەگەر مـێـژووی سیاسییان خوێندنەوەیەکی ئۆبژێکتڤیانەی بۆ بکرێت، زۆر بەسانایی دەردەکەوێت کە جیاوازیی ئەم دوو پارتە هێندەی ئاسمان‌و ڕێسمانە، دیارە خوێندنەوەی ئێمە بۆ مێژووی سیاسیی ئەم دوو هێزە، هێندەی هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیەکی لۆژیکیانە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو مەتەڵەی کە ناویان لێناوە (ڕێککەوتنی ستراتیژیی)، هێندە هەوڵێک نییە بۆ نیشاندانی باشی‌و خراپیی یەکێک لەم دوو هێزە، چونکە ئەگەر نەفەسی ئەم ڕێککەوتنە ستراتیژییەی یەکێتی‌و پارتی بتوانێت بۆ ماوەیەک سییەکانی ئەم دوو هێزە پرئۆکسجین بکات، ئەوا دەبێت ڕۆژێک بێت کە پینەو پەڕۆی ئەم نەفەسە دەستکرد (سناعی)ە کــورت بهێنێت‌و مەرگی ئــەم بەناو ڕێککەوتنە ستراتیژییەی یەکێتی‌و پارتی ڕابگەیەنرێت.

کورد پێویستی بە هەردوو حیزبەکەو هەموو حیزبەکانی دیکەش هەیە، ئەگەر بتوانن فرەڕەنگی خۆیان بپارێزن، ئەگەر هەر حیزبێکیان بتوانن بەرنامەی جیاوازتریان پێبێت لە هێزەکانی دیکەی سەر ساحەکە، بەرنامەی جیاواز بەو مانایەی کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکیدا بتوانن فەلسەفەی سیاسی‌و ئیداریی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەوشێوەیەی کە گۆڕانی ژیانی خەڵکی بۆ باشترو باشترین ئامانجی سەرەکیان بێت، مەسەلە ستراتیژییەکانی کورد ببێتە بڤەیەک بۆ هەر هێزێکی دیکەی عێراق کە بیەوێت گەمە بە مەسەلە ستراتیژییەکانی کـــوردەوە بـکـات، هاوپەیمانێتی دروستکردن لەسەر هەموو ئاستەکان لەسەر مەبدەئی (زۆرتـریـن قازانج‌و کەمترین زەرەر) بە کورد، وەک نەتەوەو جڤات بکرێتە پێوەر.

ئەوەی کە هەمیشە یەکێتی‌و پارتی جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوەیە کە ئەوان بۆ ماوەی چەند ساڵێک بەیەک لیست بەشداری هەڵبژاردن دەکەن. ئەگەر گەمەی بە دیموکراتیبوونی سیاسەت سەرەتایەکی هەبێت‌و دەستپێکێک هەبێت بۆئەوەی هێزە سیاسییەکان بتوانن هێواش هێواش خۆیان دەست‌و پەنجەی خۆیان لەگەڵ گەمە سیاسییەکانی ناو کایەی دیموکراتی نـەرم بکەن، ئەوا پێویست بـوووەو پێویستە ئەم دوو زلهێزەی کوردستان لەئێستاوە بە لیستی جیا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، تا نەبنە ئەو کەسەی کە بیەوێت لە پلیکانەی یەکەمەوە قەڵەمباز بدات بۆ پلیکانەی چوار یان پێنج، چونکە ئەگەر ئەم دوو هێزە لەئێستادا بە بەرنامەی جیا خۆیان بۆ هەڵبژاردن نەخەنەڕوو، کـەواتـە لـە داهـاتـوودا هەزمکردنی پـڕوپـاگـەنـدەی سیاسی دژ بەیەک دەبێتە گرفتێک، کە پێشهاتی خراپی لێ چاوەڕواندەکرێت، چونکە ئەگەر ئەم دوو زلهێزە سێ یان چوار هەڵبژاردن بێ پڕوپاگەندەی دژ بەیەک دابەزن، زۆر سەختە بتوانن لە داهاتوودا هەڵمەتی دژبەیەکی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن قبوڵ بکەن، بەتایبەتیتر کە ئەم هێزانەی ئێمە ئەزموونی تاڵیان هەیە بەرامبەر بەیەکترو لە نەریتی قبوڵکردنی هێزی جیاوازدا زۆر دەستکورتن.

لەسەر ئاستی عێراق‌و هەرێمیی، گەورەترین گرفتی سیاسیی کوردی ئەوەبووەو ئەوەیە کە هەموو هێزەکان یەک قاڵب، یەک بۆچوون‌و یەک باوەڕبوون لەسەر مامەڵەکردنی سیاسەتی کوردی لەگەڵ چـواردەورو هاوسێکانی کورد، نزیکترین نموونەش هەبوونی هاوڕایی گشتیی هەموو پارتە سیاسییەکانی کورد لەسەر فیدراڵیزمی عێراق‌و لکاندنی کورد بە عێراقەوە، خۆ ئەگەر تەنیا بە وتارو لە قاڵبی تیۆری (نەزەری)یشدا بوایە، ئێمە پێویستمان بە هێزگەلێک هەبوو کە لانیکەم داوای سەربەخۆیی یان دابڕان لە عێراقی بکردایە، ئەمجۆرەش لە گەمەی سیاسی بێشومار نموونەی هەیە لە هەموو ئەزموونی دونیادا بە عێراقی ئێستاشەوە، زیندووترینیان موقتەدا ســەدرەو تەیارە سیاسییەکەیەتی، کە ئێستاشی پێوەبێت دانی خێر بە هیچ هێزێکی دەرەوەی خۆیاندا نانێن، داوای عێراقێکی بەهێز دەکەن، دژی ئەمریکان، لەگەڵ سوننەدا دانویان ناکوڵێت، دژی زۆربەی داواکارییەکانی کوردن، لەکاتێکدا ئەنجومەنی ئیسلامیی عێراق‌و حیزبی دەعوە زۆر نەرمتر مامەڵە لەگەڵ کۆی گشتیی هاوکێشە سیاسییەکانی دیکەدا دەکەن، هەرچەندە هەموشیان شیعەن‌و مەرجەعی دینی‌و سەرچاوەی مەعریفی‌و سیاسییان زۆر نزیکە لەیەکەوە.

دۆزی کورد بە بڕوای بەندە پێوستی بە حیزبێک، دەستەیەک‌و گروپێک هەبوو و هەیە کە لانیکەم دژی کۆمەڵێک پرۆسەی سیاسیی عێراق، ئەمریکا، دراوسێکانی کوردستان بێت‌و لە شێوەگەلی وەک نارەزایی دەربڕین لە ڕێگای ڕاگەیاندن‌و وتارنووسین، هەڕەشەی مانگرتن‌و ڕێپێوانی دەستەجەمعی سەرتاسەریی، بایکۆتکردنی پەرلەمانی عێراقی، هـەڕەشـەی دروستکردنی دەوڵـەتـی کوردی، داوای مانگرتن‌و هەڵپەساردنی پەیوەندی بە عێراق، تورکیا یان ئێران، بۆئەوەی لەم ڕێگایانەوەوەک هەر وڵاتێکی دیموکراتی هێزگەلێکی لە ئەمپەڕی ڕاستەوە تا ئەوپەڕی چەپ بەم دەنگە جیاوازانە، سەقفی داواکارییەکانی کورد پانوبەرینتر ببوایە، وەک هەر گەمەیەکی سیاسیی دیکە لانیکەم داواکارییەکانمان لەئاستی مامناوەندیدا جێبەجێبکرایە یان جێبەجێبکرێت، بەمانایەکی دیکە بۆئەوەی کەرکوک بگەڕێنرێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، پێویستمان بە هێزگەلێکی جیاوازتر هەیە لە حیزبە باڵادەستەکان، کە داوای گەڕاندنەوەی کەرکوک‌و موسڵ بکات بۆ سەر هەرێم، تا هێزە دژەکان بە گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان ڕازی ببن، ڕێپێوانی گشتی بکات دژی هاتنی عەبدوڵڵا گویل‌و داوای نەبینی بکات لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە، تا زەمانەت دەدرێـت بە ڕاوەستاندی بۆمببارانکردنی هەرێم.

بەمەش دوو دەستکەوت ئیزافە دەبێتە سەر ئەزموونەکە، یەکەم، هەمیشە هێزە دژەکوردەکان دەترسێنێت بەوەی کە دەنگێک هەیە لــەدەرەوەی ئیرادەی سیاسیی دەسەڵاتدارانی کورد لە بەغدا، کە سەقفی داواکارییەکەی زۆر زیاترە لە دەسەڵاتدارانی کورد، بۆیە ئەگەر هێزە دژە کوردەکان بە داواکارییە سیاسییە مامناوەندییەکان پێک نەیەن لەگەڵ کورددا، ئەوا ترسی بە جەماوەربوونی ئەم دەنگە نارازیانە هەیە، دووەم، پیشاندانی ڕووە دیموکراتییەکەی هەرێمی کوردستان بۆ بەرچاوی دەوروبەرو دەرەوە، بەوەی کە ئەزموونەکەمان دیموکراتییەو دەنـگـی جـیـاواز هـەیـە لـــەدەرەوەی ئیرادەی دەسەڵاتداران، کە ئەمەیان بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان زۆر بەسوود دەبوو یان دەبێت، بەوەی کە هەم خۆیان لە ئیحراجبوون دەدزییەوەو هەم دەنگی دڵێری خۆیان بۆ دەرەوە دەردەخست بەوەی کە ئەمان دیموکراتین.

Arei1976@hotmail.com

# هەڵبژاردن‌و چاوەڕوانییەکانی خەڵک!...

**دارا مەحمود**

داهاتوو بڕیاردەدات داخوا ئەو بەڵێنانە کە بەرپرسان پێش هەڵبژاردن بە خەڵکی کوردستانی دەدەن، چەندە واقیعین‌و یانیش خاوەن بەڵێنەکان چەندە ڕاستگۆن..! بەڵکو با چاوێک بە ڕابردوودا بخشێنینەوە، کە مەگەر لە ڕێگای درۆو بەهەڵەدابردنەوە، دەنـا ناکرێت گومان لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت، ڕابـردوو بە هەموو ئەو ڕووداوانـــەوە کە لەخۆی دەگرێت، بریتییە لە هەبوونێکی ڕەهاو جێگای شیمانەی تێدا نابێتەوە.

بۆیە لەکاتێکدا کە دەخوازین ڕابـــردووی چـەنـد ســاڵـەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا هەڵسەنگێنین، ئەو پرسیارانەی کە داخوا چەندە کاری باش ئەنجامدراون‌و دەستکەوتەکان کامانەن‌و ئەدای پەرلەمان‌و حکومەت لـە چ ئاستێکدا بـــووە، بـە گشت وەڵامەکانیشەوە، تەنیا نیوەی ئەو ڕابـردووەیـەو هێشتا هێندەی دیکە پرسیار مـاون کە بـەدوای وەڵامـدا دەگەڕێن.

بـۆ نموونە کاتێک دەوتـرێـت لـەمـاوەی تەمەنی ئـەم پەرلەمان‌و حکومەتەدا چەند پارە خەرجکراوە، دەبـێـت بپرسین ئــەدی چەندەش پارە هاتووەتە ئەم هەرێمەو داهاتی ڕاستەقینەی ئەم ناوچەیە چەند بووە.

هــەروا لەکاتێکدا کە دەپرسین ڕێــژەی بێکاریی لە کوردستاندا چەندە، دەبینین لەچاو ناوچەکانی دیـکـەی عـێـراقـدا لەئاستی هــەرە خوارەوەدایەو دەســەڵات بە یەکێک لە شانازییەکانی خۆی لەقەڵەمدەدات. پێویستیشە بپرسین لەناو ئەمانەدا کە لە دەزگاکاندا بەهەر کارو پلەیەک بێت لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا دامەزرێنراون چەندیان بە لێوەشاوەیی لەسەر کار دامەزراون‌و چەندەشیان لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبایەتی‌و خزمخزمێنەو واسیتەو بڕوانامەی ساختەوە...؟

دیسان کە دەپرسین ئەم دامودەزگا دەوڵەتیانە کامانەن کە دەسەڵاتی دوو حیزب دروستیکردوون، دەشبێت بپرسین ئـایـا بـەڕاسـت دەزگـــای پێشمەرگە، ئاسایش‌و هەواڵگریی، داراییی.. دەزگای حیزبن یان حکومەت‌و بە گشتی کەسێک هەیە لەناو دەسەڵاتدا سنوورەکانی نێوان حیزب‌و حکومەت نیشانی خەڵک بدات...؟

یان کاتێک کە ئاستی ئازادییەکان بە بــەرز دەنرخێنرێن، خۆ دەبێت سۆراغێکی ئاستی بـەرابـەریـی‌و پەیڕەوکردنی عەدالەتیش بکەین.

ئـەمـانـەو چـەنـدان پرسیاری دیکەی هاوشێوەیان کە لایەنگرانی دەســـەڵات ئــەم ڕۆژانـــە هەرگیز بــەلای وەڵامـدانـەوەیـانـدا ناچن، دەسەڵاتێکمان دەهێنێتە بەرچاو کە گەندەڵی، ساختەکاریی، پەیڕەوکردنی نابەرابەریی‌و ناعەدالەتی لە هەموو ئاستەکاندا سیمای هــەرەدیـارو ئاشکرایەتی.

خراپترین دەسەڵاتێک کە لە جیهاندا هەیە، بەشی ئەوەندە کاری باش هەردەکات کە لەکاتی پێویستدا توانای ژماردنیانی هەبێت. ئەگەرچی ئەم دەسەڵاتە بە خراپترین نازانین، بەڵام ئایا لە هەموو جیهاندا دەسەڵاتێک هەیە دانی بەمەدا نابێت کە گەندەڵی لەناو سیستمەکەیدا هەیە، کەچی لەناو ئەم هەموو دامودەزگاو میکانیزمانەی بەردەستیدا داوا لە خەڵک بکات بەڵگە بهێننەوەو بیسەلمێنن..؟

دەسەڵاتی دوو حیزب، ئەوەی لە هەگبەکەیدا بوو پێشکەشی کرد، سیستمی حیزبایەتیی کلاسیکیش گەیشتووەتە دوا مەنزڵگای خۆی، نـە بـە ریفۆرمی ڕواڵـــەتـــی، خۆی پێ نوێدەکرێتەوەو نە خوازیاری گۆڕانیشە لە ناوەرۆکدا، ئەوەی لەم هەڵبژاردنانەش چاوەڕواندەکرێت، سەرکەوتنی ئەم لایەنەو ژێرکەوتنی لایەنێکی دیکە نییە، بەڵکو گۆڕانکاریی ڕیشەیی لــەم سیستمە کلاسیک‌و پەڕپوتەیە کە لە ئەسپێکی پیری مـانـدوو دەچـێـت‌و چیتر تـوانـای ڕاکێشانی گالیسکەی کۆمەڵگای نەماوە، هەر لایەنێکیش بانگەشەی نوێبوونەوەو گۆڕانکاریی بکات، لەم قۆناغەدا لانیکەم پەیامی ئەنجامدانی سـێ ئـەرکـی ســەرەکـی دەکەوێتە سەرشان:


١- جوێکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەت لەیەکتر.

٢- پەیڕەوکردنی شەفافیەت، بەتایبەتی لەبوارەکانی دارایـی‌و ئابووریدا.

٣- چەسپاندنی عـەدالـەت‌و بەرابەریی‌و سەروەریی یاسا.


# نانبڕین وەک داهێنانێکی دیکەی حیزب

**عەبدوڵڵائەحمەد**



نـــەریـــتـــی دەرکـــــــــردن‌و نانبڕین دەمێکە لــە خــەیــاڵــدانــی حیزبی کوردیدا خۆی مەڵاسداوە، حیزبی دەسەڵاتدار ســەلــمــانــدی کە هــەرکــەســێــک لەگەڵیدا نەبێت، یان هەر بۆچونێکی جیاوازی هەبێت، ئەوا ئامادەیە ڕووە ڕاستەقینەکەی خۆی نیشانبدات کە دەتوانێت نانی ببڕێت‌و نان وەک ئامرازێکی فشار بەکاربهێنێت دژ بــەوانــەی (نــا) هــەڵــدەبــژێــرن، ئەم نەریتە کتومت نەریتی ڕژێمە تۆتالیتارەکانمان بیردەخاتەوە، کە دەیانەوێت ڕاوی هاوڵاتییان بکەن لەڕێی بژێویی ژیانیانەوە، مایەی شەرمەزارییە کە دەبینین لەسەر دەستی کەسانێک کە لە ڕابـردوودا شەڕی دیکتاتۆریەتیان کردووە، ئێستا نانی هاوڵاتییان‌و هاونیشتمانیانی خۆیان دەبڕن، ئەم هەڵمەتی نانبڕینە لەکاتێکدایە کە بەرپرسەکانی یەکێتی‌و پارتی ڕایدەگەیەنن کە مانگانە زیاتر لە شەست ملیۆن دۆلار لە حوکمەت وەردەگـــرن، ئــەم لێشاوە زۆرەی بودجەی هەرێم کە کەس نازانێت بە چ پێوەرێک وەریدەگرن‌و چۆن سەرفی دەکــەن، بە ڕەوا دەبینن بۆخۆیان، وەک ئەوەی تەنیا ئەوان شوناسی کوردبوونیان پێبێت، ئەو جەماوەرە زۆرو فراوانەی دیکە کە ئێستا داوای گۆڕان دەکەن‌و نارازین بەو واقیعەی یەکێتی‌و پارتی‌و ئەو حکومەتە حیزبۆکراتیەی کە هەیانە، لە دونیایەکی دیکەوە هاتبن، بۆیە وا بەوشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن، ئەوەی جێگای تێڕامانە. ئەو پارەیە هی خەڵکەو ئەوان دەستیان بەسەرداگرتووەو بەهەدەری دەدەن، وەک دەبینین پارە لای ئەم دوو حیزبە ئامرازێکە دەیانەوێت ئەو دەنگە زۆرو فراوانەی شەقامی کوردی لە ڕێگای جـۆراوجـۆرەوە پێ کپکەن، بەڵام نارەزایی خەڵک لەئاستێکدایە ئاستەمە بتوانن بە پـارەو نانبڕین ڕێگریی بکەن، ئەم مۆدێلە تازەیەی حیزبی کوردی کە دەیەوێت لە ڕێگای بژێویی ژیانەوەو دەستبەسەرداگرتنی شیری منداڵەوە، خەڵک بکاتە کۆیلە، ئەوە نمایشدەکات کە حیزب لە گەورەترین هەرەسی ئەخلاقی ویژدانیدا دەژی‌و بەشێوەیەک تووشی شیزۆفرنیا بـووە، بیرناکاتەوە لــەوەی کە ئەم دیــاردەی نانبڕینە دیاردەیـەکـی مەترسیدارە، ئەوەندەی دیکە خەڵک دەوروژێنێت بەرامبەریان‌و زیاتر خەڵکی ناوەرۆکی حیزبی کوردیان بۆ دەردەکەوێت، بەشێوەیەک کە ڕۆژانە ئەم مەسەلەی دەرکـردن‌و نانبڕینە بووەتە وێردی سەر زمانی خەڵکی‌و ڕۆژنییە ئەم دیاردەیە نەبێتە مایەی نیگەرانیی‌و بێزاریی هاوڵاتییان، من دەپرسم لەوانەی بوونەتە هۆی نانبڕینی ئەو خەڵکە، ئایا ئەمە چ ویژدانێکە بیر لەوەناکاتەوە خێزان‌و منداڵی ئەو کەسانە ژیانیان دەوێت، ژیانێکی سـادەو ساکار، بـەڵام بۆ ئەوەشیان پێ ڕەوا نابینن؟ ئایا ئەمەیە دەستکەوتەکانتان‌و دیاریتان؟ ئایا ئەمەیە ئازادیی‌و دیموکراتیتان؟ کە هەژدە ساڵە دەیدەن بە گوێماندا، من دەپرسم لە چ وڵاتێکی دیموکراتیدا لەسەر ڕای جیاواز، نان‌و ژیان لە خەڵک بڕاوە؟ یان ئەمە داهێنانێکی دیـکـەی حیزبی کوردییە لەکاتی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا.

## ئاسۆبینی



# ڕۆشنبیر... ترس‌و هەڵوێست

سۆران عەبدولقادر کۆستە

چۆنایەتی‌و چەندایەتی ڕۆشنبیرانی هەر کۆمەڵێک، ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی داهاتووی کۆمەڵەکەیەو بەهۆیەوە دەتوانرێت پێشبینی پاشەڕۆژی بۆ بکرێت. کاتێک باس لە ڕۆشنبیرو توێژێک دەکەین جیاواز لە عەوام، دەبێت لەسەر دوو ئاستی دیاریکراو بوەستین: ئاستێک ئاستی خەلق‌و داهێنان‌و ئاراستەکردنی کۆمەڵ، هەروەها ئاستێک ئاستی بیرکردنەوەی ڕۆشن‌و هەڵوێستوەرگرتن. هەڵوێستوەرگرتن هەمیشە بڕیارە، وەرچەرخانە، ئێستا لەبەردەم ئەو دیاردەو ڕەوشانەدا کە وەک هەل دێنە پێش، یان وەک مەترسیی دەردەکەون. گومانی تێدانییە هەردوو ئاستەکەی ڕۆشنبیریی دەبێت هەڵوێست وەربگرێت‌و ئەو ئێست‌و وەرچەرخانانە بەڕێوەبەرێت، پشتیوان لە هەل‌و دەرفەتەکان بکات‌و بەر بە مەترسییەکان بگرێت.

زۆر دەمێکە خەڵکی کوردستان لە بۆتەی مەترسییەکی گەورەدا ژیان دەگوزەرێنێت، مەترسیی باڵادەستی سیاسەتی تاک ڕەوتی‌و بەردەوام تەشەنەکردنی دیاردەی گەندەڵی، سەرئەنجامی ئەم مەترسیانەش هێدی هێدی خەت‌و خاڵی لاوازی دۆزی کورد لەسەر ئاستی ئیقلیمی‌و جیهانیش بەدیاردەکەوێت، لەم پێوەندەدا چەمانەوەی ڕۆشنبیر بەسەر ناخی خۆیداو هەڵوێست وەرنەگرتن‌و پشتیوانی نەکردن لە بیروبۆچوونە پڕ چارەسەرەکان، تەنیا بنەڕەتێکی هەیە، ئەویش بنەڕەتی ترسەو دەبێت لەسەر ئەم ترسە ڕاوەستین‌و بیرەوێنینەوە.

یەکێک لە فەزیلەتەکان کە پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێک خۆی بەخاوەنی بزانێت، بریتییە لە دانپێدانان بۆ هەڵەو کەموکوڕییەکان، دانپێدانان بەتەنیا لە شیکردنەوەو تەفسیردا ناوەستێت، بەڵکو دەبێت ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت‌و پشتیوانیی لە چارەسەر بکات.. لێرەدا وتەی فەیلەسوف‌و زانای گەورەی ئەڵمانی، کارل مارکس دەخوازینەوەو دەڵێین هەمیشە کاتی ئەوەیە دونیا بگۆڕین نەک بەس بەتەنیا تەفسیری بکەین. ئەو گرۆیە لە نووسەرو ڕۆژنامەنووس‌و پسپۆڕەکان کە پێیانوایە بێلایەنی بریتییە لە پشتیوانی نەکردنی کەس، بێلایەنی باشترین شورایە بۆ خۆپاراستن‌و ئەرکی ڕۆشنبیر بەتەنیا شیکردنەوەو هەڵوێستەیە لەسەر دیاردەکان.. ئەوە جۆرێکە لە ترس‌و پاسیڤکردنی خودی ڕۆشنبیر، بێلایەنی لەوشوێنەوە دەستپێدەکات کە مرۆڤ خاوەنی ئیرادەی خۆی بێت‌و کوێرانە پشتیوانیی لە هیچ ڕەوت‌و بزووتنەوەیەک نەکات، بەڵام لە سەروبەندی قەیرانەکانی کوردستان‌و گرفتی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریداو لەشوێن ئامادەیی دەیان ئاراستەی بیرکردنەوەو پێشنیاز بۆ چارەسەردا، ئەگەر ڕۆشنبیر نەتوانێت لە وەرچەرخانێکدا هەڵوێستە بکات‌و بڕیارەکانی خۆی بخاتە خزمەت خەڵکەوە، ئەگەر ڕۆشنبیر موحافزکارانە وابەستەی خۆهەڵپەساردن بێت بە خواستەکانی دەسەڵاتەوەو لە کەنارەکانی بێلایەنیدا پاساوی خۆی بداتەوە، ئەو ترسە ناهێڵێت مرۆڤی ڕۆشنبیر چوستییەکانی خۆی بخاتە خزمەت پرۆسە گشتییەکانەوە، بەمجۆرەش ترس‌و کلتووری ترس، ڕۆشنبیرو فەرمانی ڕۆشنبیریی تاوانبار دەکات، لەلایەکی دیکەوە هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی لە کات‌و شوێنی خۆیدا، ئەگەر لەلای خەڵکی عەوام گوناهێک بێت، ئەوا لەلای توێژی ڕۆشنبیر تاوانە، ئەم تاوانەش دەبێتە تاوانێکی گەورە ئەگەر هاتوو ڕۆشنبیر دانی بە کەموکورتییەکاندا نەناو پشتیوانیی لە گەندەڵی‌و قۆرخی پانتایی‌و بەرژەوەندییە گشتییەکان کرد. لەم پنتەوە بەرپرسیارێتی مێژوویی دەبێتەوە حاکم‌و سیڤی خەڵکی ڕۆشنبیر ڕەنگدەکات‌و بێلایەنیی ناتوانێت بێ ڕەنگی بپارێزێت.

کلتووری ترس لەلای خەڵکی ڕۆشنبیر، بنەڕەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ترس لە ئینتیما، بۆ ترس‌و نەبوونی بوێریی لە بنەڕەتدا، هەروەها بۆ ترس لە ئیلتیزام‌و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی. سیستمی سیاسیی کوردستان‌و هەژموونی زلحیزبەکانی ئەم هەرێمە بەدرێژایی چەندین ساڵە هەموو ئەم چەمک‌و زاراوانە ناشرین دەکات، گەندەڵکاریی لە گەندەڵکاریی سیاسی‌و مۆراڵی‌و ئیداریی دەترازێت‌و دەگاتە گەندەڵکاریی زمانەوانیش، بە بەردەوامی وشەکانی ئینتیماو حیزب‌و بزووتنەوەو ڕێکخراو... تاد، ناشرین دەکات، ترس لەم ناشرینیانە هەندێک لە ڕۆشنبیرانی تــەواو بەهەڵەدا بــردووەو پێشبینی دەکرێت ئەو توانایانە دەرکەنار بکەون، ترسێک لە نەبوونی بوێرییەوە هەمیشە خەڵکی خوێندەوارو پسپۆڕی بەشێوازێک ڕاهێناوە لە داهێنان‌و بەشداری چارەسەردا، لەڕووی سایکۆلۆژییەوە چاوەڕێی سەروو خۆیان بن‌و لە دەستپێشخەریی‌و پەلاماری چەمکەکانی چارەسەردا نەوێرن. ترسێک لە ئیلتیزام‌و وەرگرتنی بەرپرسیارێتی پانتاییەکان بۆ خەڵکی دیکە چۆڵ دەکات، ئیدی کۆمەڵگای کاری سیاسی بۆ خەڵکی ناڕۆشنبیر، فراوانترو خەڵکی ڕۆشنبیریش ناسیاسیتر دەبنەوەو حوکم لە چۆنێتیدا دەبێتە حوکمی عەوام.

بەدەر لە ڕابەرایەتی‌و گۆڕینی ئاراستەکانی حوکمکردن‌و بەڕێوەبردن‌و سەرکردایەتیکردن، خەڵکی ڕۆشنبیر دەتوانن لە وەرچەرخانەکاندا هەڵوێستە بکەن‌و بەشداری بکەن‌و لە تەفسیرو تەئویلی خۆشیان نەوەستن، بەردەوام بێلایەنی خۆیان بپارێزن. کۆمەک بە پرۆسەیەک لە دۆخێکی قەیراناویی وەک ئەمڕۆدا، هیچکام لە نووسەرو ڕۆژنامەکانیان‌و گۆڤارەکانیان ناشرین‌و لەکەدار ناکات، هێندەی وەک هەڵوێستێکی گشتی دەدرێتە قەڵەمی مێژوو.



# کاتێک ڕووداوەکان ناخی حیزبەکان ئاشکرادەکەن!

هەورامان محەمەد

کاتێک دەسەڵاتی سیاسی لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکانییەوە هەق بەخۆی دەدات کە بە هەموو شێوازێک باس لە ئیجابیی کاروبارەکانی سیاسی‌و ئیداریی خۆی بکات، هەمیشە ئاوێنەیەکی دووڕوو بەکاردەهێنێت، بەتایبەتی ئەو ڕووە پیشانی کۆمەڵگا دەدات کە بە گەورەیی خۆی بنوێنێت، کارە نێگەتیڤەکانیشی بە ڕووە بچووکەکەیدا دەهێڵێتەوە، تا ئێرە دەسەڵاتی سیاسی هەقی خۆیەتی کە بیەوێت بە چ شێوازێک هەنگاوبنێت‌و پڕوپاگەندەکانی بخاتە ناو مەیدانی ئەو مەزاتەی کە ئایا کۆمەڵگا جارێکی دیکە وەک کڕیارێکی ناهۆشیارانە لەئاست شاردنەوەی هەقیقەتەکاندا دەکرێت، بە نرخی ئەمڕۆی بیرکردنەوە جیاوازەکان بە هەمانشێوە دروشم‌و پڕوپاگەندەکانی لێبکڕێتەوەو دەسەڵاتی سیاسیش لە ساغکردنەوەی کاڵا سیاسی‌و ئابوورییەکانی بەسەر کۆمەڵگادا، بۆ هەڵبژاردنێکی دیکە جێگای متمانەی کۆمەڵگا دەبێتەوە؟

بۆیە پێویستە لە ڕوانگەی ئەو بانگەشە ئیزدیواجیانەی کە ئەمڕۆ لە چەندین کەناڵی جیاوازی ڕاگەیاندنی دەسەڵاتی سیاسی گوێبیست دەبین، ناچاردەبین هەڵوەستەیەک بکەین‌و لەکاتی ئەم بانگەشەو پڕوپاگەندانەدا بچینە دونیای بیرکردنەوە، جارێکی دیکە بە ڕەفتارەکانی ڕابردووی ئەمڕۆی دەسەڵاتدا گوزەربکەین، پێویستە هەموو ڕۆشنبیرێکی بەویژدان لەپێناو گۆڕان‌و دەرخستنی ڕاستییەکاندا، ئەرکی تەنیا دەنگدان نەبێت، بەڵکو هۆشیارکردنەوەی دەنگدەرانیشی بۆ مێژوو لەئەستۆیە، چونکە بەپێی قسەکانی ئەمڕۆی دەسەڵاتی سیاسی بێت، دەیانەوێت بە کۆمەڵگا بڵێن ئێوە ڕەعیەتن‌و دەبێت بەیعەت بە ئێمە بدەنەوە.

ئەگەر ئەمڕۆ بڕوانینە گۆڕانکارییەکانی کاری ئیداریی ناوشارەکان، ناتوانین بڵێین هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە سیمای شارەکانی ئەمڕۆدا بەدیهاتووە، بەڵام هەر لەپێناو ئەم باسەدا کۆمەڵگا هەقی خۆیەتی چەندان پرسیاری جۆراوجۆر لە هزریدا دروست ببێت، بڵێت ئایا بۆچی تەنیا لەدوای ڕووخانی ڕژێمی عێراقەوە پرۆژە ستراتیژییەکان دەستپێیکرد؟! ئایا ئەم پرۆژە خزمەتگوزاریانە لەئاست هەموو شارو شارۆچکەکاندا بەبێ جیاوازیی وەک یەک وان؟! ئایا ئەمریکا خەرجیی ئەم پرۆژانەی دابینکرد؟! یاخود بە پارەی کەڵەکەبووی کۆنی گومرگەکانی (ئیبراهیم خەلیل‌و باشماخ‌و حاجی ئۆمەران) کران؟! ئایا لەماوەی هەژدە ساڵدا پارتی‌و یەکێتی نەیاندەتوانی بە پارەی کۆکراوەی خۆیان، کارەبای سەرتاسەری کوردستان بۆ هاوڵاتییان دابین بکەن؟! ئایا بوونی پرۆژەی کارەبای ئێستا، هاوکاریی مادیی‌و مەعنەویی هاوپەیمانان نییە؟!

ئەم پرسیارانەو کۆی گەلێک پرسیاری دیکەش، کە ئەمڕۆ لە هزری هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەدا دێتەئاراوە، کە کاتێک دەسەڵاتی سیاسی بە هەموو شێوەیەک دەیەوێت وەک خۆڵ لەچاوکردنێک لەئاست کارکردن‌و ڕووداوەکانی دوێنێ‌و ئەمڕۆدا بەرامبەر بە کۆمەڵگا بخولقێنێت، ئەمەش لەپێناو پەردەپۆشکردنی کارە نێگەتیڤەکانیدا لەڕووی ناعەدالەتی‌و وڵات بە شامی شەریف ناوزەد بکات، هەروەها وای نیشانبدات لە سەردەمی ئەودا بە قەولی مەزهەب گوتەنی لەڕووی خۆشگوزەرانی‌و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی مرۆڤەوە، هەموو بەرپرسێک لەگەڵ هاوڵاتییەکی ئاسایی ئەمڕۆی ناو کۆمەڵگادا وەک یەک وان‌و پێکەوە ئاودەخۆنەوە.

زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی بوونی بیروڕای ئازادو میدیای سەربەخۆ بۆ فەرهەنگی سیاسیی خۆی، بەڕاستی من زۆرجار کە گوێبستی ئەم قسانەی دەسەڵات دەبم کە لەبەر شاشەی تەلەفزیۆن دانیشتووم، تەریق دەبمەوەو خواخوامە کەس هەستم پێنەکات کە بۆ بەرنامەیەکی وەها دانیشتووم! چونکە بەڕاستی ئەوجۆرە بەرنامانە جگە لەوەی لەڕووی سایکۆلۆژییەوە گەورەترین جەنگی دەروونی بۆ کۆمەڵانی خەڵک دەسازێنێت، لە هەمانکاتیشدا شۆڕشێکی چەواشەکارانەیە لەئاست پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگادا، چونکە باشترین نموونە بۆ تێگەیشتن لەسەر بیروڕای ئازادو میدیای سەربەخۆ، مێژووی لەدایکبوونی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) باشترین نموونەی زیندووە، کە لەکاتێکدا دەرچوونی ئەو ڕۆژنامەیە لەئاست دەرخستنی کەموکوڕییەکانی دەسەڵاتی سیاسی‌و ئیداریی لە هەرێمەکەدا، تاکە سەرچاوەیەک بوو بۆ تینووشکاندنی کۆمەڵگا، زۆرجار دەسەڵاتی سیاسی لە کەناڵی ڕاگەیاندنەکانەوە باس لەوەدەکات ئەو دەسەڵاتێکی ڕەهایەو باری ئاشتی‌و ئارامی بۆ کۆمەڵگا دابینکردووە! پێویست بەوەناکات پەنابەرێتە بەر کاری توندوتیژیی، زۆرجاریش لە بواری هەندێک لە قسەی بەرپرسانی دەسەڵات بە ناوکێش هەندێک قسە بۆ کۆمەڵگا فرێدەدرێت، کە بۆنی ئەوەی لێدێت بە کۆمەڵگا بڵێن «ئەوە ئێمەین ئێوەمان لە مەرگ ڕزگارکردووەو ژیانی ئاشتی‌و ئارامیمان لە هەرێمەکەدا بۆ دابینکردوون، پاداشتی وەفای ئێوەش بۆ ئێمە لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، دەنگدانەوەتانە بۆ ئێمە»، ئەگەر ئەم قسانەی ئەمڕۆی ناو کەناڵی ڕاگەیاندنەکان بەشێک بێت بۆ داپۆشینی ڕووداوە دڵتەزێنەکان کە بەرامبەر کۆمەڵگا ئەنجام دەدرا، ئیدی چ مانایەک دەمێنێت بۆ ڕاستی گوتەی ئەمڕۆی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان کە هێشتا بە ڕەسمیی وادەی نەهاتووەو ئێوە شیری دروشمە باق‌و بریقەکانی خۆتان لێدەرهێناوە! دیارە بێئاگان لە جوڵانەوەی کۆنی خۆتان بەرامبەر بە کۆمەڵگا.

ئەی هەر دوێنێ نەبوو لەژێر دەسەڵاتی ئێوەدا توندوتیژیی بەرامبەر بە کۆمەڵگا بووە سەرەتاو کۆتایی ڕەفتارەکانتان، کە لەساڵی ١٩٩٩دا خەڵک لەبەر نەبوونی کارەباو لەژێر بوونی بەرزی پلەی گەرمادا، دەپرووکا.

ئەدی چەندینجار هاوڵاتییانی هەڵەبجەو گەرمیان‌و ڕانیە لەپێناو داواکاریی خزمەتگوزارییەکانیاندا خۆپیشاندانیان دەکرد، بەڵام ئەوە هەرئێوەش بوون کە لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە بە دەستڕێژ وەڵامی خەڵکی خۆپیشاندەرانتان دەدایەوە، لەپاشانیشدا خەڵکانی بەشداربووی ناو خۆپیشاندەرانیشتان لەژێر ناونیشانی جۆراوجۆردا دەستگیر دەکرد!

hawramanmhammad@yahoo.com

# شۆڕشێکی سەرتاسەریی پێویستە

تەها ئەحمەد ڕەسوڵ

هەموو شۆڕشەکانی گەلی کورد، خەبات‌و ڕاپەڕین‌و شۆڕش بوون دژ بە داگیرکەران‌و ڕژێمە ڕەگەزپەرستەکان‌و دژی دوژمنان، بەرگریکردن بوون لە خاک‌و نەتەوەو زمان‌و فەرهەنگ بۆ خاتری هێنانەدی خەون‌و مافە ڕەواکان‌و گەیشتن بە ڕۆژی ئازادیی، ئەمە لەکۆی هەست‌و نەستماندا ڕەگی داکوتیوەو مێژووش ناتوانێت فەرامۆشی بکات، هۆکاری ئەم بیرکردنەوەیەشە وایکردووە هەردەم وەها بڕوانینە شۆڕش‌و کارکردنی سیاسی‌و یاخیبوون لەو ڕەوشە ناڵەبارانەی بەسەرماندا سەپێنراون.

لە دیدگای ئەم ڕوانینەوە کە کرۆمۆسۆم‌و جینەکانیشمان هەڵگری هەڵوێستێکی لەم شێوەیەن، وەختێک ڕەوشی ناڵەبارو ناچیزەش ڕووبەڕوومان ببێتەوە لەژێر سێبەرەکەی خۆماندا، دەستەوستان‌و سەرکز دەمێنینەوەو بە دەستەواژەی (دەسەڵاتی خۆمان)، کەسیرەو دۆشداماو دەبین‌و بێدەنگی هەڵدەبژێرین.

بەو مانایەی کە دەسەڵاتی کوردی‌و حکومەتەکەی هی خۆمانەو ناکرێت بەرامبەری دژە هەڵوێست وەربگرین، ناکرێت شۆڕش لەدژی بەرپابکەین‌و سەنگەری لێبگرین، لەکاتێکدا خراپ لە (خۆمان) گەیشتووین‌و سەری ڕاستییەکانیش بە بنگڵدا دەکەینەوە.. هەموو شۆڕشی میللەتان شۆڕشی ناوخۆیی بوون‌و شتێک نییە ناوی شۆڕش بێت لەدەرەوەی ناوخۆییدا، شۆڕشی فەرەنسی، شۆڕشی فەرەنسییەکانە دژ بە سیستمی هاوڵاتییانی فەرەنسی‌و ئیتاڵی بەسەر ئیتاڵیدا، هەموو شۆڕشەکانی عەرەبیش هەر شۆڕش بوون‌و دەبن بەسەر عەرەبزمان‌و فەرمانڕەوایانی عەرەبیدا، کوردیش ئەگەر بارودۆخەکەی پێ باش نییەو پێی باش نابێت، دیسانەوە ئاساییە شۆڕش بەسەر خۆیدا بکات‌و لە ڕەگەوە خۆی هەڵتەکێنێت، ببێتە ئەڵتەرناتیڤ‌و هەڵگەڕاندنەوەی ڕیشەیی لە هەموارکردنی ڕەوشەکەیدا، وشەی خۆمان ئەودەمە دێتەکایەوە کە خاوەنی خۆمان بین‌و بۆخۆمان تێبکۆشین.

وەلێ شۆڕشی کوردیی کودەتاو شۆڕش نابێت بە چەک‌و ئامرازە جەنگییەکان دژ بە دەسەڵات‌و حکومەت‌و ئیدارەی کوردیی، ئەوەندەی شۆڕش‌و سەنگەرلێدان‌و ڕاپەڕین دەبێت بەرامبەر بە خۆمان، کورد هەمیشە شۆڕشی بەرپاکردووە بۆ دەرەوەی خۆی‌و هەرگیز لەناوەوەی خۆیدا شۆڕشگێڕ نەبووە بۆ گۆڕینی گەوهەری خۆی، ئەو شۆڕشە دەبێت بجەنگێت بۆ کاژ فڕێدان‌و دژ بە گەندەڵیی‌و کودەتابێت بۆ فەراهەمکردنی یاساو لەبازنەدانی سنووری دەسەڵاتی تاکەکەس‌و حیزب‌و سەرکردەکان لە چوارچێوەی یاساو ڕێسای تەندروستدا، شۆڕشێک کە ڕووبەڕە تاریکەکانمان بە چەکی تیشک ڕۆشن بکاتەوە.. هەنووکە شۆڕشێکی نوێ گەلێک پێویستە کورد بەرەوڕووی خۆی بکاتەوە تا ئایندەی تەندروستی لەکیس نەچێت، شۆڕشێک زەروورە بیرمان بهێنێتەوە کە بۆچی ڕاپەڕین‌و لەپێناوی چیدا شۆڕشمان کردو یەکەم هەڵوێستی ڕاستەقینەمان بهێنێتەوە پێش چاوو بەراوردی ئێستامانی پێ بکەینەوە.. ئەو شۆڕشە پێویستە لە بێخەوە ڕامانتەکێنێت‌و وەئاگامان بهێنێتەوە، نەترسین لەوەی کارێکی دڵسۆزانەی باشتری هەیە لەوەی خۆمان بۆ باشتر بەڕێوەبردن‌و بوژانەوەی سەرجەم جومگە لێکهەڵوەشاوەکان، شۆڕشی دانانی کەسی شیاوو کارا لە پۆستەکەی خۆمانداو کشانەوەمان بەوپەڕی هۆشمەندییەوە، ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە بیرکردنەوەیەکی مەدەنیی لەم شێوەیەیە.. چاکسازیی تەنیا کارێکی ڕواڵەتییەو نامانگەیەنێتە ناخی ڕاستییەکان‌و گۆڕینی قوڵاییەکان، بەڵکو بەر لە هەر شتێک شۆڕش‌و کودەتای سەرتاسەریی ویستەکانمانە بەسەر لایەنە نێگەتیڤ‌و تاریکەکانی خۆمانداو دامەزراندنەوەی کەسێتی‌و بوونی خۆمان، گرێبەستی ڕاستەقینەی دەسەڵاتدارانە کە ببنەوە ڕۆڵەی میللەت‌و وەک هاوڵاتییەکی خەمخۆر بڕواننەوە گۆشە نارێک‌و تەڵخەکان‌و بەچاوی میللەتەوە ڕەخنەو سکاڵاو گلەییەکان بخوێننەوەو گوێچکەی میللەتیش بۆ بیستن بەکاربهێننەوە، شۆڕشی کوردیی دژ بە کورد شۆڕشێکە پێویستە گەردیلەکانیشمان سەراپا بگۆڕێت‌و تێکڕا هەموومان بگرێتەوە.. ئەگەر نا، ئایندەیەکی تاریک چاوەڕێمان دەکات‌و هەموو دەستکەوتەکانمان لەکیس دەدەین، کە ئەمەش لەخۆیدا پێشهاتێکە هیچکامێکمان ئارەزووی ناکەین.

# ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەزموونی بەغدا بگوازینەوە بۆ هەولێر؟

زانا هەڵەبجەیی

ماوەیەک بەر لەئێستا چاوم بە رووپەڕی ڕۆژنامەی (نیویۆرک تامیز)دا خشاند، چاوم بە وتارێکی جەواد البولانی وەزیری ناوخۆی عێراق کەوت کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/٥دا بۆساڵیادی قوربانیانی ئەمریکا نووسیبووی، وتارەکەی پتر لەوەی کە نیشاندانی هاوسۆزیی بۆ قوربانییەکانی ئەو وڵاتە بێت، ناوەڕۆکێکی سیاسی لەنێو خۆیدا حەشاردابوو، کە تێیدا بەشێوەیەکی زۆر لێزانانەو لەبری ئەوەی هەموو ئەو کارە چاکانەی کە کردوویەتی لەپێناو سەلماندنی خۆی لە بەرامبەر ڕای گشتیدا، یەکە یەکە بژمێرێت، دانی بە کەموکورییەکانی ناوخۆی وڵاتدا دەناو داوای پشتگیریی ئەمریکاو وڵاتانی دیکەی دەکرد. من لێرەدا لەبری ئەوەی دەقی بابەتەکە وەرگێڕمە سەر کوردی، دەمەوێت بە دەرکێشانی چەند قسەیەکی‌و بەراوردی بە ئەزموون‌و وتەی بەرپرسەکانی کوردستان بکەم:

لە بەشێکی وتارەکەیدا البولانی ئاماژە بەوەدەکات کە ژمارەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش (٥٠٠,٠٠٠) هەزار کەس دەبن، پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە شارەکاندا، ئەم هێزانە ڕووبەڕووی تەحەدایەکی شێلگیرانە دەبنەوە، توندڕەوەکان بەکردەی خۆکوژیی‌و تەقینەوەی ئۆتۆمبێل، دەتوانن پشێویی‌و نائارامی لە عێراقدا بنێنەوە، بەڵام بە ڕای البولانی «ئەوە زانیارییە نەک کردەی سەربازیی گەورە، کە هۆکاری سەرەکییە بۆ پۆلیسی عێراق‌و هێزەکانی ئاسایش بۆ گەڕان بەدوای پاشماوەی توندڕەوەکاندا». ئەو دەڵێت: «ئێمە هیوادارین پشتیوانی هەواڵگری زیاترمان لەلایەن ئەمریکاوە بکرێت، ئەگەرچی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایشمان لەئاست ئەم بارودۆخە تازەیەدا تواناکانی ڕێکخستووە».

لە ڕوانگەی ئەم قسانەوە دەبێت بڵێین ئەگەر سیاسەتی عێراق بەرامبەر توندڕەوێکی وەک قاعیدە کە ڕۆژانە ژیانی دەیان هاوڵاتی عێراق بۆ هەمیشە خامۆش دەکات، بەمشێوەیە بێت، ئایا دەگونجێت بەرامبەر هاوپەیمانەکانی خۆی کە لە دەسەڵاتدا بەشدارن‌و بەیەکەوە دەستکەوتەکانی عێراقی فیدراڵ دەپارێزن، سیاسەتی هەڕەشەو داگیرکردن‌و جەنگ بێت؟ باشە کامەیە ئەو هەڕەشانەی ڕۆژانە بەرپرسەکانمان دەیکێشن بە ڕۆحی ئەم خەڵکە داماوە بێ خزمەتگوزارییەی کوردستاندا؟

لە بەشێکی دیکەی نووسینەکەیدا وەزیری ناوخۆی عێراق دەنووسێت «لەگەڵ ئەم جەنگی هەواڵگرییەدا، پێویستە جەنگی ئاشکراش دژ بە گەندەڵی ڕابگەیەنین، ڕاپۆرتی تازەی لیژنەی نەزاهە ئاماژە بەوەدەکات، کە سەرەڕای هەوڵی زۆریان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، بەڵام ئەم کێشەیە زۆر ئاڵۆزو گشتگیرە، تەنیا وەزارەتەکەی من لەماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا (٦٢,٠٠٠) هەزار کارمەندی بە تۆمەتی گەندەڵی، پاکسازیی کردووە، ئەم کێشەیەش زیادەڕۆیی تێدانییە، گەندەڵی دووەم هەڕەشەی سەر عێراقە، گەندەڵی گەشەو هەوڵی گشتی لە وڵاتدا بەهۆی خەرجکردنی ملیارەها دۆلار لە سەرمایەو پڕۆژەو شتی کەمدا دواخستووە، ئەمە ئەزموونی دیموکراسیمان دەڕووخێنێت تا ئەو جێیەی کە خەڵکی ئاسایی عێراق ڕاشکاوانە ئاوات بە سەدام حسێن بخوازن».

> **گەندەڵی دووەم هەڕەشەی سەر عێراقە، گەندەڵی گەشەو هەوڵی گشتی لە وڵاتدا بەهۆی خەرجکردنی ملیارەها دۆلار لە سەرمایەو پڕۆژەو شتی کەمدا دواخستووە، ئەمە ئەزموونی دیموکراسیمان دەڕووخێنێت تا ئەو جێیەی کە خەڵکی ئاسایی عێراق ڕاشکاوانە ئاوات بە سەدام حسێن بخوازن**

بە چاوخشاندنێکی خێرا بەم چەند دێڕەدا، بۆمان ڕووندەبێتەوە چەندە ئەزموونی چەند ساڵێکی کەمی عێراق‌و بەرپرسەکانی، لەپێش ئەزموونە هەژدە ساڵەکەی هەرێمی کوردستانەوەیە، ئەو بە ئاشکرا دان بەوەدا دەنێت کە گەندەڵی هەیەو دەبێت بەرەنگاری ببنەوە، خۆ ڕەنگە ئەو چەند هەزار کارمەندەی کە ئەو باسی لێوەدەکات، هەندێکیان یان زیادەڕۆیی تێدابێت یان لەسەر شتی بچووک تۆمەتبارکرابن، بەڵام خۆ لەم هەرێمەی خۆماندا نەک بەرپرسی باڵا، بەڵکو بچووکترین کارمەندیش لەسەر بەتاڵانبردنی سەرمایەی خەڵک لە گوڵێک کاڵتری پێ نەوتراوە.

لە کۆتایی وتارەکەیدا جەواد البولانی ئاماژە بەوەدەکات کە «سێیەم بەرە لە ململانێ بۆ ئایندەی عێراق، هەوڵدانە بۆ چاککردنی ژێرخانی ئابووری‌و خزمەتگوزاریی تەندروست، نەبوونی خزمەتگوزاریی سەرەتایی، پشتیوانیی خەڵکمان لەپێناو باشترکردنی ئامانجە سیاسییەکانمان لەباردەبات».

پێدەچێت دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە باکیان لەوەنەبێت کە خەڵک چی دەڵێن‌و چیان دەوێت‌و ئاوات بە کێ دەخوازن، چونکە لەوەدڵنیان کەس ناتوانێت ڕەخنەیان لێبگرێت، ئەگەر کەسانێک هەبن‌و بڵێن ئەرێ کاکە بەری چاوتان کلی پێوەیە، ئەوا دەستبەجێ خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵ‌و ئەزموونی چەند ساڵەو دڵسۆزیان نانبڕاو دەکەن، وەک ئەوەی ئەوانە نە بایان دیبێت‌و نە بۆران.

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەسەرەوە وترا، ئایا هاوڵاتییان مافی خۆیان نییە داوابکەن ئەزموونی عێراق بۆ هەولێر بگوازرێتەوە، یاخود هەوڵبدەن لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە خۆیان ئەم ئەزموونە چەقبەستووە بگۆڕن.

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٥

ژمارە/ ٦٨٧/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٨/٦/١٠

ئاگاداری

داواکار/ دڵشاد عبدالحمید صالح
داوا لەسەرکراو/ جمال سعید عبدالله

بۆ داوا لەسەرکراو/ دادگای بەرایی (٥) لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/٢٤ بڕیاری دا بە نەمانی هاوبەشەکان لەسەر موڵکەکانی ژمارە ٤٤/٤٨و ٤٤/١٣٥، ٤٤/٢٨٧ م٦ قەرە طۆغان بە فرۆشتنی موڵکەکان، بەشکردنی پارەکەی لەنێوان هاوبەشەکانیدا، ئەگەر هەر نارەزاییەکت هەیە لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا پێشکەش بە دادگات بکە ئەگەرنا بڕیارەکە پلەی کۆتای وەردەگرێت.

دادوەر
عبدالله اسماعیل أمین

دادگای بەرایی
لە شارباژێر

ژمارە/٢٠٠٩/٧/١٢٨
بەروار/٢٠٠٩/٦/٧

ئاگاداری

داواکار/ طیب مجید رسول
داوالێکراو/راستگری باری شارستانی شارباژێر

داواکار (طیب مجید رسول) داوای بەرایی بە ژمارەی سەرەوەی لەم دادگایە تۆماری کردووە بەمەبەستی گۆڕینی ناوی (خۆی) لە (طیب) بۆ (توانا) پشتبەست بەبەندی (٢١) لەیاسای باری شارستانی. دادگا بڕیاریدا بەبڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە لە یەکێک لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکاندا. هەرکەس‌و لایەنێک ڕێگری هەیە لەم داوایەدا پەیوەندی بکات بەم دادگایەوە یان بریکارێکی یاسایی بنێرێت، بەپێچەوانەوە ەئم داوایە بەپێی یاسا دەبینرێت.

دادوەر
سردار علی عزیز

**ونبوون**

باجێکی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بەشی ئینگلیزی، بە ناوی سامان محەمەد ونبووە. هەر کەس دۆزییەوە پەیوەندی بە ژمارە مۆبایلی ٠٧٧٠٣٥٢٣٣٢٢ـەوە بکات.

لەگەڵ ڕێزماندا

## ئاگاداری بۆ هەموو دەرچوانی زانکۆی ساڵانی ( ٢٠٠٨-٢٠٠٩ )و ( ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ )

ڕێکخراوی میدیای سەربەخۆ لە کوردستان IMCK هەڵدەستێت بە سازدانی کۆرسێکی ٨ مانگی بۆ فێرکردنی پیشەی ڕۆژنامەوانی بە خۆرایی لەگەل دابینکردنی خواردن و جێی نوستن بۆ بەشداربوانی دەرەوەی شاری هەولێر. کۆرسەکە لە هەولێر دەبێت و هەر سێ بەشی ڕۆژنامە و ڕادیۆو تەلەفزیۆن لەخۆ دەگرێت و لە لەیەن ڕاهێنەرانی لۆکال و بیانییەوە دەگوترێتەوە. بەپێی ڕێژەیەکی دیاریکراو لە لایەن سەنتەرەوە بەشداربوان لە هەولێر و شارەکانی تری کوردستان و شارەکانی عێراق هەلدەبژێرێن.

دەرچووی کۆرسەکە بەسەرکەوتوویی بڕوانامەیەکی ڕەسمی لەلایەن سەنتەرەوە پێ دەدرێ و هەلی کاری زیاتری بۆ دەرەخسێ لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا.

مەرجەکانی وەرگرتنی بەشداران:
* دەبێ تەمەنی لە خوار ٢٥ سال بێت.
* لە هەردوو ڕەگەز وەردەگیرێت.
* دەبێ دەرچووی ساڵی (٢٠٠٨–٢٠٠٩) یان ساڵی (٢٠٠٧–٢٠٠٨) بێت.
* بەشدارانی کوردستان دەبێ بنەمایەکیان هەبێت لە زمانی عەرەبی
* دەبێ خولیای کاری ڕۆژنامەگەری بێت و ئامادەبێت بۆ جێبەجێکردنی مەشقەکان.
* دەبێ (لە کاتی کۆرسەکە) بێ کار بێت یان تەواو پابەند بێت بە کاتەکانی کۆرسەکە
* دەبێ لە کاتی دیاری کراودا چاوپێکەوتن ئەنجام بدات.
* دەبێ لە تاقیکردنەوەیەکی سەرەتایی پەسەند بکرێت.
* ئەوانەی وەردەگیرێن دەبێ ٣٠٠ دۆلار وەک تۆمارکردن بدەن و دوای تەواوکردنی کۆرسەکە بەسەرکەوتوویی نیوەی واتا ١٥٠ دۆلار وەردەگرنەوە.

کاتەکانی چاوپێکەوتن و تاقیکردنەوە:
١٠ تا ١٥-٦-٢٠٠٩ بۆ دەرچووانی ٢٠٠٨
٢٥ تا ٣٠-٦-٢٠٠٩ بۆ دەرچوانی ٢٠٠٩
لە سەعات ٠٩:٠٠ ی بەیانی تا ٠٦:٠٠ی پاش نیوەڕۆ لە ئوتێل سەفیر (بەرامبەر ئوتێل چوارچرا) لە هەولێر.

بۆ بەشداری کردن یان زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بەم ژمارانە:
٠٧٧٠٨٦٤٢٦٥٣ –٠٧٥٠٤٦٦١٩٣٦–٠٧٥٠٤٤٥٥٢١٣–٠٧٥٠٧٢٧٩١٦٧

**خانەی حکمەت**
**بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی**

Khanai Hikmat
For Philosophical Studies

دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی

**خانەی حیکمەت بۆ لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و ڕێکخراوی دەستپێشخەری کۆمەڵی مەدەنی – CSI**

هەفتەیەکی ڕۆشنبیری‌و فیکری لە گەرمیان ( تەکییە – چەمچەماڵ – باوەنوور – کەلار – کفری ) بۆ ( فاروق ڕەفیق ) ساز دەکەن لە ژێر ناونیشانی:

( مەدەنییەت: لە خەونی شاعیرەکانەوە بۆ پێویستییەکی ژیاری ژیانی هاوچەرخی جڤاتی کوردی )

تێبینی:
لەم هەفتە ڕۆشنبیرییەدا لە پێنج سیمیناری جیاوازدا، پێنج بابەتی جیاواز بەڵام پەیوەندیدار بە مەدەنییەتەوە لە چەند کاتێکی جیاوازدا پێشکەش دەکرێن.

ناونیشانی سیمینارەکەی تەکییە: ( فەزای گشتی )

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٣– ٦ – ٢٠٠٩ کاتژمێر ٤:٣٠ دوانیوەڕۆ لە هۆڵی بۆنەکانی ناحییەی تەکییە

خاوەنی ئیمتیاز:
**کۆمپانیای وشە**

سەرنووسەر:
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان ڕەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەماڵ** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی** ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
**سامان بەشارەتی** ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣

کارگێڕی‌و ریکلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# گۆڕانكاریی بۆچیو لە چیدا بكرێت؟

محەمەد ئەمین گەناوی

ئەگەرگۆڕانكارییو چاكسازیی لە هەر قۆناغێكی ژیانو هەر بوارێكی پەیوەندیدار بە ژیانی مرۆڤەوە، جا سیاسی، ئابووری، ڕێكخستن، كارگێڕی یان كۆمەڵایەتیو فەرهەنگی بێتو مەرجی ژیانو زیندوو ڕاگرتنی كیانو ئۆرگانو هەر بوارو قۆناغێكی ژیان بێت، ئەوا ئیدارەكردنو چاودێریكردنو هەڵسەنگاندنی هەنگاو بەهەنگاوی قۆناغەكانی گۆڕانكارییو چاكسازیی بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەكردنی كاتی ڕاست، كەسی ڕاست لە شوێنی ڕاست، گرەنتی ئەو ئامانجانەیە كە مەبەستی گۆڕانكارییە.

لەگەڵ پێشكەوتنی ئاستی ئابووریو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو زیادبوونی پۆستی مادیی بۆ بەردەوامیی ژیان لەسەر ئاستی تاكو كۆ یان كۆمەڵ، گۆڕانكارییو چاكسازیی دەبێتە حەتمیەت كە ناتوانرێت لەدەستی ڕابكرێ، بۆئەوەی بتوانرێت لەگەڵ هەر دیاردەیەكی پێشكەوتن لە هەر بوارێكدا وەڵامدەر بێت.

چ لەسەر ئاستی تاك یان كۆمەڵو میللەتان، هەركەسێكو هەر كۆمەڵو كۆمەڵگایەك یان میللەتێك زووتر توانیبێتی حەتمیەتی گۆڕانكاریو چاكسازیی قبوڵ بكات، زووتر توانیویەتی هەڵە زێڕینەكانی ژیان دەربكاتو ئایندەیەكی ئاسوودەتر، ئاشتیانەترو سەرفراوانەتر بۆخۆی مسۆگەر بكات.

یەكێك لە هۆكارە هەرە گرنگەكانیو كاریگەریی مەزن لەسەر گۆڕانی ژیانی ئـابـووریو كۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سـیـاسـیو سـەربـازیـی مـــرۆڤ بە درێژایی ژیانی مرۆڤایەتی، پەیدابوونو حەتمیەتی تەكنەلۆژیا بـووە، هـەر لە یەكەمجار بەكارهێنانی سادەترین ئامێری بەرهەمهێنانو ڕاوكـردن وەكو تیروكەوانو ئامێری برینو كێڵان تا دەگاتە تەكنەلۆژیای هاوچەرخ، كە لە زانستی پەیوەندی information techniligyوە زانستی ئەندازیاری بۆماوەزان genetics engineeringدا بەرجەستە دەبێت.

لەگەڵ پەیدابوونو هەر دیاردەیەكی تەكنەلۆژی تانەدا، ڕاستەوخۆ كاریگەریی دروستدەبێت لەسەر ئابووری، پەیوەندی كۆمەڵایەتی، فەرهەنگیو تێگەیشتنی ئەخلاقو نۆرمەكانو تابوكانی ناو كۆمەڵ.

لـەسـەرەتـای هـەر دیـاردەیـەكـی تـەكـنـەلـۆژیـاداو كاریگەریی لەسەر گۆڕانكارییەكانی بـوارەكـانـی ژیـان، بەگومانو پارێزەوە پێشوازیی دەكرێت، زۆرجار ڕووبەڕووی بەرەنگاریی توندی جـەمـاوەریـی دەبـێـتـەوە، بـەڵام لەگەڵ بەردەوامی پۆستی ژیانو بەكارهێنانی تەكنەلۆژیا وەك ئـامـرازی پۆست بۆ چـارەسـەری كێشەكان، وردە وردە قبوڵدەكرێتو دەبێتە ئاسایی. نموونەش بۆ ئەمە دەستكارییو گۆڕانكاریو گواستنەوەی جینە یان كۆپیكردنە لەناو كۆمەڵەیەكدا یان كۆمەڵگایەكدا، جا دەشێ ئاژەڵ، ڕووەك یان مرۆڤ بێت.

بـە هـەمـانـشـێـوە لـەسـەر ئاستی كۆمەڵایەتیو سیاسیش هەر دیاردەیەكی گۆڕانكاری یان هەوڵدان بۆ گۆڕانكاری كە وەكو پێویستییەكی ژیان بە كاریگەریی پێویستی ژیانی ئابووریو فەرهەنگیو یـان بـەرژەوەنـدیـی میللیو نیشتمانی دروستدەبێت، بێگومان لەسەرەتادا دەشێ لای هەندێك كەس بەگومانەوە سەیربكرێت.

ئەم كەسانەی كە بەگومانەوە یان بـە پـارێـزەوە سـەیـری گـۆڕانـكـاریو دیاردەكانی گۆڕانكاری دەكەن، جا ئەم گۆڕانە یان دیاردەیە تەكنەلۆژی، سیاسی یان ئابووریو كۆمەڵایەتی بێت، دەتوانرێت لەم خاڵانەدا پۆلێن بكرێن:

١- كەسانێك كـە بـەرژەوەنـدیـی ئابوورییان لەگەڵ گۆڕانكاریدا نییە، هەر كارێك دەكـەن كە بەری گـۆڕان بگرن، بۆ نموونە كەسێك كە بژێویی لەسەر بەكارهێنانی ئاژەڵ بێت بۆ گواستنەوە وەك بزنس، ئەوا حەز لە بوونی ئۆتۆمبێلو گەڵابە ناكات كە دەبنە موونافسی.

٢- كەسانێك هەن بەهۆی پابەندبوونیان بە بیری پارێزگارییەوە، حەز لە ئەو شتانە ناكەن كە تازەنو وادەزانن كۆنو كلاسیك جوانیو تام بە ژیان دەدات نەك شتی تازە، جا ئەم هەستە پارێزگاریەش بەهۆی هەستی ئایینی، چینایەتی یان ڕۆمانسیەتی میللیگەرایی دروستدەبێت بە جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیریو خێرایی قۆناغەكانی گۆڕانكاری:

٣- كەسانێك كە بەهۆی پەیوەندی تـونـدی كۆمەڵایەتیو خێڵەكییەوەو پابەندبوونی توند بە مانا ئەخلاقیو فەرهەنگیو نۆرمەكانی نـاو كۆمەڵ، هەمیشە لە گومان سەیری هەر دیاردەیەكی گۆڕانكاری دەكـەن، هەروەكو كەسانی خاڵی دووەم پێیانوایە، كە پارێزگاریی (Conservativesm) یان خۆپارێزیی لە گۆڕانكاری، میكانیكی بەرگرییەكی پۆستە بۆ پاراستنی شتە كۆنەكان، بەڵام هەروەكو بەر لەمە ئاماژەمان پێكرد، كە گۆڕانكاری بوو بە حەتمیەت، بەهۆی بە بنبەست گەیشتنی هەوڵەكانو نەبوونی چارەو وەڵام بۆ ئەو كێشانەی كە كۆمەڵگاو تاكەكان پێوەی دەناڵێنن، ئەوا بەشێوەیەكی سروشتی ئۆردوی گۆڕانكاریو چاكسازیی لەگەڵ كاتدا ڕوو لە زیادبوون دەكات.

لە حاڵی ئەمڕۆی كوردستاندا، بەهۆی نەبوونی چارەو وەڵام بۆ هەموو ئەو كێشەو گرفتانەی كە تاكی كوردو كۆمەڵگای كوردی تووشی بوون، گۆڕانكاریو چاكسازیی بووەتە حەتمیەتو پێویستییەكی ژیان، هەتا پارتە دەسەڵاتدارەكان كە خۆیان بەشێكن لەو كێشەو گرفتە قبوڵدەكەن كە دەبێت گۆڕانكاریی بكرێت، بەڵام بەشێوەو میتۆدی خۆیان.

پارتە دەسەڵاتدارەكانی باشووری كوردستان پاش (١٨) ساڵ دەسـەڵات، پاش ڕووخانی سەدامو هاتنی گەورەترین هەلی ئەلماسی بۆ كـورد، نەیانتوانی كێشەی میللیو نیشتمانیی چارەسەربكەن، دووبـارەو چەندبارە دەبێت نەوەكانی داهاتووش قوربانییو باجی خەمساردیی دەسەڵاتدارانی ئێستای كورد بدەن، چونكە ئێمە ئێستا لەڕووی ڕزگاریی نیشتمانییەوە گەڕاوینەتەوە ساڵی ١٩٦١، واتـە پاش نزیكەی (٥٠) ساڵ خەباتو قوربانیدان، نەمانتوانی بستێك خاكی كوردستان ڕزگاربكەین كە لـەدەرەوەی هەرێمی ئەم سێ پارێزگایەیە، كە ٥١٪ی خاكی كوردستانە.

لەڕووی پێویستییەكانی تاكی كوردیش، دووبـارە دەسەڵاتی كوردیی، حیزبیی پاش (١٨) ساڵ نەیتوانیوە سادەترین پێویستییەكانی تاكی كورد فەراهەم بكات، ئەمە جگە لە بێ عەدالەتیو گەندەڵی لە سەرانسەری ئۆرگانی دەسەڵاتدا تا ئاستی لەعنەت، هەموو ئەمانە وایكردووە كە ببێتە وەڵامێكی سادە بۆچی گۆڕانكاریی پۆستە هەبێتو ببێتە حەتمیەت.

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەمەیە گۆڕانكاریی لە چیدا بكرێت؟ تائێستا بەهۆی مۆرانەكردنی گەندەڵی لە هەموو كایەكانی ژیاندا، هەموو دەڵێن دەبێت گۆڕانكاریی، گەندەڵی نەهێڵێت، ئەمە داوایەكی ڕاستەو هەقە، بەڵام لەمەش زیاتر دەبێت گۆڕانكاریی لە دیاریكردنی دەسەڵاتو ڕۆڵی حیزبدا بكرێتو حیزب با حكومەت بكات، بەڵام نەبێتە دەوڵەت:

١- داماڵینی حیزب لە هەموو چەكێك لە دروستكردنی سوپایەكی نیشتمانیی كە وەفای بۆ وڵات هەبێت نەك حیزب.

٢- گواستنەوەی هەموو دارایـیو مومتەلەكاتی حیزبەكان بۆ دەوڵـەتو بەكارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی گشتی.

٣- دەركردنی حیزبەكان لە هەموو ساختمانەكانو گێڕانەوەیان بۆ دەوڵەت.

٤- حیزب نابێت لە یەك یان دوو، سێ ساختمانی زیاتر هەبێت، ئەمیش بە پارەی ئەندامانی، نەهێشتنی ئیمتیازاتی حیزبیی كە ئەمڕۆ لەمەشدا گەندەڵیو ناعەدالەتی هەیە.

٥-دروستكردنی حكومەتێكی نیشتمانیی پابەند بە دەستوور لەگەڵ دیاریكردنی سـنـووری یاسایی بـۆ جیاكردنەوەو سەربەخۆیی دەسەڵاتەكان.

٦- گۆڕینی سیستمی ئابووری لە حاڵی ئێستاوە كە هیچ پێناسەیەكی زانستیی زەحمەتە بۆ بكرێت جگە لە قۆرغكردنو مۆنۆپۆلكردنی بە عەقڵیەتێكی فیئوداڵانە لەلایەن چەند كەسێكی سەر بە دەسەڵات، بۆ سیستمی هاوبەشی (cooperative) لە بەرهەمهێنانو سەرمایەگوزارییو قازانجدا، بەتایبەت لە بواری كەرتی كشتوكاڵیی وەكو سەرەتا، پاشان فراوانكردنی بۆ كەرتەكانی دیكەی ئابووری، تا بتوانرێت هەركەسێكو هەرتاكێك هەم سەرمایەگوزار بێتو هەم بە نرخی گونجاوو هـەرزان، بەهرە لەو شتانە وەربگرێت كە پێویستی پێیەتی، هەم هەرتاكێك بەرژەوەندیی ئابووری هەبێت لە یەكێك لە كەرتە ئابوورییەكانی وڵاتدا.

٦- كۆنترۆڵكردنی بـازاڕی ئـازاد بە جۆرێك مافی بەكاربەر بپارێزرێت، هەل بۆ هەركەسێك هەبێت كە بەپێی تواناو ئـارەزوو ئامادەیی خـۆی، كـاڵا بخاتە بازاڕەوەو قەدەغەكردنی مۆنۆپۆلی بازاڕ لەلایەن كۆمپانیایەكی دیاریكراو یان ئیفرادی سەر بە دەسەڵات.

ئـەمـانـەو گـەلـێـك زیـــادەی دیكە سەرەتاییترین توخمی دادپـەروەریـن بـۆ دەستپێكردنی گـۆڕانـكـاریـی لە كۆمەڵگادا بەرەو ژیانێكی ئاسودەو دادو خۆشگوزەران.

دادو خۆشگوزەرانیو ئاسودەییو داهــاتـــووی ڕوونـــاكو بـاشـتـر، بێ بەشداریكردن لە گۆڕانكاریو چاكسازیدا نایەتەدیو دەبێتە خەون، ئەمەش واتای ئەمەیە كە دەبێت هەر تاكێك خۆی لە حاڵی لاموبالاتیو (indfference) ناكارایی (passive) ڕزگاربكاتو چالاكانە بەشداری هەڵبژاردن بكاتو بە دەنگدان، ویستو ئـیـرادەو كەسایەتی خـۆی نیشانبدات، وشیارانە بـەرژەوەنـدیو داهـاتـووی خۆیو وڵاتی لەبەرچاو بگرێت لەگەڵ بەرژەوەندیو ژیانی نەوەكانی داهاتوو، شێلگیرانە بڕیاری گۆڕانكاری بدات لە سستیو بێهیوایو داماوییو هەژارییەوە بۆ چالاكبوونو هیواو ژیانو ئازادییو خۆشگوزەرانیی.

# ئۆپۆزسیۆن لە كۆرسی دەستهەڵبڕیندا

تەنیا كوردی

سیستمی حـوكـمـرانـی هەرێمی كوردستان لەغیابی دەستووری هەرێمدا، مۆدێكی بەناو دیموكراتیی پەرلەمانییە، بـەڵام ئـەزمـوونـی دیـمـوكـراتـی لەو سیستمەدا تائێستا سستەو ئەمەشیان بۆ نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە دەگـەڕێـتـەوە. ئەگەرچی لە هەرێمی كوردستان لە ئاستی تاك ئۆپۆزسیۆن بوونی هەبووەو هەستیپێكراوە، بەڵام بۆ قۆناغی ئەم خولەی هەڵبژاردنەكانی كوردستان، لە ئاستی گروپ ئۆپۆزسیۆن دەركـەوتو ئەمەش هەنگاوێك دەبێت، تا لە داهاتوودا پارتێكی ئۆپۆزسیۆن لە دایك ببێت.

هـەڵـبـژاردنـی (٢٥)ی تەممووزدا پەرلەمانو سەرۆكی هەرێم، لە ئاراستەی یەكەمدا، گورزی تێكشاندنی بەستڵەكی دەستهەڵبرینی پەرلەمانتاران دەبێت و ئیتر ئەوە نامێنێت كە پرۆژەیاساكان و بڕیاردانی پەرلەمانی كوردستان لە چاوی یەك حیزب و دو حیزبێكەوە دابڕێژرێن، چونكە بوونی ئۆپۆزسیۆن بە هەرجۆرێك بێت بۆچوونی جیاواز لە پەرلەمان دروستدەكاتو بەمەش پەرلەمان ئیتر فلتەری بودجەو گەندەڵیەكانی حیزب و حكومەت دەبێتو لەوێ هەموو شتێك ئاشكرادەبێت.

لە ئاراستەی دووەمدا، تادێت قەبارەی هـەردوو حیزبی دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان بەرە و لە دەستدانی جەماوەر دەچێت و لەبەرامبەریشدا گروپو قەوارە سیاسییەكانی دیكە بەگورترن لەوەی كە دەبێت دەسەڵات بۆ هەموو لایەك بێت. لەگەڵ ئەوەی كە پاراستنی ئەزموونی دیموكراتی وڵاتێك پابەندە بە ئازادیی ڕادەبرینو ئازادی میدیاكانەوە، بەڵام لە هەرێمی كوردستان لەبەر نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە، مەركەزیەت بەشێوەیەكی وا لە دەسەڵات كۆنكرێت كراوە كە ئەگەر زەمینە بۆ دروستبوونی ئـۆپـۆزسـیـۆن خـۆشـنـەكـرێـت، ئیتر دەسەڵاتی هەرێمی كوردستان هەرگیز دیموكراتییەكی تەندروستی نابێت.

بوونی سەندیكای ڕۆژنامەنووسانی كوردستان، دەبێت دەرخـەری واقیعی حالی ڕۆژنـامـەنـووسـان بێت، بەڵام ئـەوە لیژنەی داكۆكیكردن لە مافی ڕۆژنـامـەنـووسـانـی ئـەو سەندیكایە بوو!؟ كە بەرگری لە حیزبێك دەكرد و زیاتر زەمینەی بۆ پێشێلكردنی دەنگی ڕۆژنامەنووسێكی ئازاد خۆشدەكرد. لێرەوە دەپرسم، ئایا ئۆپۆزسیۆن لە نێو سەندیكای ڕۆژنامەنووسانیشدا زەرورنییە كە ئەو سەندیكایە لە پاشكۆی حیزبایەتی ڕزگاربكات؟

لە نەخشەڕێی سیاسیی هەرێمی كوردستاندا هەمیشە هەوڵی چاوبەستنی میدیاكان دراوەو پاساویش ئەوەبووە كە ڕۆژنامەنووسان سیمای جوانی ئەو هەرێمە پیشان نادەن، ئەمە لەكاتێكدایە كـە ڕۆژنـامـەنـووسـی ئـــازاد هەرگیز چاوی لەوەنییە سیمای جوانی وڵاتێك بشێوێنێت، چونكە ئەقلی بەندینخانەی جوانكارییەكان نییە، ڕاستییەكەی ڕەنگە ئەوەبێت كە بەرپرسانی دووحیزبەكەی دەسەڵاتدار زمانی دیپلۆماسی گوڵیان، خـەزانـی جـەمـاوەر دەگـرێ و كاتی دەنگكردنیان لە گەندەڵیەكانەوە دێت.

لەئاراستەی سێیەمدا، ئەگەر پارتی و یەكێتی بەگورتربن لە زەوتكردنی ئازادییەكان و پاوانخوازی دەسەڵاتو بەشینەوەی دوولایەنەی داهـات، ئەوا ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە لە هەرێمی كـوردسـتـان خـەڵـك دەبـێـتو ڕەنگە ئەوكاتیش گـەورەتـریـن ڕووداوی ڕۆژهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت لە هەرێمی كـوردسـتـان تـۆمـاربـكـرێـت، چونكە تـادێ هاوڵاتییان داوای گـەڕانـەوەی ئازادیپەكانییان دەكەن و پێشینەی شەڕو گەندەڵی و ترس و تۆقان دەسرنەوەو لەو مینبەرەدا هاوار بۆ ئازادیی دەكەن.

لەئاراستەی چـوارەمـدا، بەرپرسە حیزبییەكان، هەندێجار وەرزشینو گوتاری وەرزشـی دەدەن و هەندێ جار سیاسی و ئابورین، هەندێ جار ئایینیو هێرشبەر، بەڵام لە ئاشكرابوونی سەروەتو سامانیان بێدەنگ!؟ ئایا بوونی ئۆپۆزسیۆن لەو هەرێمەدا زەرورنییە كە زەنگێك بۆ گەندەڵییەكان لێ بدات و ببێتە شوێنگرەوەی ویژاردنی خەڵك و لە جێگەی ئەو بەرپرسانەی كە خۆیان لە هەموو بوارێك پێ پسپۆڕەو ئەوانەی پسپۆرو ئەكادیمیستن لای ئەوانەوە بە نەخوێندەوار هەژماردەكرێن، بریتێكی ڕاستەقینەبێت.

هەڵبژاردنی تەندروست، بە گۆڕینی نەخشەڕێی سیاسی دەسپێدەكات و نمایشی گـۆڕان لە مینبەری دەسەڵات دەكـات، كەچی كەسایەتییەكانی ئەو هەرێمە لەئێستادا، جارێكی دیكە چەك بە سـەرۆك هۆزەكان دەبەخشنەوە، ئایا ئۆپۆزسیۆن بۆ نەمانی دیـاردەی چەكهەڵگرتن زەروور نییە تا ئەقلیەتی چەكداری دابماڵرێت؟.

لە هەر هەڵبژاردنێكدا كاتێك هاوڵاتییان دەنگیان بەنوێنەراكانیاندا و ئەو كەسانە چونە نێو شانۆی دەسەڵاتەوە باشترین ئەكتەری بازرگانیان نمایشكرد، ئایا ئۆپۆزسیۆن بۆ ڕێكخستنەوەی بازاڕی ئازاد و گرنگیدان بە چاككردنی بژێوی هاوڵاتیان پێویست نییە؟ دەبێت بێدەنگی ئێمە لە گۆڕانكاری تا ئەورادەیەبێت كە نەمانتوانیبێت ئەو پرسیارە ئاراستەی خۆمان بكەین و لەوەڵامێكی وابگەڕێین كە بڵێت: ئەو هەڵبژاردنە پێوەرێك دەبێت كە تا چوار ساڵی دیكە دەنگی ئازاد دەتوانێت ڕەوتی هەڵبژاردن بە ئاراستەی مۆدی ئەزموونی وڵاتان بەرێت و هاوڵاتی لە سندوقی دەنگداندا یەكلایی كەرەوەی كورسی بێت، نەوەك نوێنەرە حیزبییەكان پركەرەوەو كڕیاری دەنگەكان بن.

لەئاراستەی پێنجەمدا، گۆڕانی سیستمی كۆمەڵایەتی و سڕینەوەی ئاسەواری توندوتیژیی حیزبایەتی و ڕەنگرێژی حیزبەكان، ئیتر لەگەڵ هاتنی ئۆپۆزسیۆن دروشـمـی چاكسازیی دەبێتە بلندگۆی خەڵكو لەوێوەیە كە ئەزمونی دیموكراتی ئەو هەرێمە سیمای جوانی خۆی وەردەگرێتو چیتر دەنگی حیزبێكو دووانی دیكە نابێتە بڕیاردەری تۆ؟ من؟ ئێوە... دواجار ناخی ئێمەش پێویستی بە خۆراكی ئەو دروشمە نییە كە وەك ئەمریكییەكان وتوویانە: «لە خاكی خۆمانەوە با بە دیموكراسییەوە خۆمان بگۆڕین».

ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە هیچ ئاكامێكی گۆڕانكاریشی لێ نەكەوێتەوە، بەدڵنیاییەوە كۆتایی بە كـۆرسـی دەستهەڵبرینی پەرلەمانتاران بۆ پرۆژەیاساكان دەهێنێت و پەرلەمانی كوردستانیش بە ئاراستەی مینبەری دیموكراسی ڕاستەقینەو شەفاف دەچێت.

NEW Sirwan Mineral Spring Water
زیاد لە 25 ساڵ ئەزموون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا
ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان



From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ

مژدە مژدە ...
DRR Co.
RENAULT

کۆمپانیای الدرر مژدە دەداتە هاوڵاتیانی خۆشەویست کە نرخی سەیارەی رینۆی فەرەنسی و BYD صینی و کرۆنی کۆری داشکاند بەهەموو قەبارەکانیەوە بەشێوەی قیست بۆماوەی (٢) ساڵ لەرێگای بانکی (دیجلە و فرات) ەوە




ناونیشان / سلێمانی - شەقامی مەلیك محمود - بەرامبەر چێشتخانەی کەبابی محسن E-info.drr@gmail.com 07701462292 - 07480158777

## ڕادیۆی دەنگی گۆڕان

ئاگاداری بیسەرانی بەڕێز دەکاتەوە کە دەتوانن لەم ناوچانەی خوارەوە گوێبیستی بەرنامەکانمان بن بە فریکوێنسی

FM 94.4

دەڤەری گەرمیان، شارەزور، حەوزی بتوێن، شەقڵاوە، هیران، نازەنین، تەقتەق و کۆیە

Dangi Gorran

لە سەرتاسەری جیهانیشدا لەسەر فریکوێنسییەکانی KNN دەتوانن گوێبیستی بەرنامەکان بن

Norsk Folkehjelp
Norwegian People's Aid
Community Development

## ئاگاداری

فریاگوزاری میللەتی نەرویج ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی سەر بە وڵاتی نەرویجە، ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆستی قازانج نەویستە، بەشی گەشەپێدانی کۆمەڵ یەکێکە لەبەشە سەرەکیەکانی ئێن پێ ئەی، ئەم بەشە پێویستی بە دامەزراندنی کەسێکە بە پێی پەیوەستنامەی تایبەت بە پرۆژەکانی ئەم بەشە، ئەو کەسەی دادەمەزرێت پۆستەکەی بریتیە لە «پرۆگرام ئۆفیسەر» و پێویستە ئەم پێشمەرجانەی لای خوارەوەی تێدا بێت ئەو کات (CV) تایبەتی خۆی پێشەکەش بە ڕێکخراوەکەمان دەکات.

پێشمەرجەکانی پێشکەشکردنی(CV) بۆ پۆستی «پرۆگرام ئۆفیسەر»


١. پێویستە دەرچووی خوێندنی باڵا (زانکۆ یان پەیمانگا) بێت و بروانانەی فەرمی هەبێت.
٢. شارەزایی هەبێت لە بەرکارهێنانی کۆمپیوتەر.
٣. زمانی ئینگلیزی بزانێت(قسەکردن و نوسین)، چەند زمانی تریش بزانێت باشترە.
٤. شارەزایی و بەشداری هەبووبێت لە چالاکی کاری مرۆڤدۆستانەدا.
٥. توانای بەڕێوەبردنی پرۆژەی هەبێت، لە رووی ستراتیژ و تاکتیکی بەڕێوەبردنی پرۆژەی گەورە و بچوک.
٦. بەبێ کێشە توانای سەفەری هەبێت بە هەموو جێگایەکی هەرێمی کوردستان و عێراق.
٧. خاوەن شارەزایی و خبرەی کارکردن بێت لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە کۆمەڵگای مەدەنی.
٨. شارەزایی کاری بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی هەبێت.
٩. ڕێکخراوەکەمان هانی رەگەزی مێینە دەدات بۆ ئەم پۆستە، گەر پێشمەرجەکان لەو کەسەداهەبێت کە داوای ئەم پۆستە دەکات.
١٠. باشترە مۆڵەتی شۆفێری هەبێت.

هەموو ئەو کەسانەی دەخوازن بێنە پێشبرکێ بۆ دەستەبەرکردنی ئەم پۆستە، پێویستە {CV} پێشەکەش بەڕێکخراوەکەمان بکەن و دواهەمین مۆڵەت بۆ وەرگرتنی (CV) رۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٩/٠٥/٢٤ دەبێت، لە ئۆفیسی سەرەکی ڕێکخراوی فریاگوزاری میللەتی نەرویج. یان پێکەوە بە ئیمێلی:
soran@npairaq.org

ناونیشان: گەرەکی بەختیاری(هەندرێن) ژمارە (١٠٩)، کۆڵانی (٣١)، خانووی ژمارە(٣)، نزیک سەنتەری گەنجان.

| Norwegian People`s Aid | Adrress | Telefon | Telefaks | E-Post |
|---|---|---|---|---|
| Iraq / Kurdistan npaid.org Sulaimanyah | Street 31 | +964 3184200 | | admin@npairaq.org and www. |
| | District 109 House No 3 | +964 3188010 +964 3185031 | | |

Norwegian People>s Aid, P.O box 8844 Youngstorget, N-0028 Oslo, Norway.



ژمـارە (488) پێنجشەممە 2009/6/11

PIRD
ڕۆژنامە
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان - دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی



# سەرەتایەکی نوێ

تایبەت بە وتارەکەی
قاهیرەی سەرۆکی
ئەمریکا بۆ جیهانی
ئیسلام



www.netewe.com

# ـــۆی قاهیره بۆ جیهانی ئیسلامی

ئەو شتانەن کە هەمووومان هاوبەشی دەکەین. ئەمە هیوای هەموو مرۆڤایەتیە.

بێگومان دەرکـکـردن بەمرۆڤایەتی هاوبەشمان تەنیا سەرەتای ئەرکەکەیە. وشەکان بەتەنیا ناتوانن پێویستیەکانی خەڵک بەجێبێنن. تەنیا ئەو کاتە ئەم پێویستیانە بەجێدەهێنرێن، کە لەساڵانی داهاتوودا بەجددی کاریان بۆ بکەین‌و لەو راستیە تێبگەین کە ئەو لەمپەرانەی رووبەڕوومان دەبنەوە هاوبەشن‌و سەرنەکەوتنیشمان لەئاستیاندا زەرەر بەهەموومان دەگەیەنێت.

هەروەک لەئەزموونی ئەم دواییەوە بۆمان دەرکەوت کە لاوازبوونی ئابووری لەوڵاتێکدا زەرەر بەئابووری دەگەیەنێت لەهەموو شوێنێکی دونیادا. کاتێک ئەنفلەوەنزایەکی تازە تووشی مرۆڤایەتی دەبێـت، هەمووومان لەمەترسیداین. کاتێک نەتەوەیەک چەکی ناوەکی دەکاتە ئامانج، مەترسی هێرشی ناوەکی لەسەر هەموو نەتەوەکان زیاد دەکات. کاتێک کۆمەڵێک توندڕەو لەزنجیره چیایەکدا کـاردەکـەن، خەڵک بـەدرێـژای زەریایەک دەکەونە مەترسییەوە. کاتێک بێگوناهێک لەبۆسنەو دارفۆر دەکرێتە قوربانی، ئەوە پەڵەیەک دەبێت لەسەر ویژدانی هاوبەشمان. ئەمەیە مانای هاوبەشیکردنی جیهان لەسەدەی بیست‌و یەکدا. ئەمە ئەو بەرپرسیاریەتیەیە کە ئێمە وەک مرۆڤ لەبەرامبەر یەکتردا هەمانە.

ئەمە بەرپرسیاریەتیەکی زۆر قورس‌و گرانە. هەندێکجار مێژوو بریتی بووە لەتۆماری کۆمەڵە نەتەوەو خێڵێک کە لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا یەکتریان قڕکردووە. ئەمجۆرە رەفتارە لەمرۆدا خود رووخێنەرە. ئێمە سەربەخۆین‌و هەر سیستمێکی جیهانی کە فەزلی نەتەوەو دەوڵەتێک بەسەر نەتەوەو دەوڵەتێکدا بدات نوشوست دێنێت. هەربۆیە گرنگ نییە چۆن لەرابردوو تێدەگەین، بەڵام هەرگیز نابێت ببین بەبەندی ئەو رابردووە. دەبێت لەڕێی هاوبەشی‌و هاوکارییەوە رووبـەڕووی کێشەکان ببینەوە، دەبێت هەموولایەک پێشکەوتنەکان بەش بکەین.

ئەمەیش بە مانای ئەوە نایەت کە دەبێت سەرچاوەی کێشەکان فەرامۆش بکەین. لەڕاستیدا ئەمە پێچەوانەکەی دەگەیەنێت: ئێمە دەبێت راستەوخۆ رووبـەڕووی ئەم ناکۆکیانە ببینەوە. بەهەمان رۆحیەتەوە، رێم بدەن کە بەشێوەیەکی زۆر روون‌و راشکاوانە دەربارەی کۆمەڵێک کێشە بدوێم، کە پێموایە دواجار دەبێت هەمووومان پێکەوە رووبەڕووی ببینەوە.

یەکەم کێشە کە دەبێت رووبـەڕووی ببینەوە بریتیە لە پەڕگیری‌و توندڕەوی‌و توندوتیژی لەهەر جۆرە فۆرم‌و شێوازێکدا بێت.

من لەئەنقەرە ئـەوەم روونـکـردەوە کە ئەمریکا دوژمنی ئیسلام نییەو هەرگیزیش دوژمنی ئیسلام نابێت. بەڵام دواجار دەبێت دژی ئەو توندڕەوی‌و پەڕگیرییە توندوتیژە ببینەوە، کە بووەتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشمان. چونکە ئێمە ئەو شتە رەد دەکەینەوە کە باوەڕدارانی هەموو باوەڕەکان رەدی دەکەنەوە: کوشتنی پیاوو ژن‌و منداڵی بێگوناه. منیش وەک سەرۆک یەکەم ئەرکم بریتیە لەپاراستنی خەڵکی ئەمریکی.

بـارودۆخ لەئەفغانستان ئامانجەکانی ئەمریکاو پێویستی کـاری هـاوبـەش دەخاتەڕوو. لەماوەی (٧) ساڵی رابردوودا ئەمریکا بەپشتگیرییەکی فراوانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی رووبەڕووی ئەلقاعیدەو تالیبان بووینەوە. ئێمە بەویستی خۆمان نەچووین، رۆیشتین چونکە پێویست بوو کە بچین. من دەزانم‌و ئاگادارم لەوەی کە هەندێک (١١)ی ئەیلول دەخەنە ژێـر پرسیارەوە یاخود بیانووی بۆ دەهێننەوە. بەڵام رێبدەن روونی بکەمەوە: قاعیدە لەورۆژەدا زیاد لە (٣٠٠٠) کەسی کوشت. قوربانیەکان پیاوو ژن‌و منداڵی بێگوناه بوون، لەئەمریکاو نەتەوەکانی دیکەبوون‌و هیچ زەرەرێکیان بەکەسانی دیکە نەگەیاندبوو. بەڵام قاعیدە بێڕەحمانە کوشتنی‌و شانازی بەو کۆمەڵکوژیەوە کردو تەنانەت ئێستایش نیازی خۆیان ناشارنەوە بۆ کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک. چەندین پشتگیرو بنکەیان لەوڵاتانی دیکەدا هەیەو هەوڵدەدەن مەودای کاریان فراوان بکەن. ئەمانە کۆمەڵە بۆچوونێک نین کە گفتوگۆیان لەبارەوە بکەین، ئەمانە راستیگەلێکن کە دەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین.

هەڵە مەکەن: ئێمە نیازمان نییە هێزەکانمان لەئەفغانستان بهێڵینەوە. ئێمە نامانەوێت هیچ بنکەیەکی سەربازیمان لەوێدا هەبێت. شتێکی ئازاربەخشە کە ئەمریکا کوڕو کچە گەنجەکانی لەدەستبدات. شتێکی گرانەو لەڕووی سیاسیشەوە زەحمەتە بەردەوام بین لەسەر ئەوە. ئێمە دڵخۆش دەبین ئەگەر یەکەیەکەی هێزەکانمان لەئەفغانستان بکێشینەوە، ئەگەر لەوە دڵنیابین کە چیدی توندڕەوێک لەئەفغانستان‌و پاکستان نەماوە کە هیوابخوازن زۆرترین ژمارەی ئەمریکی بکوژن. بەڵام هێشتا ئەوە هۆکارە سەرەکیەکە نییە.

هـەر لـەبـەر ئـەوەیـە کـە ئێمە لەگەڵ هاوپەیمانیەتیەکداین کـە (٤٦) وڵاتـی لەخۆگرتووە. چەندە ئەرک‌و تێچوونی زۆر بێت، ئەمریکا دەست لەبەرپرسیارێتییەکانی هەڵناگرێت. لەڕاستیدا نابێت هیچ یەک لەئێمە لەو توندڕەوانە ببورین. ئـەوان هەموو جۆرە خەڵک‌و باوەڕدارێک دەکوژن، ئەوان لەهەموو کەس زیاتر موسڵمانیان کوشتووە. کردارەکانی ئەوان لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ‌و پێشکەوتن‌و ئیسلامدا یەکناگرێتەوە. قورئانی پیرۆز ئـەوەمـان فـێـردەکـات کە ئـەوەی کەسێکی بێگوناه بکوژێت وەک ئەوە وایە کەهەموو مرۆڤایەتی کوشتبێت‌و ئەوەیش کە مرۆڤێک بپارێزێت وەک ئەوە وایە کە هەموو مرۆڤایەتی پاراستبێت. ئەم دینە گەورەیەی کە یەک ملیار مرۆڤ باوەڕیان پێهێناوە زۆر لەڕق‌و کینەی ئەو کەمینەیە گەورەترە. ئیسلام بەشێک نییە لەکێشەکەو لەشەڕی دژی توندڕەوی، بەڵکو ئیسلام بەشێکی گرنگە لەپەرەپێدانی ئاشتی.

ئێمە دەزانین کە تەنیا هێزی سەربازی بەس نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەفغانستان‌و پاکستان. هەر لەبەر ئەوەیە کە بڕیارمان وایـە لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا یەک ملیارو نیو دۆلار بەکاربهێنین بۆ هاوبەشیکردن لەگەڵ پاکستان بۆ دروستکردنی قوتابخانەو نەخۆشخانە.

رێمبدەن کە باس لەکێشەی عێراقیش بکەم. جودا لەشەڕی ئەفغانستان، عێراق شەڕێکی دەست ئانقەست بوو کە بوویە هـۆی دروسـتـکـردنـی جـیـاوازی گـەورە لەنێوان وڵاتانداو لەجیهاندا. سـەرەڕای ئەوەی من باوەڕم وایە کە خەڵکی عێراق حاڵیان باشترە لەنەبوونی دیکتاتۆریەتی سـەدام حوسەیندا، بـەڵام لەهەمانکاتدا باوەڕم وایە کە شەڕی عێراق ئەو راستیەی بیرخستینەوە، کە پێویستە هەموو رێگا سیاسی‌و دیبلۆماسیەکان بگرینەبەر لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکاندا. لەڕاستیدا دەکرێت وتەکانی تۆماس جیفەرسۆن بیری خۆمان بهێنینەوە کە دەڵێت: «من هیوام وایە کە لەگەڵ زیادبوونی هێزماندا حیکمەتیشمان زیاد بکات‌و ئەوەمان فێربکات کە تاکەمتر هێز بەکاربێنین، هێزمان زیاتر دەبێت.»

ئەمڕۆ ئەمریکا بەرپرسیارێتیەکی دوولایەنەی هەیە، یارمەتیدانی عێراق بۆ بونیادنانی داهاتوویەکی باشترو بەجێهێشتنی عێراق بۆ عێراقیەکان. من ئەوەم بەتەواوی بۆ عێراقیەکان روونـکـردەوە کە ئێمە نیازمان نییە هیچ بنکەیەک دابمەزرێنین‌و چاومان لەخاک‌و سەرچاوەکانی عێراق نییە. سەروەری عێراق لای خۆیەتی. هەر لەبەر ئەوەبوو کە من بڕیارمدا بەکێشانەوەی هێزە شەڕکەرەکان تا مانگی ئابی داهاتوو. هەر بۆیە ئێمە رێز لەورێکەوتننامەیە دەگرین کە لەگەڵ حکومەتی هەڵبژێردراوی دیموکراتی عێراقدا مۆرمان کردووە بۆ کێشانەوەی هێزە شەڕکەرەکان لە مانگی تەمووزو کشانەوەی هەموو هێزەکان لەساڵی (٢٠١٢).

ئێمە هاوکاری عێراق دەکەین بۆ پاراستنی ئاسایش‌و بەهێزکردنی ئابووریەکەی. هـــەروەک ئێمە پشتگیری ئاسایش‌و یەکپارچەیی عێراق دەکەین وەک هاوبەشی عێراق، نەک وەک گەورەو خاوەنی عێراق.

دواجار هەروەک چۆن ناکرێت ئەمریکا چاو لەبەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن توندڕەوەکانەوە بکات، هەروا ناشکرێت هەرگیز دەست لەبەهاو پرەنسیپەکانمان هەڵگرین. ٩/١١ شۆکێکی گەورەبوو بۆ ئەمریکا، ئەو ترس‌و تورەییەی دروستبوو شتێکی چاوەڕوانکراو بوو، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا ئەوە وای لێکردین کە پێچەوانەی پرەنسیپ‌و ئایدیاڵەکانمان بجولێینەوە، ئێمە هەنگاوی کۆنکرێتی دەگرینەبەر بۆ گۆڕینی ئەم ئاراستەیە، من بەتەواوی بڕیاری قەدەغەکردنی ئەشکەنجەم داوەو بڕیاریشمداوە بـە داخستنی زیندانی گوانتانامۆ تا ساڵی داهاتوو. کەواتە ئەمریکا بەرگریی لە خۆی دەکات، ئەمەش هاوتەریب لەگەڵ رێزگرتنی سـەروەریـی وڵاتانی دیکەدا، لەسەر هەمان بنەماش مامەڵە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگا موسڵمانانەدا دەکەین کە لەژێر هەڕەشەدان، هەتا زووتـر توندڕەوەکان گۆشەگیر بکرێن‌و پشتگیریی نەکرێن لەنێو کۆمەڵگا مسوڵمانەکاندا، زووتر سەلامەت دەبین.

دووەم گرنگترین بابەتێک کە باسی لێوەبکەین، بریتییە لە ململانێی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکان‌و جیهانی عەرەبی.

بەندو پەیوەندییە بەهێزەکانی نێوان ئیسرائیل‌و ئەمریکا زانـراون، ئەم بەندە ناشکێنرێت، ئەم بەندە بەرمەبنای بەستەرو پەیوەندی کلتوری‌و مێژووییە، داننانە بەو راستییەدا کە خەونی هەبوونی نیشتمانێک بۆ جولەکەکان رەگـی لە مێژوویەکی کارەساتبارو تراژیدا داکوتاوەو ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت.

بۆ ماوەی چەندین سەدە، جولەکە لە سەرانسەری دونیادا چەوسێنرانەوەو دژەسامیەتیش لە ئەوروپادا سەریکێشا بۆ هۆڵەکۆستێکی ترسناک. سبەینێ من سەردانی بوچێنوالد دەکەم، کە بەشێکە لە زنجیرە کامپێک کە تێیدا جولەکەکان ئـــازاردران، بـەنـدکـران، کـوژران‌و گـازڕێـژکـران، ئەمەش لەلایەن رایخی سێیەمەوە، زیاد لە (٦) ملیۆن جولەکە لەناوبران کە دەکاتە زیاتر لە دانیشتووانی ئێستای ئیسرائیل، نکوڵیکردن لەم راستییە، نەزانی‌و جەهل‌و رقدۆزییە. ترساندنی ئیسرائیل بە لەناوبردن یاخود دووبـارەکـردنـەوەی هەندێک وێنەو دروشمی خراپ دژ بە جولەکە، بەتەواوی هەڵەیەو وادەکـات کە ئیسرائیلییەکان بەردەوام لەگەڵ ئەو یادەوەرییە تاڵانەیاندا بژین، ئەمەش دەبێتە هۆی لەمپەر خستنە بەردەم هاتنەدی ئەو ئاشتیەی کە خەڵکی ئەم ناوچەیە شیاویەتی.



# وتە مێژووییەکەی ئۆباما لەزانک

**وەرگێڕانی: دانا نەوزەر عەلی**

من ئەمڕۆ هەست بەشانازی دەکەم کە لەشاری نەمری قاهیرەدا لەلایەن دوو دامەزراوەی ناسراوو عەریقەوە میوانداری کراوم. بۆ ماوەی زیاد لەهەزار ساڵ، ئەزهەر منارەو هێمای فێرکردن بووەو بۆماوەی زیاد لەسەدەیەکیش زانکۆی قاهیرە سەرچاوەی پێشکەوتنی میصر بووە. ئێوەیش بەهەردووکتانەوە، نوێنەرایەتی هارمۆنیو پێکەوەگرێدانی کەلتوورو پێشکەوتن دەکەن. من زۆر سوپاسگوزارم بۆ میوانداری ئێوەو میوانداری خەڵکی قاهیرە. هەروەها خۆم بەسەرفراز دەزانم کە لەگەڵ خۆمدا نیەتو ویستی باشی خەڵکی ئەمریکا هەڵبگرمو سڵاوی ئاشتی جڤاتی موسوڵمانی ئەمریکاتان پێبگەیەنم: «السلام علیکم».

ئێمە لەزەمەنێکدا دەژین، کە گرژی لەنێوان ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو موسوڵمانانی جیهاندا هەیە، گرژییەکانیش رەگیان لەنێو مێژووییەکدا داکوتاوە کە بەدەرە لەگفتوگۆو پلانەکانی ئێستا.

پەیوەندییەکانی نێوان ئیسلامو خۆرئاوا چەندین سەدەی پێکەوەژیانو هاوکاریکردن دەگرێتە خۆی بەڵام لەهەمانکاتدا ناکۆکیو شەڕە ئایینیەکانیشی تێدایە. لەم دواییانەیشدا ناکۆکیەکان زیاترو زیاتربوون بەهۆی کۆلۆنیالیزمەوە کە مافو چانسەکانی بەشێکی زۆری موسوڵمانانی فەرامۆشکردو شەڕی ساردیش رۆڵێکی نێگەتیڤی گێڕا بەوەی کە وەک وەکیلێک تەماشای زۆربەی ئەو وڵاتانەی دەکرد کە زۆرینەیەکی موسوڵمانیان هەبووە کە هیچ حیسابێکی بۆ ئامانجو ئارەزووەکانیان نەکرد. زیاد لەوەیش ئەو گۆڕانە رادیکاڵیانەی کە مۆدێرنێتەو بەجیهانیبوون هێنایان لەگەڵ خۆیاندا بوونە هۆی ئەوەی کە بەشێک لەموسڵمانان وابیربکەنەوە، کە رۆژئاوا دوژمنی ترادیسیۆنی ئیسلامیە.

توندڕەوەکانیش ئەم ناکۆکیانەیان قۆرخکردووە بۆ لەنێو کەمایەتیە موسڵمانە بچوکو بەهێزەکاندا. هێرشی (١١)ی سێپتامبەرو هەوڵە بەردەوامەکانی توندڕەوەکان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی دژی مەدەنیەکان وایکردووە، کە خەڵکانێک لەوڵاتەکەی مندا موسڵمانان نەک تەنیا بەدوژمنێکی ئەمریکاو رۆژئاوا دەزانن، بەڵکو بەدوژمنێکی مافەکانی مرۆڤیشی دەزانن. ئەمەیش بووەتە هۆی زیادبوونی ترسو بێمتمانەیی.

ماوەیەکی زۆرە کە پەیوەندییەکانمان بەهۆی جیاوازییەکانمانەوە دەناسرێنەوە، بەڵام ئیدی ئێمە ئەوانە لەدەسەڵات دەخەین کە لەجێی ئاشتی رق بەرهەم دەهێننو لەجێی هاوکاری برەو بەناکۆکی دەدەن، لەکاتێکدا کە هاوکاری دەکرێت یارمەتیمان بدات بۆئەوەی بگەین بەئامانجەکانمان لەدادپەروەریو خۆشگوزەرانی، ئەم بازنەی گومانو ململانێیە دەبێت کۆتایی بێت.

من هاتوومەتە ئێرە هەتا داوای سەرەتایەکی نوێ بکەم لەنێوان ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو موسڵمانانی سەرزەویدا. ئەمەیش بەرمەبنای بەرژەوەندیو رێزی هاوبەشو بەرمەبنای ئەو راستیەی کە ئیسلامو ئەمریکا دوو شتی دژ نینو پێویست ناکات لەململانێدابن. بەپێچەوانەوە، ئەوان هەردووکیان پێکەوە گرێدراونو هاوبەشی بەها سەرەکیەکان دەکەن، بەهاکانی دادو پێشکەوتنو لێبوردەییو رێزی هەموو مرۆڤێک.

من دەرک بەوە دەکەم کە ناکرێت لەماوەی شەوو رۆژێکدا ئەم گۆڕانە رووبدات. نە تەنیا وتارێک دەتوانێت ئەم هەموو ساڵە لەبێمتمانەیی بسڕێتەوەو نەمنیش دەتوانم لەم کاتەدا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارە ئاڵۆزانە بدەمەوە کە ئێمەیان بەم رۆژە گەیاندووە. بەڵام من قەناعەتم وایە کە بۆئەوەی هەنگاوێک بەرەوپێشەوە بڕۆین دەبێت هەموو ئەو شتانە ئاشکراکەین کە لەدڵماندا هەڵمانگرتووەو زۆرجاریش کە دەوترێن لەپشت دەرگا داخراوەکانەوەن. پێویستە هەوڵبدەین کە گوێ بۆ یەکدی بگرین، تا لەیەکترەوە فێربین، تارێز لەیەکتر بگرینو هەوڵبدەین زەمینەی هاوبەش دروستبکەین. هەروەک قورئانی پیرۆز پێماندەڵێت: «خودات لەبەرچاوبێتو تەنیا راستی ببێژە» ئەمەیش هەر ئەوەیە کە من هەوڵدەدەم بیکەم بەوەی هەتا لەتوانامدایە راستی بڵێم ئەمەیش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ئەرکانەی کە چاوەڕێمان دەکەنو بەبڕوایەکی بەهێزەوە بەو راستیەی کە ئەو بەهاو خاڵە هاوبەشانەی کە ئێمەی مرۆڤایەتی کۆدەکاتەوە زۆر زیاترن لەو هێزو هۆکارانەی کە لەیەکترمان دوور دەخەنەوە.

بەشێک لەم باوەڕە سەرچاوەی لەئەزموونی کەسی خۆمەوە وەرگرتووە. من مەسیحیم، بەڵام باوکم لەخێزانێکی کینیەوە هاتووە کە چەندین نەوەی موسڵمانی تێدابووە. وەک کوڕێکی گەنج، چەند ساڵێکی ژیانم لەئەندەنوسیا بەسەربردو لەگەڵ هەموو سپێدەو زەردەپەڕێکدا گوێم لەدەنگی بانگ دەبوو. وەک کوڕێکی گەنج لەنێو جڤاتەکانی شیکاگۆدا کارم کردووە کە زۆرێکیان ئاشتیو ئارامیان لەباوەڕە ئیسلامیەکاندا دەبینیەوە.

وەک قوتابییەکی مێژوویش دەزانم کە شارستانیەتەکان قەرزاری ئیسلامن. ئەوە ئیسلام بوو، کە بەهۆی چەند شوێنێکی وەکو زانکۆی ئەلئەزهەرەوە تیشکی رووناکی فێربوونی بۆ ماوەی چەندین سەدە بڵاوکردەوەو رێی خۆشکرد بۆ رێنسانسو رۆشنگەری لەئەوروپا. ئەوە داهێنانکاری وڵاتە موسڵمانەکان بوو کە زانستی جەبرو کە قیبلەنوماو ئامێرە موگناتیسیەکانی دەریاوانیو وەستاکاری بواری قەڵەمو چاپکردنی دروستکردو شێوازی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیو شێوازی چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیانەیان فێرکردین. کەلتووری ئیسلامی گومەزی فڕیوو کەوانی مەزنو شیعری نەمرو مۆسیقای ئارامو نووسینی نایابو شوێنی بیرکردنەوەو تێفکرینی ئاشتیانەی پێبەخشیوین، بەدرێژایی مێژوویش، ئیسلام لەرێی کردارو گوفتارەوە ئەوەی سەلماندوە، کە لێبوردەیی ئایینیو یەکسانی رەگەزی مەحاڵ نییە.

ئەوەیش دەزانم کە ئیسلام بەردەوام بەشێک بووە لەمێژووی ئەمریکا. یەکەم نەتەوە کە هەستا بەدانانی بەوڵاتەکەمدا مەغریب بوو. لەکاتی ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی تریپۆلیدا لەساڵی ١٧٩٦ سەرۆکی دووەممان جۆن ئادامس نووسی:

«ویلایەتەیەکگرتووەکان لەخۆیدا هیچ جۆرە دوژمنکاریەکی لەبەرامبەر یاساو ئایینو ئارامی ئیسلامدا لەخۆنەگرتووە» هەر لەسەرەتای دامەزراندنیشیەوە، موسڵمانە ئەمریکیەکان بەشداربوون لەدەوڵەمەندکردنی ئەمریکادا. ئەوان لەشەڕەکانماندا شەڕیان کردووە، لەحکومەتدا خزمەتیان کردووە، پشتگیری مافە مەدەنیەکانیان کردووە، کاری ئابووریان کردووە، لەزانکۆکانماندا وانەیان وتووتەوە، لەبوارە وەرزشیەکاندا بەشداربوون، خەڵاتی نۆبڵیان بردووەتەوە، درێژترین بیناکانیان بونیادناوینو ئاگری ئۆلۆمپیان هەڵکردووە. هەروەک ئەو کاتەی کە لەم دواییانەدا یەکەم موسڵمان هەڵبژێررا بۆ کۆنگرێس، سوێندی لەسەر قورئان خوارد بۆ پاراستنی دەستوورو قورئانەکەیش هەمان ئەو قورئانە بووە کە یەکێک لەباوکانی دامەزرێنەرمان، تۆماس جێفەرسۆن لەکتێبخانەکەی خۆیدا هەڵیگرتبوو.

هەربۆیە من پێش ئەوەی بێمە ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەمجار ئیسلامی تێدا هاتەخوارەوە، من ئیسلامم لەسەر سێ کیشوەری دیکە ناسیوە. ئەم ئەزموونەیش گەیاندومیەتە ئەو قەناعەتەی کە هاوکاریو پێکەوەبوونی ئەمریکاو ئیسلام دەبێت لەسەر ئەوە بونیاد بنرێت کە ئیسلامە نەک ئەوەی کە ئیسلام نییە. هەروەها من وەک سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوە بەئەرکی خۆم دەزانم، کە دژی هەر گشتگیریو پێشبڕیارێک لەدژی ئیسلام بووەستمەوە کە لەهەرشوێنێکدا دەربکەوێت.

بەڵام هەمان بنەما دەبێت لەتێگەیشتنی موسڵمانان بۆ ئەمریکادا هەبێت. هەروەک چۆن موسڵمانان شیاوی ئەو گشتگیرییە خراپە نین کە دژیان هەیە بەهەمان شێوە ئەمریکایش شایانی ئەو گشتگیرەییە نێگەتیڤە نییەو ئەو ئیمپراتۆریەتە نییە کە بۆ بەرژەوەندی خۆی کاردەکات. ئەمریکا یەکێک بووە لەو سەرچاوانەی پێشکەوتن لەدونیادا کە هەتا ئێستا مێژوو بەخۆیەوە بینیویەتی. ئێمە لەهەناوی شۆڕشێکەوە هاتووین کە دژی ئیمپراتۆریەتێک ئەنجامدرا. ئێمە لەسەر ئەو ئایدیاڵە دامەزراوین کە هەموو مرۆڤەکان بەیەکسانی دروستکراون، چەندین سەدەیش جەنگاوینو خوێنمان رشتووە بۆ ئەوەی مانایەک بەو وشانە بدەین، لەنێو وڵاتو لەهەموو دونیادا. ئێمە لەلایەن چەندین کەلتوورو لەچەندین شوێنی جیاوازی دونیاوەو هەموویشمان کار بۆ یەک بنەما دەکەین «یەکێک لە چەندێکەوە».

بەڵگەیەکی گەورە بۆ ئەم راستیە ئەوەیە کە دەکرێ ئەمڕۆ ئەمریکیەک بەناوی باراک حوسەین ئۆباما هەڵبژێردرێت بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا. بەڵام چیرۆکە کەسیەکەی من ئەوەندە شازو تاقانە نییە. خەونی چانس بۆ خەڵکی بۆ هەموو کەسێک بەدینەهاتووە، بەڵام بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو خەونە بۆ هەر کەسێک کە دێتە کەنارەکانمان وەک خۆیەتی، لەنێویشیاندا حەوت ملیۆن موسڵمانی ئەمریکی کە ئەمێستا خاوەنی داهاتو خوێندنێکی باشن کە لەسەرو تێکڕای گشتیەوەیە.

زیاد لەوەیش، هەرگیز ئازادی لەئەمریکا جیاناکرێتەوە لەئازادی تاک بۆ پراکتیککردنی ئایین. هەر بۆیە لەهەموو ویلایەتێکی یەکێتیەکەماندا مزگەوتێک هەیەو زیاد لە (١٢٠٠) مزگەوتیش لەسەرانسەری ئەمریکادا هەیە. هەر لەبەر ئەوەیە کە حکومەتی ئەمریکی رۆیشتووەتە دادگاکانو بەرگری لەمافی ئەو کچانە کردووە کە باڵاپۆشنو حیجاب لەبەردەکەنو سزای ئەو کەسانەی داوە کە نکوڵیان لەو مافە کردووە.

کەوابێت باهیچ گومانێکمان نەبێت: ئیسلام بەشێکە لەئەمریکا. هەروەها من بڕوام وایە کە ئەمریکا لەناوخۆیدا ئەو راستیەی هەڵگرتووە کە هەموومان بەبێ جیاوازی رەگەزو ئایینو ئاستو پێگە لەژیاندا، هەموومان خەونی هاوبەشمان هەیە: ژیان لەئاشتیو ئاسایشدا. خوێندنێکی باشو کارێکی شەرەفمەندانە. ئەوەی کە خێزانەکانمان خۆشبووێت، کۆمەڵگامان خۆشبووێت، خوامان خۆشبووێت. ئەمانە



ناوەکی تێدانییە، هەر نەتەوەیەکیش (بە ئێرانیشەوە) مافی خۆیەتی بۆ بەکارهێنانی وزەی ناوەکی بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانە، کە لەگەڵ رێککەوتننامەی بەرەنگاریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ناوەکی بگونجێت.

ئەم ئەرکە لە بەرگی رێککەوتننامەکەدایەو هەموو ئەوانەش کە پشتی پێدەبەستن، دەبێت پابەندبن پێیەوە، هیوادارم هەموو وڵاتانی ناوچەکە ئەمە بەئامانج بگرن.

بابەتی چـوارەم کە باسی لێوەدەکەم بریتییە لـە دیـمـوکـراسـی، دەزانـم لەم ساڵانەی دواییدا گفتوگۆ هەبووە دەربارەی گەشەپێدانی دیموکراسی، زۆربەی زۆری ئەم گفتوگۆو لێدوانەش بەهۆی پەیوەندی بە جەنگی عێراقەوە هەبووە، کەوابێت با ئەمە بەتەواوی روونبکەمەوە: ناکرێتو نابێت هیچ سیستمێکی حوکمڕانی لەلایەن گەلێکەوە بەسەر گەلێکی دیکەدا بسەپێنرێت.

سـەرەڕای ئـەمـەش ئـەمـە وانـاکـات کە هاوکارییو پیشتگیریی من بۆ ئەو حکومەتانەی کە بە ئیرادەی گەلەکانیان هەڵبژێردراون، کەم ببێتەوە، هەرگەلەو بەشێوازی تایبەتی خۆی رۆح بەبەری ئەم پرەنسیپەدا دەکات، ئەمەش بە پشتبەستن بە تەقالیدی رەگداکـوتـاوی میللەتەکە.

ئەمریکا نوقڵانەی ئەوە لێنادات کە چی بۆ خەڵکی باشە، هـەروەک چۆن ناکرێت پێشبینی ئەنجامی هەڵبژاردنێک بکەین کە بەشێوازێکی ئاشتیانە ئەنجامدراوە، بەڵام من بڕوایەکی بەهێزم هەیە بەوەی کە هەموو کەسێک حەزی بۆ شتگەلێکی دیاریکراو هەیە: توانای ئـەوەی چی لە دڵتدا هەیە دەریببڕیتو قسەیەکت هەبێت لە شێوازی بەڕێوەبردنتدا، دڵنیابوون لە دەسەڵاتی یاساو حوکمێکی عادلانە، حکومەتێک کە شەفافەو دزیی لە خەڵک ناکات، ئازادیی ژیان وەک ئەوەی دەتەوێت، ئەمانە تەنیا بیروباوەڕی ئەمریکی نین، ئەوانە مافەکانی مرۆڤن، هەر لەبەرئەوەشە کە ئێمە لە هەموو شوێنێکدا پشتگیریان دەکەین، بەڵام هێڵێکی رێک نییە کە ئەم بەڵێنەی تێدا جێبەجێبکرێت، بەڵام ئەوە روونە کە ئەو حکومەتانەی کە ئەم مافانە دەپارێزن، جێگیرو پارێزراوترو سەرکەوتووترن، سەرکوتکردنی بیرو ئایدیاکان هەرگیز نابنە هۆی لەناوچوونیان، ئەمریکا رێز لە هەموو دەنگێک دەگرێت کە ئاشتیخوازبێتو پشت بە یاسا ببەستێت، تەنانەت ئەگەر لەگەڵ بیروبۆچوونیشماندا یەکنەگرێتەوە، هەروەها پێشوازیی لە هەموو ئەو حکومەتە هەڵبژێردراوانە دەکەین کە رێز لە ئیرادەی گەلەکانیان دەگـرن، ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونکە کەسانێک هەن کە تەنیا ئەوکاتە دیموکراسیان دەوێت کە لە دەرەوەی دەسەڵاتن، هەر کە گەیشتنە دەسەڵات، بێڕەحمانە دەکەونە پێشێلکردنی مافەکانی ئەوانی دی، گرنگ نییە کە لەکوێ روودەدات، حوکمی خەڵک لەلایەن خەڵکەوە، کۆمەڵە یاسایەکی هەیە بۆ ئەوانەی کە دەسەڵات دەگرنە دەست: دەبێت دەسەڵات لەڕێی هەڵبژاردنەوە بگرنە دەست، نەک لەڕێی هێزەوە، دەبێت رێزی کەمینەکان بگرن، دەبـێـت بە رۆحـی لێبوردەییو تێگەیشتنەوە کاربکەن، دەبێت بەرژەوەندیی خەڵکو پرۆسە سیاسییەکە بخەنە سەروو بەرژەوەندییەکانی لایەنەکەتان، بەبێ ئەم بنەمایانە، تەنیا هەڵبژاردن بۆخۆی دیموکراسی بونیاد نانێت.

بابەتی پێنجەم کە دەبێت پێکەوە ئاماژەی پێبدەین بریتییە لە ئازادیی ئایینی.

ئیسلام ترادیسیۆنێکی پڕ شانازیی هەیە لە لێبوردندا، ئەمەش لە مێژووی ئەندەلوسو قورتوبەدا دەبینین، من بۆ یەکەمجار لە ئەندەنوسیاو بە منداڵی ئەمەم بینی، ئەوکاتەی کە مەسیحییەکان لەنێو وڵاتێکی ئیسلامیدا بەتەواوی ئازادییەوە پەرستشی خۆیان ئەنجامدەدا، ئەمە ئەو رۆحـەیـە کە ئێمە ئەمڕۆ پێویستمانە. خەڵکی لە هەموو وڵاتێکدا دەبێت ئازادبن بۆ هەڵبژاردنی هەر دینێکو پابەندبوون پێیەوە، ئەمەش بە قەناعەتی دڵو مێشکو رۆح، ئەم لێبوردەییە زۆر گرنگە بۆ ئەوەی ئایین بتوانێت سەربکەوێت، بەڵام ئەمەش چەندین لەمپەری هاتووەتە بەردەم.

لەنێو هەندێک لە مسوڵماناندا هەوڵێک هەیە بۆ پێوانەکردنو بڕیاردان لەسەر باوەڕی کەسێک بە رەتکردنەوەی باوەڕی ئەوانی دی، پێویستە پارێزگاریی لە دەوڵەمەندیو پلورالیزمی دینی بکرێت، جا ئیتر ئەوە مارونییەکانی لوبنان بن یاخود قیبتیەکانی میسر، هـەروەک چۆن دەبێت هێڵەکانی ناکۆکی لەنێوان مسوڵمانان خۆشیاندا داخرێت، چونکە ناکۆکیو دابەشبوونەکانی نێوان سوننەو شیعە، سەری بۆ توندوتیژی تراژیدی کێشاوە، بەتایبەت لە عێراقدا.





ئازادیی ئایین زۆر گرنگە بۆئەوەی خەڵکی بتوانن پێکەوە بـژیـن، دەبێت بەردەوام بەدوای ئەو رێگایانەدا بگەڕێین کە دەبنە هۆی پاراستنی ئەم ئازادییە، بۆ نموونە یاساکانی تایبەت بە خێرکردن لە ئەمریکا بووەتە رێگر لەبەردەم هەندێک مسوڵماندا بۆ بەجێهێنانی ئەرکەکانیان، هەر لەبەرئەوەیە کە بڕیارمداوە کاربکەم لەگەڵ مسوڵمانە ئەمریکییەکاندا بۆئەوەی بتوانن ئەرکی زەکات بەجێبهێنن.

بە هەمانشێوە زۆر گرنگە کە وڵاتە خۆرئاواییەکان خۆیان بەدوور بگرن لەوەی مسوڵمانان بەو شێوازەی دەیانەوێت، بۆ نموونە دانانی یاسای تایبەت بەوەی کە دەبێت کچانی مسوڵمان چی لەبەربکەن، هەرگیز ناکرێت ئێمە لەژێر پـەردەی لیبرالیزمدا رق لەدژی ئایینێک بشارینەوە.

لەڕاستیشدا ئیمان دەبێت کۆمان بکاتەوە، هەربۆیە ئێمە لە ئەمریکا گرنگیی بەو پرۆژانە دەدەین کە مەسیحیو مسوڵمانو جولەکە پێکەوە کۆبکاتەوە، هەروەها پێشوازیی لە هەوڵەکانی هاوشێوەی هەوڵەکەی پاشای سعودیە، پاشا عەبدوڵڵا بۆ دایەلۆگی ئایینەکانو سەرکردایەتیی تورکیا لە گفتوگۆی شارستانییەتەکاندا دەکەین، دەتوانین کە لە هەموو دونیادا دایەلۆگ بکەینە خزمەتێکی نێوان ئایینەکان، ئەمجۆرە پردانەش لەنێوان خەڵکیدا دەبێتە هۆی دروستبوونی کردار، جا ئیدی ئەوە لەناوبردنی مەلاریا بێت لە ئەفریقا یاخود دابینکردنی فریاگوزاریی بێت لـەدوای کارەساتێکی سروشتی.

بابەتی شەشەم کە من دەمەوێت باسی لێوەبکەم بریتییە لە مافەکانی ژن.

من دەزانم کە گفتوگۆ هەیە دەربارەی ئەم بابەتە، من ئەو تێڕوانینە رەتدەکەمەوە کە لە خۆرئاوادا هەیە بەوەی ئەوانەی کە سەریان دادەپۆشن، بەشێوەیەک لەشێوەکان نایەکسانن، بەڵام من باوەڕم وایە کە ئەو ژنەی مافی خوێندنی لێوەردەگیرێتەوە، نکۆڵی لە مافەکانی کراوە، ئەوەش شتێکی لەناکاوو سودفە نییە کە ببینین ئەو وڵاتانەی ژنان پـەروەردەو خوێندنێکی باشیان وەرگرتووە، خۆشگوزەرانترن.

ئێستا رێمبدەن روونو راشکاوبم: کێشەی مافەکانی ژن هەروا بەو سادەییە کێشەی ئیسلام نین، لە تورکیا، پاکستان، بەنگلادیشو ئەندەنوسیا، کە وڵاتانێکن زۆرینەیەکی مسوڵمانیان هەیە، ژنێک وەکو سەرکردە هەڵدەبژێرن، لە هەمانکاتدا خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژن لە چەندین رەهەندی ژیانی ئەمریکاو وڵاتانی دونیادا بەردەوامە.

کچەکانمان هێندەی کوڕەکانمان توانای بەخشینیان هەیە بە کۆمەڵگا، بەرژەوەندی هاوبەشیشمان بەوە پێشدەکەوێت کە رێ بە هەموو مرۆڤایەتی بدەین (بە ژنو پیاوەوە)، تەواوی وزەو توانای خۆیان بەکاربهێنن.

من وا بیرناکەمەوە کە ژنان بۆئەوەی یەکسان بن دەبێت هەمان خیاراتی پیاو بگرنەبەر، من رێزی ئەو ژنانە دەگرم کە بڕیاری خۆیان ئەوەیە ژیانی تەقلیدیانەی خـۆیـان بـژیـن، بـەڵام ئـەوە دەبـێـت بڕیاری خۆیان بێت، هەربۆیە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هەر وڵاتێکی زۆرینە مسوڵماندا هاوکاریی دەکات کە پشتگیریی خستنەوە بەر خوێندنی کچان دەکـەن، پشتگیریی لە کاری ژنان دەکەن لە رێگای پرۆژەی بازرگانیی بچووکەوە کە چانسی بەدیهێنانی خەونەکانیان زیاد دەکات.

لـە کۆتاییدا دەمـەوێـت دەربـارەی پێشکەوتنو چانسی ئابووری بدوێم.

من ئـەوە دەزانـم کە بۆ زۆر کەس جیهانگیریی چەند روویەکی دژبەیەکی هەیە، ئینتەرنێتو تەلەفزیۆن دەکرێت ببنە هۆی گەیاندنو گوستنەوەی زانیارییو مەعریفە، بـەڵام دەکـرێـت سێکسی ناپەسەندو توندوتیژیش بگوازێتەوە، دەکرێت بازرگانی چانسو دارایی نوێ لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، بەڵام لە هەمانکاتدا دەکرێت ببێتە هۆی تێکدانو لێکترازاندنی کۆمەڵگاکان. لە هەموو نەتەوەکاندا، بە نەتەوەکەی خۆشمەوە، ئەم گۆڕانانە دەکرێت ببێتە هۆی دروستکردنی ترس، ترسی ئەوەی کە بەهۆی مۆدێرنیتیەوە کۆنترۆڵ لەسەر خیارە ئابوورییەکانمان، سیاسەتمان، لەوەش گرنگتر شوناسمان لەدەستبدەین، ئەمەش ئەو شتانەن کە ئێمە لە کۆمەڵگاو خێزانو ترادیسیۆنەکانماندا بەلامانەوە گرنگن.

بەڵام لە هەمانکاتدا گرنگە ئەوە بزانین کە ناکرێت نکۆڵی لە گەشەو پێشکەوتنی مرۆڤ بکەین، نابێت هیچ ناکۆکییەک هەبێت لەنێوان ترادیسۆن (نەریت)و پێشکەوتندا، وڵاتگەلێکی وەکو ژاپۆنو کۆریای باشوور پێشکەوتنی گەورەیان بەدەستهێناوە، لەکاتێکدا خاوەنی کلتورو نەریتی تایبەتی خۆیانن، ئەمەش بە هەمانشێوە راستە بۆ ئەو پێشکەوتنە سەرسامکەرەی کە لەنێو وڵاتە زۆرینە مسوڵمانەکاندا بـەدەسـتـهـاتـووە لە کـوالالامـپـورەوە بۆ دوبـەی، لە کاتە دێرینەکانو لە ئێستاشدا، کۆمەڵگا مسوڵمانەکان لە پێشڕەوی نوێبوونەوەو داهێنانکاریدا بوون.



لەلایەکی دیکەشەوە ئــەوەش نکۆڵی لێناکرێت کە فەلەستینیەکان بە مسوڵمان‌و مەسیحییەوە، لەپێناوی نیشتمانێکدا ئازارو چەرمەسەریی زۆریان چەشتووە، بۆ مــاوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵ ئــازاری بێشوێنیان چەشتووە، لە زۆرێــک لە ئۆردوگاکانی پەنابەریدا لە غەزەو کەناری خۆرئاواو وڵاتانی دراوسێدا دەژیــن، بە ئومێدی ئەو ژیانە ئاشتیانەی کە هەرگیز بە نسیبیان نەبوو، ئەوان رۆژانە لەگەڵ ئەو ئازارەدا دەژین کە بەهۆی داگیرکارییەوە تووشی هاتوون، کەوابێت با هیچ گومانێک لەوەدا نەبێت کە ناکرێت چاوپۆشیی لەو حاڵە بکەین کە فەلەستینییەکانی تێدایە، ئەمریکا هەرگیز پشت لە خەونی رەوای فەلەستینییەکان بۆ ژیانێکی شەرەفمەندانەو چانس‌و دەوڵەتێکی سەربەخۆ هەڵناکات.

بۆ مــاوەی چەند دەیەیەکە خاڵێکی بنبەست هەیە: دوو نەتەوە بە خەونی رەواوە، هەریەکەیان بە مێژوویەکی تراژیدیەوە وادەکات کە رێککەوتن زەحمەت بێت، زۆر ئاسانە کە هەرلایەکیان ئاماژە بە کارەساتەکان بکات، فەلەستینییەکان ئاماژە بەو وەدەرنــران‌و ئاوارەبوونە بکەنەوە کە بەهۆی دامــەزرانــدنــی ئیسرائیلەوە تــووشــیــان بــووە، ئیسرائیلییەکانیش ئاماژە بەو دوژمنکاریی‌و هێرشانە بدەن کە بەدرێژایی ئەو مێژووە لەناوەوەو دەرەوەی سنوورەکانەوە لەسەریان بووە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەم ناکۆکییە تاک لایەنەو لە یەک رەهەندەوە ببینین، ئەوا لەئاست راستیدا کوێردەبین، تاکە چارەسەر ئەوەیە کە خەونی دوو نەتەوەکە لەرێی دوو دەوڵەتی سەربەخۆوە بهێنرێتەدی، کە تێیدا هەریەکە لە ئیسرائیلی‌و فەلەستینییەکان لە ئاشتی‌و ئاسایشدا بژین.

ئەمە لە بەرژەوەندیی ئیسرائیلە، لە بەرژەوەندیی فەلەستینە، لە بەرژەوەندیی ئەمریکایەو لە بــەرژەوەنــدیــی تــەواوی دونیایە، هەربۆیە من بە شەخسی‌و بە هەموو هێزمەوە لەپێناوی ئەم ئامانجەدا کاردەکەم‌و ئەوەی پێویست بێت دەیکەم، ئەو ئەرکانەی کە هەردوولا لە رێککەوتننامەی نەخشەی رێگادا لەسەری رێککەوتوون، زۆر روونن.

کاتی ئــەوە هــاتــووە کــە لــە پێناوی وەدیهێنانی ئاشتیدا هەموو لایەک لە ئاست بەپرسیاریەتیەکانماندا بین.

فەلەستینییەکان دەبــێــت دەســت لە توندوتیژی هەڵبگرن، بەرگریی لەرێی تــونــدوتــیــژی‌و کــوشــتــنــەوە هــەڵــەیــەو ســەرکــەوتــوو نابێت، بۆ مــاوەی چەند سەدەیەک خەڵکی رەش لە ئەمریکا بەدەست چەوساندنەوەو جیاکاریی رەگەزییەوە ناڵاندنیان، بەڵام ئەوە توندوتیژی نەبوو کــە بـــووە هـــۆی بەدەستهێنانی مافی تــەواوو یەکسان، بەڵکو بریتی بــوو لە جەختکردنەوەیەکی ئاشتیانە لەسەر ئەو بنەماو بەهایانەی کە ئەم وڵاتەی لەسەر دامەزرابوو، ئەم چیرۆکە دەکرێت لەلایەن خەڵکی باشووری ئەفریقاو باشووری ئاسیاو لە ئەورووپای خۆرهەڵاتەوە بۆ ئەندەنوسیا بگێردرێتەوە، ئەم چیرۆکە راستییەکی سادەمان پێدەڵێت: توندوتیژی داهاتووی نییە. ئەوە هەرگیز نیشانەی ئازایەتی‌و هێز نییە کە موشەک بە منداڵانەوە بنێیت لەکاتی خەوداو پاس بە پیرەژناندا بتەقێنیتەوە، ئەوە نیشانەی هەبوونی دەسەڵاتی ئەخلاقی نییە، بەڵکو نیشانەی لەدەستدانیەتی.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە فەلەستینییەکان جەخت لەسەر ئەو شتانە بکەنەوە کە دەتوانن بونیادی بنێن، دەسەڵاتی فەلەستینی دەبێت گەشە بە توانای بەرێوەبردن‌و حوکمکردن بدات، ئەمەش لەرێی ئەو دامەزراوانەوە کە خزمەتی خەڵک دەکەن، بەڵێ حەماس لەلایەن هەندێک فەلەستینییەوە پشتگیریی دەکرێت، بەڵام ئەوانیش بەرپرسیارێتیان لەئەستۆدایە کە بریتییە لە گێرانی رۆڵێک لە بەدیهێنانی خەونی فەلەستینییەکان‌و یەکخستنەوەیاندا، پێویستە حەماس کۆتاییەک بۆ ئەم توندوتیژییە دابنێت‌و دان بە رێککەوتننامەکانی پێشوودا بنێت، دان بە مافی ئیسرائیلدا بنێت لە بووندا.

لە هەمانکاتدا ئیسرائیلییەکانیش دەبێت دان بەو راستییەدا بنێن کە وەک چۆن ناکرێت مافی ئیسرائیل لە بوون ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت، هەر ئاواش مافی فەلەستین لە بوون ناکرێت نکۆڵی لێبکرێت، ئەمریکا دان بە شەرعیبوونی کۆمەڵگا جێنشینییە بەردەوامەکاندا نانێت، ئەم بونیادنانانە لەگەڵ رێککەوتننامەکانی پێشوودا دژ دێتەوەو دەبێتە هۆی نوشوستی هەوڵەکانی گەیشتن بە ئاشتیش، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە ئەو کۆمەڵگا جێنشینیانە بوەستن.

هــەروەک ئیسرائیل دەبێت لەئاست بەرپرسیارێتییەکانیدا بێت بەوەی گەرەنتی ئەوە بکات کە فەلەستینییەکان دەتوانن بژین‌و کاربکەن‌و کۆمەڵگاکەیان پێشبخەن، بــاری نالەباری مرۆیی لە کەرتی غەزە هەروەک چۆن دەبێتە هۆی وێرانکردنی ژیانی خێزانە فەلەستینییەکان، بە هەمانشێوە ئاسایش بۆ ئیسرائیل دەستەبەر ناکات، بە هەمانشێوەش بۆ نەبوونی چانسی ژیان لە کەناری خۆرئاوا. گەشەی ژیانی رۆژانەی خەڵکی فەلەستینی دەبێت بەشێک بێت لە رێگای بەرەو ئاشتی‌و ئیسرائیلیش دەبێت هەنگاوی دروست بەو ئاراستەیەدا بنێت.

دواجــار وڵاتــە عەرەبییەکان دەبێت ئەوە بزانن کە دەستپێشخەریی ئاشتی سەرەتایەکی زۆر گرنگ بوو، بەڵام کۆتایی بەرپرسیارێتییەکان نەبوو، نابێت چیدی ململانێی عەرەب- ئیسرائیل بەکاربهێنرێت بۆ دوورخستنەوەی دانیشتووانی وڵاتانی عەرەبی لە کێشەکانی دیکە، بەپێچەوانەوە دەبێت ئەوە هۆکارێکی دیکەبێت بۆئەوەی وڵاتانی عەرەبی یارمەتی فەلەستینییەکان بدەن کە گەشە بەو دامــەزراوانــە بدەن، کە دەوڵەتەکەیان بۆ دەستەبەر دەکەن‌و دان بنێن بە شەرعیەتی ئیسرائیل‌و لەجێی خۆخەریککردن بەو رابردووە وێرانکەرەوە، پێشکەوتن هەڵبژێرن.

ئەمریکا سیاسەتەکانی خۆی هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەدا رێکدەخات کە سیاسەتەکانیان لەسەر بنەمای ئاشتی بونیادناوە، هەر ئەوە دەڵێین کە ئێمە بە نهێنی بە ئیسرائیلی‌و عەرەب‌و فەلەستینییەکانی دەڵێین.

ئێمە ناتوانین ئاشتی بسەپێنین، بەڵام زۆرێک لە مسوڵمانان بە نهێنی ئەوەمان پێدەڵێن کە ناکرێت ئیسرائیل هــەروا لەناوببرێت، بە هەمانشێوەش زۆرێــک لە ئیسرائیلییەکان دان بــەوەدا دەنێن کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی فەلەستینی شتێکی پێویستە، ئیدی ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو لایەک کار بەو ئاراستەیەدا بکەین کە هەموومان پێمانوایە راستە.

فرمێسکی زۆر رژێــنــرا، خوێنی زۆر بــەفــیــرۆدرا، هــەریــەک لــە ئێمە بەرپرسیارێتییەکی هەیە بــۆئــەوەی رۆژێک بەدیبهێنین، کە دایکە ئیسرائیلی‌و فەلەستینییەکان منداڵەکانیان ببینن کە بەبێ ترس گەورە دەبن، ئیدی خاکی پیرۆز دەبێتە ئەو شوێنەی کە هەرسێ باوەڕە گەورەکە تێیدا بە ئاشتی دەژین، هەروەک ئەوەی کە خودا دەیەوێت، ئەوکاتە قودس دەبێتە شوێنێکی ئارام‌و پارێزراو بۆ مسوڵمان‌و مەسیحی‌و جولەکەکان، شوێنێک بۆ هەموو نەوەکانی ئیبراهیم تا هەموو لە ئاشتییەکی بێکۆتادا یەکبگرن، هەروەک چۆن موساو عیساو حەزرەتی محەمەد (د.خ)، پێکەوە دوعایان کرد.

سێیەم هۆکاری ناکۆکی بریتییە لە بــەرژەوەنــدیــی هاوبەشمان لــە مــاف‌و بەرپرسیارێتییەکانی گەلان لە بەرامبەر چەکی ناوەکیدا.

ئەم بابەتە هۆکاری ناکۆکی بووە لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئێران بە بەرەنگاربوونەوەی وڵاتەکەی من ناسراوە، راستییەکەی مێژوویەکی پڕکێشە لەنێوانماندا هەیە، لە ناوەڕاستی جەنگی ســارددا، ویلایەتە یەکگرتووەکان رۆڵی هەبوو لە رووخاندنی حکومەتێکی ئێرانیدا کە بەشێوەیەکی دیموکراتیانە هەڵبژێررا بــوو، لــەدوای شــۆڕشــی ئیسلامییەوە ئێران رۆڵی هەبووە لە چەندین کردەوەی بارمتەگرتن‌و توندوتیژی دژی ئەمریکا، بە سەربازو مەدەنییەوە، ئەم مێژووە زانراوە، لەجێی ئــەوەی لە تەڵەکانی رابــردوودا گیربخۆین، من ئەوەم بەتەواوەتی بۆ خەڵک‌و سەرکردایەتیی ئێران روونکردووەتەوە کە وڵاتەکەی من ئامادەیە بەرەو پێشەوە هەنگاوبنێت، پرسیارەکە لە ئێستادا ئەوە نییە کە ئێران دژی چییە، بەڵکو ئەو داهاتووەیە کە دەیەوێت بونیادی بنێت.

شتێکی زۆر زەحمەت کە چەندین دەیە لە بێمتمانەیی تێبپەڕێنین، بەڵام ئێمە بە جورئەت‌و نیازی چاک‌و بڕیاری ئامادەوە هەنگاو دەنێین، زۆر بابەت هەیە کە دەبێت هەردوو وڵات گفتوگۆی دەربارە بکەن، ئێمەش هیوامان وایە کە بەبێ هیچ مەرجێکی پێشوەخت‌و لەسەر بنەمای رێزی دوولایەنە، هەنگاو بەرەوپێشەوە بنێین، بەڵام ئــەوەی لای هەموو لایەک روونە، ئەوەیە کە کاتێک قسەکە دەگاتە بابەتی چەکی ناوەکی، ئێمە بڕیاری یەکلاکەرەوەی خۆمان داوە، ئەمە تەنیا پەیوەندی بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاوە نییە، بەڵکو بۆ رێگرتنە لە دروستبوونی پێشبڕکێیەکی چەکی ناوەکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە دەکرێت ناوچەکەو هەموو جیهان بەرەو دەرئەنجامی کارەساتبار ببات.

من لەوانە تێدەگەم کە رەخنە لەوەدەگرن کە بۆچی کۆمەڵێک دەوڵەت چەکی ناوەکیان هەیەو کۆمەڵێکی دیکە نیانە، هیچ هێزێک بەتەنیا بۆخۆی مافی ئەوەی نییە کە بڕیاری ئەوە بدات چ نەتەوەیەک چەکی ناوەکی هەبێت‌و کێ نەیبێت، هەر لەبەرئەوەیە کە من بەتوندی جەختم لە ئەرکی ئەمریکا کردەوە بۆ بەدیهێنانی دونیایەک کە چەکی






## «ئەمە هیوایە یان وەهم؟»

# کاردانەوەی وتارەکەی باراک ئۆباما لەمیدیاکاندا

**ئا: عەبدوللا ڕێشاوی**

بەدرێژایی هەفتەی رابردوو وتارەکەی سەرۆکی ئەمریکا باراک ئۆباما لەزانکۆی قاهیرە، بووە مانشێتو جێی لێکۆڵینەوەی میدیای جیهانیو چەندین دیدو کاردانەوەی جیاوازیشی لەسەر ئاستی رەسمییو سیاسیو میللی لێکەوتەوە، بەتایبەت لەجیهانی ئیسلامیدا

لەوتارەکەیدا ئۆباما هەوڵیدا زۆربەی جیاوازییەکان کۆبکاتەوە، تا ئەو جێگایەش سەرکەوتوبوو کە توانی هەموو چینو تایپە جیاوازەکانی جیهانی ئیسلامی هەر لەپیاوی چایخانەکانەوە تا قوتابی زانکۆو چەکدارەکانی غەززەو کشمیر لەبەردەم شاشەی تیڤیەکاندا لەوچەند سەعاتەدا دابنیشێنێت، بەڵام دیدی سیاسیو ئایدۆلۆژی جیاواز کاردانەوەی جیاوازی لەخوێندنەوەو وەرگرتنی وتارەکەدا دروستکرد.

لەکاتێکدا هەندێک لەکاردانەوەکان پێیانوابوو، وتارەکەی ئۆباما هەنگاوێکی جدیو راستگۆیانەی ئەو سەرۆکەو ئیدارەکەیەتی بۆ «سەرەتایەکی نوێ لەگەڵ جیهانی ئیسلامی» وەک رۆژنامەی (رای) ئوردونی، دیدەکەی دیکە پێوابوو: «ئۆباما هیچی نوێی پێشکەش نەکردووە تەنیا وتە نەبێت» وەک بزووتنەوەی حەماسو هێزە رادیکاڵو جیهادیەکانی دیکەی جیهانی ئیسلامی.

کەناڵە ئاسمانییەکان چەند سەعاتێکیان بۆ گواستنەوەی وتارەکە تەرخانکرد لەچەندین بەرنامەشدا شیکارییان بۆکردوو لێیان کۆڵییەوە، کەناڵی دریمی میسریش وتارەکەی شیکردەوەو ئەو پرسیارەی وروژاند «ئەمە هیوایە یان وەهمە؟»

وتارەکەی ئۆباما بەئیمتیاز رووداوی هەفتەی رابردوو بوو، توانی پێش رووداوی فرۆکە فەرەنسیەکەو پێکدادانەکانی حەماسو فەتحیش لەشاری قەلقیلیە بکەوێتو رۆژنامەو تەلەفزیۆنەکانی فەلەستینیش گرنگییەکی تەواویان بەوتارەکەدا ئەگەرچی هاوکاتیش بوو لەگەڵ رووداوی پێکدادانەکەی نێوان حەماسو فەتح لەقەلقیلیە. کەناڵەکانی سەر بەدەسەڵاتەکەی مەحمود عەباس بەگەشبینیەوە لەوتارەکەیان روانیو کەناڵەکانی سەر بەحەماسیش پێیانوابوو: «هیچ نییە جگەلە رتووشکردنی ئەمریکا»

کەناڵی رەسمیی تەلەفزیۆنی فەلەستین کە سەر بەمەحمود عەباسە بەتەواوی وتارەکەی گواستەوەو بەمێژوویی وەسفی کرد، بەڵام تەلەفزیۆنی (ئەقسا)ی سەربەحەماس خۆی لەبڵاوکردنەوەی پاراستو زیاتر گرنگی بەرووداوەکەی قەلقیلیەدا لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو لایەنەی وتارەکە کە بۆ حەماس بەسوود بوون.

هەروەک تەلەفزیۆنی ئەقسا رۆژنامەو ماڵپەرەکانی سەر بەحەماس گرنگییان بەو لایەنانە دا کە پێگەی حەماسی وەک هێزێکی جەماوەریی لەفەلەستیندا دووپات دەکردەوە. «سەرۆکی ئەمریکی جەغتی کردەوە حەماس لەپشتگیرییەک لەلایەن گەلی فەلەستینەوە بەهرەمەندە»

لەقاهیرە رۆژنامەکان بەجیاواز مامەڵەیان لەگەڵ رووداوەکە کرد، رۆژنامە رەسمیەکانی سەر بەدەوڵەت- وەک ئەهرام- زیاتر گرنگیان بەچاوپێکەوتنی سەرۆک حوسنی موبارەک بەئۆباماو گفتوگۆکانی نێوانیاندا وەک بەوتارەکە، ئەگەرچی دەقی لە وتارەکەی گواستەوەو وێنەی سەردانەکانیشی بۆ ئەهرامەکان بڵاوکردەوە.

رۆژنامەی (وەفدی میسری) کە رۆژنامەیەکی ئۆپۆزسیۆنە بەمانشێتی گەورە نووسی: «ئۆباما دڵداری لەگەڵ هەموان دەکات، لەوتارەکەیدا بۆ موسڵمانان» ئەو رۆژنامەیە ئەوەشی بیرنەچوو بەراوردێک لەنێوان حوسنی موبارەکو باراک ئۆبامادا بکات، بۆیە بەوێنەیەکی بەراوردکاری وێنەی سەرکەوتنی هەردوو سەرۆکی بەقادرمەکانی کۆشکی سەرۆکایەتی دا بڵاوکردەوە، بەسەرنجدان لەوپێشوازییە گەرمو پڕ لەسەرسامیو خۆشەویستیەی کە ئامادەبووانی هۆڵی زانکۆی قاهیرە لەئۆبامایانکرد رۆژنامەی وەفد ئەو بەراوردەی لەجێگای خۆیدا بڵاوکردووەتەوە.

رۆژنامەی (شروقی جدید)ی میسری باسی لەگەشتەکانی ئۆباما بۆ کۆشکو مزگەوتەکانی قاهیرەو کاریگەری گەشتەکەی لەسەر ژیانو گوزەرانی ئەو چەند رۆژەی هاوڵاتیان کردووە.

رۆژنامەی دەستووریش، کە رۆژنامەیەکی ئەهلییە تیشکی خستەسەر نهێنی ئامادەنەبوونی سەرۆک حوسنی موبارەک بۆ وتارەکەو رۆژنامەیەکی دیکەی میسریش بەمانشێتێک نووسی: «ئۆبامای چاوەڕوانکراو، بەوتارێکی ئاشتبوونەوە هەموو لایەک رازیدەکات»

رۆژنامەی قدس کە رۆژنامەیەکی فەلەستینیە بەگرنگیو گەشبینیەوە مامەڵەی لەگەڵ وتارەکە کردوو باسی لەپێشوازی فراوانی شەقامی عەرەبیو ئیسلامی کرد بۆ وتارەکەی ئۆباما.

«ئەمریکا دان بەشەرعیەتی (ئۆردوگای جولەکەنشیندا) نانێتو پشتناکاتە فەلەستینیەکان...پێشوازییەکی فەلەستینیو عەرەبی بەرفراوان بۆ وتارە ئاشتەواییەکەی ئۆباما»

ئەوبەشەی وتارەکەی ئۆباما کە تایبەت بوو بەرەخنەکردنی ئۆردوگا جولەکەنشینەکانو چارەسەری (دوو دەوڵەت) لەمیدیای فەلەستنیدا زیاتر گرنگی پێدراو رۆژنامەی ئەلحەیاتی نزیک لەدەسەڵاتی فەلەستینی-مەحمود عەباس- لە لاپەڕەی یەکەمدا نووسیویەتی: «ئۆباما: ئێستا کاتی ئەوەهاتووە ئیدی دروستکردنی ئەم ئۆردوگایانە رابووەستێنرێنو چیدی قبوڵی مەشروعیەتی بەردەوامبوونیان ناکەین» (مەبەست ئۆردوگا جولەکەنشینەکانە).

ئەو رۆژنامە عەرەبیانەی بەگەشبینیەوە تەماشای وتارەکەیانکرد ئەوەشیان لەبیرنەچوو کە «پێویستە ئۆباما وتەکانی بکاتە کردار» وەک رۆژنامەی رای ئوردونی لەسەروتاری خۆیدا ئاماژەی پێکردبوو.

لەئیسرائیلیش وتارەکەی باراک ئۆباما جۆرێک لەناڕەزایەتی خستەوەو نائارامی خستەناو نووسینگەکەی سەرۆک وەزیران نەتەنیاهۆوە، مشتومڕیشی لەسەر دوارۆژی پەیوەندییەکانی ئیسرائیلو ئەمریکا دروستکرد لەتازەترین کاردانەوەشدا حکومەتی ئیسرائیل رایگەیاند: «بەپیشتبەستن بەو رێکەوتنانەی لەسەردەمی بوش دا ئیسرائیلو ئەمریکا ئەنجامیانداوە ئیسرائیل بەردەوام دەبێت لەدروستکردنی ئۆردوگای نوێ»

رۆژنامە ئیسرائیلیەکان لەوتارەکەی ئۆبامادا سەرەتای گۆڕانێکی ستراتیژییان بەدیکرد لەمامەڵەی نێوان وڵاتەکەیانو ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوان وتارەکەیان بەمێژوویی وەسفکرد، بەڵام مێژوویی نەتەنیا بەچەمکە پۆزەتیڤەکەی بەڵکو بەدیوە نەگەتیڤەکەشیدا.

رۆژنامەی (هائاریتز)ی ئیسرائیلی نووسیویەتی: «هەڵگەرانەوەیەکی ستراتیژی لەسیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر ئیسرائیل لەئارادایە، لەکاتێکدا لەسەردەمی سەرۆک بوشدا ئیسرائیل هاوبەشێکی تەواوەتی بوو لەجەنگ دژی تیرۆرداو دەستی ئیسرائیلی لەرووبەڕووبوونەوەی فەلەستینیەکاندا واڵا کردبوو، کەچی ئۆباما تازە دەیەوێت حکومەتی ئیسرائیل بۆ خوێندنی وانەیەکی نوێ بنێرێت»

کاریگەری وتارەکەی ئۆباما گەیشتە پاکستانو نیوەقارەی هیندی، رۆژنامەکانی پاکستان پێشوازیان لەوتارەکە کرد، بەڵام لەوێشدا رەخنەیانکرد کە باسی لەکێشەی کشمیر نەکرد، لەهیندستانیش رۆژنامەی (هیندستان تایمز)یش رۆژنامەیەکی بەربڵاوی هیندستانە لەمانشێتی سەرەکی خۆیدا دەنووسێت: «ئۆباما دەستی بۆ موسڵمانان درێژ دەکات».

لەسەر ئاستی میللی وتارەکە کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی بۆ سەرۆکی نوێ هەبوو، جگەلە فۆرمە سەرنجراکێشەکەی کە لەڕووی پێشکەشکردنەوە تاڕادەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، نزیکەی کاتژمێرێکیش بەردەوام بوو، لەناوەڕۆکیشدا وتارەکە تائاستێکی بەرز هیومانیستیو جیهانیو گشتگیرو ئاشتیخوازانەو هیوابەخش بوو.

لەو کۆمێنتانەی لەماڵپەرە عەرەبیەکاندا خوێنەران لەسەر وتارەکەی ئۆباما نووسیویانە، خوێنەرێکی عەرەب لەغەززەوە بۆ نوسیبوی: «بەڕاستی هەرئەوەندە مابوو ئۆباما وتارەکەی وەک وتاری نوێژی هەینی کۆتایی پێبێنێتو بڵێت: (**أقول قولي هذا وأستغفرالله لي ولكم**) ئێستەش فەرموون بانوێژەکەمان بکەین.

www.mediawe.com

ئەمە گرنگە، چونکە ناکرێت هیچ ستراتیژیەتێکی پێشکەوتن تەنیا لەسەر ئەوە بونیادبنرێت کە لە زەوییەوە هەڵدەقوڵێت، ناشکرێت ئەوە ئەنجامبدرێت ئەگەر خەڵکانی گەنج لە کارەکان وەدووربن، زۆرێک لە وڵاتانی کەنداو بوونەتە خاوەنی دارایی گەورە بەهۆی سوودوەرگرتن لە نەوتەوە، هەندێکیش دەستیانکردووە بە گرنگی پێدان پێی لەئاستێکی فراوانتردا، بەڵام دەبێت هەموومان ئەوە بزانین کە خوێندنو داهێنانکاریی ئەو دراوەن کە لە سەدەی بیستویەکدا دەخۆن، هێشتاش لە زۆر لە کۆمەڵگا مسوڵمانەکاندا لەم بوارەدا وەبەرهێنانی پێویست ئەنجام نەدراوە، من هانی ئەمجۆرە وەبەرهێنانە دەدەم لەنێو وڵاتەکەی خۆمدا، لەکاتێکدا کە ئەمریکا لە رابردوودا زیاتر جەختی لەسەر نەوتو گاز کردووەتەوە لەم بەشەی جیهاندا، ئێمە ئێستا داوای هاریکاریی‌و پێکەوەبوونێکی فراوانتر دەکەین.

لەبواری پەروەردەو فێرکردندا، بەرنامەکانی گۆڕینەوەی قوتابیان زیاتر دەکەینو خوێندنی بەخۆڕایی زیاتر دەکەین، هەروەک ئەوەی کە باوکی منی هێنایە ئەمریکا، لە هەمانکاتیشدا هانی ئەمریکییەکان دەدەین کە بچنو لە وڵاتە مسوڵمانەکاندا بخوێنن، هەروەها هەلی راهێنان بۆ خوێندکارە مسوڵمانە لێهاتووەکان دەستەبەر دەکەینو هەلی فێربوونی راستەوخۆ لەرێی ئینتەرنێتەوە بۆ مامۆستاو منداڵانی سەرتاسەری جیهان زیاتر دەکەین، تۆڕێکی نوێی راستەوخۆ دروستدەکەین، تا ئەوەی کە گەنجێک لە کانساس بتوانێت راستەوخۆ قسە لەگەڵ گەنجێکی قاهیرەدا بکات.

لەبواری پێشخستنی ئابووریشدا، هەڵدەستین بە دروستکردنی تۆڕێکی نوێ لە بازرگانیی خۆبەخشانە بۆ هاوکاریکردنی وڵاتانی زۆرینە مسوڵمان، هەروەها ئەمساڵ میوانداریی لوتکەیەک دەکەم دەربارەی بازرگانیی ئازادو چۆنێتی بەهێزکردنو قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لەنێوان سەرکردەو دەزگا بازرگانییەکانی ئەمریکاو کۆمەڵگا مسوڵمانەکان لە سەرتاسەری دونیادا.

لەبواری زانستو تەکنەلۆژیادا، بودجەیەکی نوێ تەرخان دەکەین بۆ پشتگیریکردنی پێشکەوتنی ئابووری لە وڵاتانی زۆرینە مسوڵماندا، هەروەها یارمەتیدانیان بۆ گواستنەوەی بیرۆکەکانیان بۆ سەر ئەرزی واقیعو بازاڕ، هەتا هەلی کاری نوێیان بۆ دابین بکات. ئێمە سەنتەری زانستی لە ئەفریقاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا دروستدەکەین، نێردەی زانستی نوێ دیاریدەکەین کە هاوکاریی ئەو بەرنامانە دەکەن کە گەشە بە سەرچاوەی نوێی وزەو ئیشی بێ زیان بۆ ژینگە دەدەنو ئاو پاکدەکەنەوەو کێڵگەی نوێ دروستدەکەن، ئەمڕۆش من بە هاوکاریی رێکخراوی کۆنفرانسی ئیسلامی، هەوڵێکی جیهانی نوێ رادەگەیەنم بۆ کۆتاییهێنان بە ئیفلیجی منداڵان، هەروەها هاوبەشی‌و هاریکارییەکانمان لەگەڵ جڤاتە مسوڵمانەکاندا فراوانتر دەکەین بۆ گەشەدان بە تەندروستی منداڵو دایک.

هەموو ئەم شتانە دەبێت بە هاوبەشی‌و هاوکاریی ئەنجامبدرێن،ئەمریکییەکان ئامادەن کە لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجی ژیانێکی باشتردا لەگەڵ هاوڵاتییانو حکومەتو دەزگاکانی جڤاتی‌و سەرکردە ئایینییەکانو بازرگانانی کۆمەڵگا مسوڵمانەکاندا، بە هەرەوەزیی کاربکەن.

ئەو بابەتانەی باسمکردن، ئاسان نییە کە بەتەواوی دیارییبکرێن، بەڵام ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لەپێناوی ئەو جیهانەدا کە خەونی پێوەدەبینین، یەکبگرین، جیهانێک کە تێیدا چیدی توندڕەوەکان هەڕەشە لە خەڵکمان ناکەنو هێزە ئەمریکییەکان گەڕاونەتەوە نیشتمان، جیهانێک کە ئیسرائیلو فەلەستینییەکان هەریەکەیان بە ئارامی لە دەوڵەتی خۆیدایەتی‌و وزەی ناوەکی بۆ مەبەستی ئاشتیانە بەکاردەهێنرێت، جیهانێک کە تێیدا حکومەتەکان خزمەتکاری هاوڵاتییانیانو مافی هەموو منداڵەکانی خودا رێزی لێگیراوە، ئەمانە هەمووی بەرژەوەندیی دوولایەنەن، ئەمە ئەو جیهانەیە کە دەمانەوێت، بەڵام تەنیا پێکەوە دەتوانین بەدیبهێنین.

دەزانم کە زۆرێک هەن (مسوڵمانو نامسوڵمان)، کە دەپرسن ئاخۆ ئێمە دەتوانین ئەم سەرەتا نوێیە دەستپێبکەین؟ هەندێک شەیدای ئەوەن کە ئاگری دووبەرەکی‌و جیاوازیی دابگیرسێننو ببنە لەمپەر لەسەر رێی پێشکەوتندا، هەندێکی دیکە پێیانوایە کە ئەوە پێویستی بەم هەوڵانە نییە، چونکە رێکنەکەوتنو ناکۆکی قەدەرمانە، هەندێکی دیکەش زۆر بە سادەیی رەشبینن لەوەی کە گۆڕانێکی راستەقینە رووبدات. بەڵێ ترسێکی زۆر هەیە، بێمتمانەییەکی زۆر هەیە، بەڵام ئەگەر ئێمە پابەندبوونو خۆبەستنەوە بە رابردووەوە هەڵبژێرین، هەرگیز بەرەوپێشەوە ناڕۆین، من دەمەوێت بەتایبەتی ئەمە بە گەنجانی هەموو دینو باوەڕەکان بڵێم لە هەموو وڵاتێکدا، ئێوە زیاد لە هەرکەسێکی دیکە، با توانای دروستکردنەوەی ئەم جیهانەتان هەبێت.

هەموومان بۆ ماوەیەکی کەم لە تەمەن لەم دونیایەدا دەبین، پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئێمە کاتی خۆمان بەوشتانەوە بە خەرج دەدەین کە لێکمان دووردەخەنەوە، یاخود تەواوی هەوڵو جوهدمان دەخەینە گەڕ بۆ دروستکردنی زەمینەی هاوبەشو جەخت دەکەینەوە لەسەر ئەو داهاتووەی کە دەمانەوێت بۆ منداڵەکانمانی دروستبکەینو رێز لە شکۆی هەمووی مرۆڤێک دەگرین؟

دەستپێکردنی شەڕ لە کۆتایی پێهێنانی ئاسانترە، تاوانبارکردنی ئەوانی دی لە پێداچوونەوە بە خود ئاسانترە، دۆزینەوەی جیاوازییەکان لە کەشفکردنی خاڵە هاوبەشەکان ئاسانترە، بەڵام ئێمە دەبێت رێگا راستەکە هەڵبژێرین، نەک رێگا ئاسانەکە. یاسایەکیش هەیە کە هەموو ئایینێک لە هەناویدا ئەم یاسایەی هەڵگرتووە (ئەوەی بۆ خۆمان پێمانخۆشە، بۆ ئەوانی دیکەیش پێمانخۆشبێت)، ئەم راستییە شکۆو بەهای مرۆڤو نەتەوەکان بەرزدەکاتەوە، باوەڕێکە کە تازە نییەو رەش یان سپی یاخود قاوەیی نییە، مەسیحی، مسوڵمان یان جو نییە، ئەمە ئەو راستییەیە کە بێشکەی شارستانیەتی راژەنیوەو هێشتاش لە دڵی ملیاراندا لێدەدات، ئەوە باوەڕە بە کەسانی دی، هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ منی هێناوەتە ئێرە.


ئێمە هێزی دروستکردنی ئەو جیهانەمان هەیە کە دەمانەوێت، بەڵام ئەمە تەنیا ئەوکاتە روودەدات کە جورئەتی دەستپێکردنی سەرەتایەکی نوێمان هەبێت، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە نووسراوە.

قورئانی پیرۆز پێماندەڵێت: «ئەی خەڵکینە! ئێمە ئێوەمان لە نێرو لە مێ، لە نەتەوەو هۆزی جیاواز دروستکردووە هەتا یەکتری بناسن».

تەلمود پێماندەڵێت: «هەموو ئامانجی تەورات بریتییە لە گەشەدان بە ئاشتی».

ئینجیلی پیرۆز پێماندەڵێت: «درود بۆ ئاشتیخوازان، چونکە ئەوانە بە کوڕانی خوا ناوزەد دەکرێن».

خەڵکی جیهان دەتوانن پێکەوە بەشێوازێکی ئاشتیانە بژین، ئێمە دەزانین ئەوە ویستی خودایە، بەڵام ئیدی ئێستا ئەوە کاری ئێمەیە لەسەر زەوی، سوپاستان دەکەمو درودو ئاشتی خوداتان لەسەربێت.



# ئۆباما، جیهانی ئیسلامی کۆکردەوە


سوریا



میسر


غەزە


سۆماڵ


هندستان


مەغریب


تورکیا


پاکستان

www.netewe.com

سەرپەرشتیار: هێمن لهۆنی    هاوکار: نامۆ عەبدوڵڵا
بۆ پەیوەندی : ٠٧٧٠١٩٩٢٨٢٤